# دلی بای و ئاهو

دوو شانۆنامە



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

عەباس مەعرووفی

# دلی بای و ئاهو

دوو شانۆنامە

وەرگێڕانی لە فارسییەوە:

دلاوەر قەرەداغی



سەرپەرشتیاری زنجیرەی شانۆی جیهانی

**دانا ڕەئووف**

ناوی کتێب: دلی بای و ئاهو – شانۆنامە
نووسینی: عەباس مەعرووفی
وەرگێڕانی لە فارسییەوە: دلاوەر قەرەداغی
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٨٦٦
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
بەرگ: مریەم موتەقییان
چاپی یەکەم، ٢٠٠٩
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ٦٢٠ی ساڵی ٢٠٠٩ی دراوەتێ

## ناساندنێک

وا خەریکە زنجیرەی شانۆی جیهانی سێ ساڵی تەمەنی تەواو دەکات و بەم تەمەنە کورتە توانیویەتی زنجیرەیەک لە شانۆی کلاسیکی و هاوچەرخ و مۆدێرنی جیهانی و لە زمانی یەکەمەوە پێشکەش بکات.

ئینگلیزی، فەرەنسی، سوێدی، نەرویژی، ئەڵمانی و تەنانەت دانیمارکیش زمانە بنچینەیی و ڕاستەوخۆکانی ئەم سێ ساڵەی تەمەنی زنجیرەکە بوون. بەڵام گەر ئاورێکی خێرا بەسەر شانۆ و شانۆنامەکانی وڵاتە دراوسێکانیشماندا بدەینەوە، چەندین شاکاری چاک و بێ وێنە دەبینین. چەند شانۆنامەی بەرز بە عەرەبی، تورکی و فارسی نووسراون و هەندێ جار شێوازی نووسین و تەکنیکی ئەو شانۆنامانە ڕێگەیەکی تریان گرتووە و ئەزموونێکی تر و وانەیەکی تر دەبەخشنە بزووتنەوەی شانۆی جیهانی.

ئێمەش دەمانەوێت ئەزموونی زنجیرەکە و شانۆی کوردیش بە هەموو ڕەنگەکان، شێوازەکان و بابەتە جۆراوجۆرەکان دەوڵەمەند بکەین و بەمەش پەنجەرەیەکی والاتر بەڕووی بزووتنەوەی شانۆی کوردی و هونەری وەرگێڕان و نووسینی شانۆنامەدا بکەینەوە.

هەوڵەکانمان سەرەتایین بەڵام بە باوەڕێکی پتەوەوە برەو بەو ئەرکە سەخت و گرانەمان دەدەین. چەندین هەناسەی دۆست لە وڵاتە عەرەبییەکان، ئێران و تورکیاوە، هەروەک قەڵەمە ئەورووپی و ئەفریقییەکان گوزارشتیان لە خەون و ئازارەکانی مرۆڤ بەبێ



جیاوازی و لەهەر شوێنێکی ئەم گەردوونەدا بێت، کردووە. ئەو شانۆنامانە نەک هەر تەنیا بە ناوەڕۆک و تەکنیک و شێوازەکانیان دەوڵەمەندن، بەڵکو بۆن و بەرامەیەکی تایبەتیشیان هەیە کە زۆر جار ساتەوەختەکانی خۆمانمان دێننەوە یاد. ساڵی ڕابردوو شانۆنامەیەکی (عەبدولکەریم بەرشید) مان لە یەکێک لە ژمارەکاندا پێشکێش کردن و لەم ژمارەیەشدا دوو شانۆنامەی فارسی، بە دوو ستایل و شێوازی جیاوازەوە بڵاودەکەینەوە.

هەرچەندە هەر دوو شانۆنامەکە یەک نووسەر نووسیونی، بەڵام جیاوازییەکی تەواوەتی لەڕووی ناوەڕۆک و شێوازی نووسین و ئەتمۆسفێری ڕووداو و بونیادی کارەکتەرەکاندا لەخۆ دەگرێت.

شانۆنامەکان ئەگێندایەکی سیاسی لەخۆ دەگرێت بەبێ ئەوەی لە دەروازەیەکی پڕوپاگەندە و کلێشەکارییەکانی دنیای سیاسەتدا گیری خواردبێت. پەیامە سیاسییەکەی ئەم شانۆنامانە لە زەمینەیەکی ژیانی ڕۆژانە و ساتەوەختە هەنووکەیی و چارەنووسسازەکانەوە سەرچاوەی گرتووە و دوورە لە دروشم و دروشمکاری و مەسەلە ئایدۆلۆژییەکانەوە. واتە چەندە شانۆنامەکان سیاسین، هێندەش مەودایەکی فراوانی مرۆڤایەتی لەسەر ئاستێکی قووڵ لەخۆدەگرن. ئەمە جگە لەوەی نەفەسێکی شانۆیی و بە شانۆکردنێکی ڕووداوەکان و شیعرییەتی فەزای شانۆ، یەکەیەکی گرینگی سترکتوری ئەم دوو شانۆنامەیەن. وێنە شانۆییەکان، کارەکتەر و دیمەنەکان، دراماتۆرگی گێڕانەوە و هێڵی گشتی ڕووداوەکان پابەندی ڕێسا تەقلیدییەکان نین و لە مەودایەکی شانۆیی و هونەری شانۆدا گەشە دەکەن.

دانا ڕەووف – ستۆکهۆڵم

# پێشەکییەک

## ژیان؛ دووبارەکردنەوەی ئەزموونە هەڵەکانە

عەباس مەعروفی یەکێک لەجیدیترین و ناودارترین نووسەرانی دنیای ئەمڕۆی ئەدەبیات و فەرهەنگی ئێرانییە، نووسەرەکانی خۆیان لایان وایە ئەگەر مەعروفی راونەنرایەو بەزۆر ناچاری بەجێهێشتنی ئێران نەکرابا، ئێستا جێگای بەتاڵی هۆشەنگی گوڵشیری دەگرتەوە. دیارە مەعروفی لە تاراوگەش دەستبەتاڵ دانەنیشتووە و ئەوەتا بەردەوام کاروانی پڕ داهێنانی خۆی بۆ پێشەوە دەئاژوێ.

جێی خۆشحاڵییە کە لە چوار رۆمانی ئەم نووسەرە، دووانیان کراونەتە کوردی و دانەیەکی دیکەشیان لەژێر دەستی بەندەدایەو لەو نزیکانەدا دەیگەیەنینە چاپ و بەرچاوی خـــــــوێنەر. بەڵام شانۆگەرییەکانی، کە سەرەکیترین و یەکەمین کارەکانی دەستپێکی مەعروفی– ن، یەکەمجارە بەو کوردییە پاراوەی کاک دلاوەر قەرەداغی دەکەوێتە پێش چاوی خوێنەر، هەنوکە خوێنەری کوردی خۆشبەختە کە دوو لەسەر سێی کارەکانی ئەم نووسەرە هاوچەرخەی ئەدەبیاتی فارسی بەکوردی دەخوێنێتەوە.

عەباس مەعروفی لە ساڵی ١٩٥٧ لە تاران لەدایک بووەو بەشی درامای لە زانستگەی هونەرە جوانەکانی هەمان شاردا تەواو کردووەو یەکەمین کۆمەڵە چیرۆکی خۆی لە ساڵی ١٩٨٠دا بڵاوکردووتەوە. مەعروفی لە ساڵی١٩٩٠دا گۆڤاری (گەردوون) دەردەکات و بە



شێوەیەکی راستەوخۆ رووبەڕووی رۆژنامەگەریی ئەدەبی، دواتریش هەر بەهۆی جیابیریی و شێوازی کارکردنیەوە گۆڤاری (گەردوون) دادەخرێت و ناچار دەکرێت ئێران بەجێبهێڵێت. نووسەر لە تاراوگە لە وڵاتی ئەڵمانیا دەگیرسێتەوە و بۆ ماوەیەک لە خانەی (هاینریش بێڵ)دا کاردەکات، دوای ماوەیەک لەکاری قورس و دژوار (ماڵی هونەرو ئەدەبیاتی هیدایەت) لە بەرلین بونیاد دەنێت و ئێستاش هەر لەوێ دەژی و لەپاڵ رۆمان و چیرۆک نووسیندا ماڵپەڕێکی ئەدەبیی تایبەت بەخۆشی بەڕێوە دەبات، کە دیسان بە پڕ هەژمارترین سەردانکەر دەژمێررێت لە جیهانی ئەلکترۆنی نووسەرە ئێرانییەکاندا.

خوێنەری خۆشەویست.. ئەوەی لەبەردەستتدایە وەرگێڕانی دوو لەو شانۆگەریانەیە کە لەکتێبێکدا و بەناونیشانی (آونگ خاطره های ما) بڵاوکراوەتەوە، نووسەر خۆی لەسەر بەرگی کتێبەکە نووسیوێتی کە ساڵانێکە ئەم شانۆگەرییانە بۆ چاپ ئامادەن، بەڵام مۆڵەتیان نادرێتێ، بەو شێوەیە خودی شانۆگەری (بەندۆڵی یادەوەرییەکانی ئێمە) پاش چواردە ساڵ لە نووسینی، ئینجا رووناکی چاپ دەبینێ!

ئەم شانۆگەرییە تێکستی مۆدێرنی قووڵە لە فۆرمێکی سادەدا، بە کەمترین جووڵەو زۆرترین دیالۆگ، قسە لەسەر یەکێک لە تەمومژاویترین چەمکە فەلسەفییەکان دەکات کە (زەمەن)ە. مەعروفی لە دوو کاراکتەری سەعاتچی و دزێکدا کە سەرەتا وەک مامۆستای فەلسەفە خۆی دەناسێنێت، ئاژاوەکانی ئەودەمی ناوخۆی ئێران و تارمایی و سێبەری قورسی جەنگ دەخاتە بەر رۆشنایی سەرنج و لێوردبوونەوە و هەموو ئەمانەش لەبازنەی زەمەن و نەبووندا یاری پێدەکات.

هەرچی شانۆیی دووەمیشە، گێڕانەوەیەکی کرۆنۆلۆژیانەی رووداوی کوشتنێکە لە ئاهەنگێکی نێو خێڵێکی تورکومانیدا. ئەم کارە ئەو بەخشندەیی و سادەدڵییەی مرۆڤی جاران و هاوکاتیش وێنەی ئەو دیوە دڕندەیەی مرۆڤ دەکێشێت کە لەناو هەمووماندا هەڵکوڕماوەو لە دەروازەیەک دەگەڕێت، دەرچێت و بتەقێتەوە. ئەگەرچی خودی عەباس مەعروفی تورکومان نییە، بەڵام ژیانی ئەو لە شاری (ئەردەبیل)و نیزیکایەتی لەگەڵ نەتەوەی تورکوماندا هێندە خزمەتی بەنووسینی ئەم شانۆگەرییە کردووە، کە خوێنەر ناتوانێت لەو مەراسیم و ئاهەنگە تورکومانییە چێژ وەرنەگرێت و ئەو خەرمانەیە لەجوانی نەبینێت کە بەسەر روخساری (ئاهو)ی بوکەخانی تورکومانیدا گزنگ دەدات، هەڵبەت ئەوە یەکەم جار نییە کاریگەربوون بە نەتەوە و زمان و کولتووری تورکومانی بێتە نێو کارەکانی ئەم نووسەرەوە و دواتریش لە رۆمانەکانی سەمفۆنیای مردووەکان و پەیکەری فەرهاد دا سەر هەڵدەدەنەوە.

دواجار ئەم پێشەکییە نایەوێت تامی خوێندنەوەی ئەم کارە جوان و پڕ بەهایەتان لێ بستێنێتەوە، بۆیە لەگەڵ دەستخۆشیم بۆ کاک دلاوەر قەرەداغی شاعیر، فەرموون یەکەم لاپەڕەی ئەم کتێبە هەڵبدەنەوە.

توانا ئەمین

سلێمانی

شانۆنامەی

# بەندۆڵی یادەوەرییەکانی ئێمە

شانۆنامەی "بەندۆڵی یادەوەرییەکانی ئێمە" سالآنێک لەمەوبەر لە ئێران ئامادەی چاپ بوو بەڵام ڕێگەی پێ نەدرا. لە ساڵی ١٩٩٥ یشدا بڕیاربوو دەرهێنەری بەتوانای شانۆ، حسەینی عاتیفی بیخاتە سەر شانۆ، دوای چوار مانگ پرۆڤە لەگەڵ جەمال ئیجلالی، ئەوەش هەر نەکرا. یەکەم جار ناوی ئەسڵی کارەکە.... وە خودا گای دروست کرد، بە ناچاری گۆڕدرا و پاشان نمایشکردنیشی قەدەغە کرا.

سالآن هاتن و چوون و هەمووان ئەزموونی ئەم بەزم و ڕەزمانەمان کرد کە گێڕانەوەیان دووردرێژە. دەی با لەمە گەڕێین.

ئەم شانۆنامەیە بە ئازیزم عەباس میلانی پێشکەش بێت.

عەباس مەعروفی

**کارەکتەرەکان:**

سەعاتچی:

پیاو:



**دیمەن: دوکانی سەعاتچییەک**

ژمارەیەک کاتژمێری جۆراوجۆر بە دیوارەکانەوە هەڵواسراون، کاتژمێرێکی بەندۆڵدار بە دیواری لای دەستە چەپەوە کە لەنێو کاتژمێرەکانی تردا ڕەونەقێکی زیاتری هەیە.

جامخانەی لای دەستە ڕاست پڕە لە کاتژمێر و دەرگای هاتنەژوورەوە لەپاڵ جامخانەکەدایە.

دەنگی خۆپیشاندان لە جاددەوە دێت، دەنگی توندی ژمارەیەک خەڵک کە دروشم دەڵێنەوە و تێدەپەڕن: جار ناجار دەنگی سازێکی هەوایی (وەک نای و شەیپوور– و. کوردی) دەگاتە گوێ.

سەعاتچی کە لەسەر چوارپاکەی ڕووەو جاددە دانیشتووە، لە تەماشای خۆپیشاندەراندا نوقووم بووە، هاوکات لەگەڵ ڕیتمی ئەواندا پێ بە ئەرزدا دەکوتێ.

لەم کاتەدا پیاوێکی پۆشتەوپەرداخ و شیک و جانتا بەدەست دێتە دوکانەکەوە، خۆی لەپاڵ دیوارەکەدا پەنا دەدا، ئارام دەگرێ تا خۆپیشاندەران دوور دەکەونەوە. ئەوکات سوورێک بە دوکانەکەدا لێدەدا، تەماشای سەعاتچی دەکات، سەرنجی ڕیتمی پێ کوتانەکەی دەدا، جانتاکەی لەسەر ئەرزەکە دادەنێت. پاشان لەبەردەم مێزی دوکانەکەدا ڕادەوەستێ.

**پیاوەکە:** بەڕێز!

**سەعاتچی:** (کوتوپڕ بەخۆیدا دێتەوە، هەڵدەستێ) فەرموون. (هێشتا خەیاڵی لە دەرەوەیە) کارێکتان هەبوو؟

**پیاوەکە:** منتان بیر نایەتەوە؟

**سەعاتچی:** ئێوە..؟ شتێ.... (بە سەرسوڕمانەوە لێی ورد دەبێتەوە) ڕەنگە... بەڵام نەء، من هەرگیز ئێوەم بیر نایەتەوە.

**پیاوەکە:** چۆن نامناسنەوە؟

**سەعاتچی:** ئاخر دەموچاوەکان لە یادی مرۆڤ دەچنەوە.

**پیاوەکە:** من جاروبار بە بەردەم دوکانەکەی ئێوەدا تێدەپەڕم.

**سەعاتچی:** (پێدەکەنێ) سەیرە!؟ (ئاماژە بۆ شۆستەکە دەکات) بێرەدا تێدەپەڕن؟

**پیاوەکە:** بەڵێ، ئێوەش دەبینم کە خەریکی چاککردنەوەی کاتژمێرن و لەم چەرخی دندانەدارەدا بە دوای پارووە نانێکدا دەگەڕێن. تەنانەت سەرێک بەرز ناکەنەوە تا بەندەی لات ببینن.

**سەعاتچی:** خەڵکی ئەم ناوەیت؟

**پیاوەکە:** لەم جاددەیەدا دەژیم... لەو دوورە.

**سەعاتچی:** بەڵام من تا ئێستا ئێوەم نەبینیوە.

**پیاوەکە:** قوربان چاوی گەورەپیاوان کزە. خۆ ئەگەر لە بنی پێڵاوەکانتان بنۆڕن ئەوا دەمبینن.

**سەعاتچی:** نا ببوورە. دەتوانم بپرسم ئێوە کێن؟

**پیاوەکە:** من؟ (بێدەنگی و بە زەردەخەنەیەکی میهرەبانانە) من منم.



**سەعاتچی:** (بە پێکەنینەوە) ئاخر هەندێک کەس خۆیان نین.

**پیاوەکە:** ئەی کێن؟

**سەعاتچی:** خۆشیان نازانن کێن. دەزانیت بۆ؟ چونکە پێیانوایە خۆیانن. بەڵام کاتێ جوان بیردەکەنەوە دەبینن هەڵە بوون. دەی ئێستا ئێوە کێن؟

**پیاوەکە:** قوربان چیتان عەرزکەم، چەند ساڵ لەمەوبەر کە هەتاو بوو ، هەروا بە ئەسپایی شنە بایەک هەڵی کردبوو، چەند پەڵە هەورێکیش بە ئاسمانەوە بوو، ئێوە کاتژمێرەکەی منتان چاک کردەوە. بیرتانە؟ کاتژمێرێکی چوارچێوە زیو، سویسری، بیستوچوار بەرد، بیرتان نییە؟

**سەعاتچی:** (لە فیکرەوە دەچێ) ڕەنگە... بەڵام من بیرم باش نییە. دەزانن بۆ؟ چونکە من سەدان هەزار کاتژمێری نوستووم خستوونەتەوە ئیش، هەزاران کەس بۆ ئێرە هاتوون و ڕۆیشتوون، دەی باشە خۆ هەموو ئەو شتانە لە یادی مرۆڤدا نامێنن.

**پیاوەکە:** (سوورێکی خێرا بە دوکانەکەدا لێدەدا، پەنجەی ئاماژەی بەرەوڕووی سەعاتچی ڕادەگرێت) سەعات چەند بوو؟ ئێوە بیرتانە سەعات چەند بوو؟

**سەعاتچی:** من ڕۆژەکەیم لەبیر نییە.. ئینجا وەرە سەعاتەکەی...

**پیاوەکە:** ساڵەها هاودەم و هاوڕێی من بوو (بە ئاوازێکی خەمین) تا لە شەڕ و پێکدادانێکی هاوڕێیانەدا تیاچوو. ئای چەند خۆش دەویست! چەند جوان بوو!

**سەعاتچی:** کێ؟

**پیاوەکە:** عەرزی جەنابتانی دەکەم کاتژمێرەکەم (سەر دەلەقێنێ، جانتاکەی لەسەر ئەرزەکە دادەنێ) لەژێر دەست و پێدا وردوخاش بوو. شووشەکەی شکا، میلەکانی بزر بوو، بەڵام هێشتا هەر ئیشی دەکرد. ماوەیەک پێمبوو. عەیبەکەی ئەوە بوو کە مرۆڤ نەیدەزانی سەعات چەندە.

**سەعاتچی:** چ سەعاتێک بوو؟

**پیاوەکە:** وا بزانم لای نیوەڕۆ بوو.

**سەعاتچی:** مەبەستم ئەوەیە سەعاتی گیرفان بوو یان دەست... یاخود...

**پیاوەکە:** هەڵبەتە سەعاتێکی زنجیرداری گیرفان بوو. لێرەدا دامدەنا.

**سەعاتچی:** ئێستا پێتە؟

**پیاوەکە:** نا، پێم نییە.

**سەعاتچی:** گەر پێت بوایە ئەوا وا چاکم دەکردەوە دەمکردەوە بە کاتژمێرێکی نفتونۆ.

**پیاوەکە:** ئەو زەحمەتە دەهێنێت؟ جارێک بیرم کردەوە کە پارچەکانی کۆکەمەوە و بیهێنم بۆ ئێوە چاکی بکەنەوە، پاشان بیرم کردەوە لەپای چی؟ تەماشام کرد ئەوە ناهێنێت.

**سەعاتچی:** یادگار بوو؟

**پیاوەکە:** بەڵێ، یادگارێکی بەنرخیش بوو. زۆر جێگا گەڕام تا بەڵکو هاوشێوەکەی پەیدا بکەم، بەڵام ئیدی کۆڵم دا.

**سەعاتچی:** حەیف!



**پیاوەکە:** یادگاری باپیرەم بوو. چەند خۆشم دەویست، چەندێک شەوانە بیرم لێ دەکردەوە، دەزانن؟ هێشتا شەوانە خەونی پێوە دەبینم (لە فیکرەوە دەچێ) سەیرە! ساڵانێکی زۆر تێپەڕیوە و من هێشتا هەر جار جارێ...

**سەعاتچی:** ناو ئەم جامخانەیە تەماشا بکە بەڵکو یەکێکی وەک ئەوەم هەبێ.

**پیاوەکە:** (بەخۆیدا دێتەوە و تەماشای جامخانەکە دەکات) یەکێکی وەک باپیرەم؟ (قاقا پێدەکەنێ) لەناو جامخانەکەدا؟ (هەمدیس قاقا پێدەکەنێ) چەند سەرنجڕاکێش دەبوو ئەگەر بکرایە باپیرەکان لە جامخانەیەکدا دۆزرابانەوە!

**سەعاتچی:** (شەرمەزار) ببوورە. وامزانی کاتژمێرەکە دەڵێن. دەزانن بۆ؟ چونکە باپیرەکان هەندێ جار لە کاتژمێری زۆر کۆن دەچن. بێدەنگ، ورد، ناسک، گەر پیایاندا ڕانەگەیت دەنوون. هەندێکیان ڕەنگە هەرگیز بە خەبەر نەیەنەوە.

**پیاوەکە:** ئەو کاتژمێرە ئاڵتوونە؟

**سەعاتچی:** بەڵێ ئاڵتوونە، سویسریشە.

**پیاوەکە:** (هەروا لە کاتژمێرەکانی ناو جامخانەکە ڕاماوە) هەندێکیان جۆرێکن کە ناکرێ مرۆڤ بە شێوەی دەرەوەیاندا حوکمیان بەسەردا بدات. ناسک، بێدەنگ، ڕەسەن، جۆرێک کە دەکرێ لەبارەیانەوە بگوترێ: شەرەفی مەکان بە خاوەن مەکانەتەوەیە.

**سەعاتچی:** وەک باپیرەی من.

**پیاوەکە:** (بە سەرسوڕمانەوە) باپیرەی ئێوە؟

**سەعاتچی:** بەڵێ، لە خانەوادەیەکی نەجیبزادە بوو کە تا دوایین لەحزە...

**پیاوەکە:** ئێوە خەریکن گێژم دەکەن. من دەمویست شت لەبارەی ئەم کاتژمێرانەوە بزانم کەچی وا خەریکە لەنێوان باپیرەکان و کاتژمێرەکاندا هاوسەنگیم تێکدەچێ. وەک ئەوە...(ئاماژە بۆ کاتژمێرە بەندۆڵدارەکە دەکات)

**سەعاتچی:** (ڕادەچڵەکێ و سەرنجی کاتژمێرەکانی ناو جامخانەکە دەدا) وامزانی لەبارەی باپیرەکانەوە دەدوێین. بمبوورن.

**پیاوەکە:** (دەگەڕێتەوە بۆ لای کاتژمێرەکانی ناو جامخانەکە) تکا دەکەم. بنۆڕن، وردترین کاتژمێر لەمانە کامەیانە کە کەمترین پیاڕاگەیشتنی بوێت؟

**سەعاتچی:** من جۆرەها کاتژمێری ئەنتیکەم هەیە. نزیکەی کۆکراوەیەکی تەواو لە کاتژمێری کۆن و بەنرخ. بۆ نموونە ئەمە...

**پیاوەکە:** نا، نا.

**سەعاتچی:** ئەی ئەمەیان چۆنە؟ یان ئەمە....

**پیاوەکە:** نا، لەڕستیدا، نا.

**سەعاتچی:** (کاتژمێرێکی بەرباخەڵی زنجیردار دەردەهێنێت) ئەوەی کە تیاچوو لەمە نەدەچوو؟

**پیاوەکە:** نا، هەرگیز. چۆن یادتان نییە؟ زنجیرەکەی زیو بوو، بە ئەڵقەی درشتەوە. چوارچێوەیەکی زیوی هەبوو کە نەخشی بەرجەستە لەسەر ڕووکاری دەرەوەی هەڵکۆڵرابوو. چەند



ئەسپ، چەند سوارەی نێزە بەدەست، (بە دەستەکانی حاڵەتەکە ڕاڤە دەکا) گۆڕەپانی یەک نەبەردی گەورە بوو، ئەو هەموو سەربازە، ئەو هەموو دوکەڵی بارووتە، ئەو گالیسکانە، ئەو هەموو لاشەیە....

**سەعاتچی:** (کاتژمێرێکی تر دەردەهێنێت) لەمە نەدەچوو؟

**پیاوەکە:** (ورد تەماشا دەکا) ڕووکار و میلەکانی لەو دەچوو، بەڵام نەخشی چوارچێوەکەی ئەمە نییە. گۆڕەپانی جەنگێکی گەورە بوو. جەنگێکی ڕاستەقینە کە خوێنی کوژراوەکان بە تایەی گالیسکەکاندا پژابوو.

**سەعاتچی:** سەیرە! (لە قسەکانی پیاوەکەدا ڕۆچووە) سەیرە!

**پیاوەکە:** بەڵی، ژمارەیەکیان هاواریان دەکرد و شتێکیان دەگوت کە مرۆڤ لێیان حاڵی نەدەبوو. ژمارەیەکیان خەریک بوو ڕایان دەکرد و لەنێو لاشەی کوژراوەکاندا تیامابوون. کەس بە هاواری کەسدا ڕانەدەگەیشت. دوکەڵ هەموو شوێنێکی تەنیبوو، خوێنی کوژراوەکان بە تایەی گالیسکەکانەوە پژابوو. سەرباز و ئەفسەرەکانی تابووری چوار لە عەزیمەتدا بوون، ئاگاتان لێیە؟

**سەعاتچی:** هەزیمەت؟

**پیاوەکە:** جیاوازی نییە. ئاگاتان لێیە؟

**سەعاتچی:** بەڵێ، ئاگام لێتانە.

**پیاوەکە:** چ نەزمێک، چ وردبینییەک! (چاو بە هەموو شوێنێکی جامخانەکەدا دەگێڕێت) چ ڕێکوپێکییەک!

**سەعاتچی:** سەربازەکان؟

**پیاوەکە:** نا، نا.

**سەعاتچی:** ئەی گالیسکەکان؟

**پیاوەکە:** نا، نا، نا. قوربانی ئەم سەلیقەیە بم. لە ڕاستیدا بونیام کەیفی لێدێت. بچووکەکان لە پێشەوە، ناوەنجییەکان لە ناوەڕاستدا، گەورەترەکان لە دواوە. تاکەکان هەمیشە تاک. خۆزگە ئەمانە هی من بوونایە.

**سەعاتچی:** حەزت لە کامیانە؟

**پیاوەکە:** گەر مرۆڤ ڕۆژی سەد جار تەماشای ئەمانە بکات تێرنابێت، گەر هی من بوونایە ئەوا هەمیشە خۆم پێوە خەریک دەکردن، ئاڵتوونەکان لەملاوە، زیوەکان لەولاوە، ئەوانیتریش لەملاوە. ببینم، ئەو کاتژمێرانە هەر بە ڕاستی ئاڵتوونن؟

**سەعاتچی:** بەڵێ قوربان، عەرزم کردن، ئاڵتوونی ساخن.

**پیاوەکە:** مەترسی نییە؟

**سەعاتچی:** مەترسی چی؟

**پیاوەکە:** کە ئەم ئاڵتوونە ساخانە لەودیو ئەو جامخانەیەوە دادەنێن؟

**سەعاتچی:** ئەی من لێرە ئیشم چییە؟

**پیاوەکە:** (خۆشحاڵ) بونیام نیگەرانتان دەبێت، بەڵام بەخودا وەزعێکی درەوشاوەتان هەیە!

**سەعاتچی:** (لە کاتێکدا کە تەماشای کاتژمێرە گەورە بەندۆڵدارەکە دەکات) بەو جۆرەش نییە کە ئێوە دەیبینن، لە ڕاستیدا هیچ خەبەرێک نییە، هیچ. بۆ خۆمان خەریکی مێش کوشتنین.



دەنگی غەڵبەغەڵبئامێزی دروشم گوتنەوەی خۆپیشاندەران دەبیسترێت. سەعاتچی سەرنجی ڕیتمێک دەدات کە جار ناجار دەنگی سازە هەواییەکە دەیخولقێنێت، زەردەخەنەی دێتێ.

(لەکاتی بادانی زنجیری کاتژمێرێکدا) دەبینن؟ لە شار قەرەباڵخیی و هەرایە. (پێدەکەنێ. لەهەمان کاتدا زنجیرەکە لە دەستی ئەکەوێ) بەڵام جێی نیگەرانیی نییە، گەرم نییە، باشترە بڵێین کە ئەسڵەن گەرم نییە.

**پیاوەکە:** کەوت.

**سەعاتچی:** (خەیاڵی لای کاتژمێرە بەندۆڵدارەکەیە) بەڵێ، دەبێ لە سەعات دوازدەی شەودا بکەوێتە سەر ڕۆژژمێر، بەڵام نازانم بۆ ئێستا کەوت. (کاتژمێرە بەندۆڵدارەکە ئاوازێکی خۆش لێدەدا و پاشان دوازدە زەربە)

**پیاوەکە:** من تەنانەت پێموایە ساردیشە. بە تایبەتی شەوان کە بونیام لەتاو سەرما پشتی دەتەزێت. سەرما دزە دەکاتە ژێر پێستەوە و....

**سەعاتچی:** بەڵێ زنجیرەکە کەوت. (دادەنەوێتەوە تا هەڵیبگرێتەوە) ئەمە تەنیا شتێکە کە لە باپیرەمەوە بۆم ماوەتەوە. زنجیرێکی ڤینیسی کە لە بەیانییەوە تا شەو هەر ئاوها لەنێو دەستمدا هەڵیدەسووڕێنم.

**پیاوەکە:** (ئێستا لە زنجیرەکە ورد دەبێتەوە) بۆچی پێتانوایە بازاڕتان نییە.

**سەعاتچی:** ئێوە بە هەموو شتێک شپرزە دەبن. وایە؟ لەو کەسانەن کە

به هەموو شتێک پێستتان وەخوروو دەکەوێت! (قاقا پێدەکەنێ)

**پیاوەکە:** هەر کەسەو یادگارێکی لە باپیرەیەوە هەیە.

**سەعاتچی:** بەو جۆرەی کە دەبێ وا بێ، نییە. دەزانن بۆچی؟ دەست زۆر بووە، تەماشای هەر جاددەیەک دەکەن دەبینن پڕ بووە لە سەعات فرۆش و سەعاتچی و ئەم جۆرە شتانە.

**پیاوەکە:** حەیفێک کە کەس قەدری کاتژمێر نازانێت.

**سەعاتچی:** ئێوە کاتژمێرناسن؟

**پیاوەکە:** من بۆ هەموو شتێک قەرزاری باپیرەمم.

**سەعاتچی:** دەبێ پیاوێکی بە ئەزموون بووبێ.

**پیاوەکە:** (تەماشای کاتژمێرە بەندۆڵدارەکە دەکات) پێمواية دەبێت سوورێک میلەکان بادەین تا میقات بێت. شتێکی ساکارە. ئەوکات لە سەعات دوازدەی شەودا ڕۆژژمێرەکەی بکەوێتە...

**سەعاتچی:** با لەوە گەڕێین، قسە بکەین خۆشترە. وا بزانم ئێوە بە دوای کاتژمێریکی ناوازەدا دەگەڕێن؟

**پیاوەکە:** بەڵێ وایە. باشە چۆن زانیتان؟

**سەعاتچی:** خۆ سەرمان لەبەر هەتاودا سپی نەکردووە. (بە ئاماژە کردنەوە بۆ کاتژمێرەکان) دەی باشە، هەڵبژێرن.

**پیاوەکە:** ئۆە، بەڵێ. (پیاسە دەکا) بەڵام دەزانن؟ (لە بێدەنگیدا لە ڕوخساری سەعاتچی ورد دەبێتەوە).

**سەعاتچی:** چی بزانم؟

**پیاوەکە:** کەواتە نازانن. (سەرێک دەلەقێنێ و تەماشای دەکا)



**سەعاتچی:** چۆن، دەزانم. دەزانن بۆچی؟ چونکە هەمیشە زانین لە نەزانین باشتر بووە.

**پیاوەکە:** (پێدەکەنێ) نەمگوت؟ دەزانم کە ئێوە دەزانن. ئێستا ئیدی ئێوە تەمەنێکتان بەڕێ کردووە. ئەو سالانەی کە من دەهاتم بۆ ئێرە و کاتژمێرە سویسرییە ئەنتیکە بیست و چوار بەردییەکەم بە ئێوە دا چاکی بکەنەوە، زۆر گەنجتر بوون. بەهێز و بەخۆ بوون. (ئاوازی قسەکردنەکەی دەگۆڕێت) کاکی بەڕێز، فەرمایشتان چییە؟ بەڵێ، هەڵبەتە، هەر ئێستا چاکی دەکەمەوە. من سەعاتچییەکی بەئەزموونم.

**سەعاتچی:** (زەردەخەنە تەواوی ڕوخساری دەگرێتەوە) بیرتانە؟ ئەوسا دڵخۆشییەکان زیاتر بوون.

**پیاوەکە:** ئێستاش لانی کەمی جارانتان تیا نییە. هەر بە ڕاست تەمەنتان چەندە؟

**سەعاتچی:** من لە هەموو ئەم کاتژمێرانە کۆنترم.

**پیاوەکە:** دوور لە ئێوە، ئێوە کەسێکی کامڵ و تێگەیشتوون، ئەم ڕۆژانە بونیامی حیسابی کەم پەیدا دەبێ. مەولانا گوتەنی قەترە تۆیت، زەریا تۆیت، لوتف تۆیت، قەهر تۆیت، قەند تۆیت، ژەهر تۆیت، هێند ئازارم مەدە!

لەهەمان کاتدا ژمارەیەک خەڵک بە هەراوهوریاوە بە بەردەم دوکانەکەدا تێدەپەڕن و دروشم دەدەن کە مرۆڤ لێیان حاڵی نابێت. سازە هەواییەکان جاڕوجەنجاڵییانە. هەردوو پیاوەکە بۆ چەند ساتێک لە دەرەوە ڕادەمێنن.

**سەعاتچی:** (بە ورووژانەوە پێ بە ئەرزەکەدا دەکوتێ) بژی، هەر بەڕاستی بژی!

**پیاوەکە:** دەبینن؟ هیچ تێناگەن. بەڵام لە ناخەوە هاوار دەکەن. قەبوولتە؟

**سەعاتچی:** (بە دەنگی بەرز) بژی، بژی!

**پیاوەکە:** هەرگیز دیار نییە کە دەستی کێیان لە پشتە.

**سەعاتچی:** ئێمە بێ شک بە سەرکەوتن و بەختەوەریی دەگەین.

**پیاوەکە:** بەختەوەری لە ئاسمانە. هەمووان دەیبینن بەڵام دەستیان پێی ناگا.

**سەعاتچی:** من نایبینم. دەزانن بۆچی؟ چونکە وابەستەی هیچ قودرەتێک نیم.

**پیاوەکە:** پشتت هەیە.

**سەعاتچی:** هەرگیز.

**پیاوەکە:** قورسە باوەڕت پێ بکرێت.

**سەعاتچی:** ئێوە نابێ ئاوها بەرامبەرم حوکم بدەن. بەتایبەتی لەبارەی حیزبەوە. دەزانن بۆچی؟ چونکە ئێمە هیچ یارمەتییەک وەرناگرین.

**پیاوەکە:** من بۆ خۆم کەسێکی خانەگومانم. لە هەموو شتێک...

**سەعاتچی:** نازانم سەرچاوەی بەدبینی ئێوە لە کوێیە. بێگومان ئەو پەندە بەناوبانگەتان بیستووە کە دەڵێ " هیچ کەس تاوانبار نییە تا تاوانەکەی نەسەلمێنرێت. "



**پیاوەکە:** ئەگەر حیزب چوار کەسی وەک تۆی هەبێت، بەڵێ، ئەوا سەرکەوتنی زۆر نزیکە.

**سەعاتچی:** سوپاست دەکەم.

**پیاوەکە:** بەڵام هەمووان ئاوها نین.. پێڕێک خەڵکانی گێلوویل ڕژاونەتە بەردەم ڕێکخراوەکان و دەستی دەرۆزەیان پان کردووتەوە و چاوەڕێی ئەوەن خێریان پێ بکرێت. بینیوتانن؟

**سەعاتچی:** بەڵێ بینیومن. بەڵام ئەوانە پێوەندییان بە ئێمەوە نییە.

**پیاوەکە:** لەبری ئەو قسانە بۆ ناچن بە ژیانی خۆیاندا ڕابگەن؟

**سەعاتچی:** مەبەستی دەرۆزەکردنیان نییە، وەڕس بوون.

**پیاوەکە:** بۆچی لەبری ئەو کارانە، ناخوێننەوە؟

**سەعاتچی:** مرۆڤی خەراپ نین، لە ژیان ماندوو بوون.

**پیاوەکە:** بۆچی لەبری ئەم وەحشیگەرێتییە نایانەوێت پسپۆڕییەک فێربن؟

**سەعاتچی:** گیریان خواردووە. دەیانەوێ فێربن، بەڵام بۆیان مەیسەر نابێت.

**پیاوەکە:** خۆ شتێکیان بۆ مەیسەر دەبێت.

**سەعاتچی:** دەردیان هەیە، کێشەیان هەیە، منیش...

**پیاوەکە:** (بە یەک وەرسووڕان بەرەو لای ئەو دەگەڕێتەوە) بەڵێ، ئەمە قسەیە.. ئێوە پسپۆڕیتان هەیە، کە ناڕەزایەتییش بکەن...

**سەعاتچی:** باوەڕ دەفەرموون کە من لەبەر هەیەجانەکەی دەست بۆ کاری سیاسی نابەم؟

**پیاوەکە:** باوەڕ دەکەم.

**سەعاتچی:** لە ڕاستیدا من سەرم لە سیاسەت دەخورێت.

**پیاوەکە:** ئەمڕۆ ژمارەیەک خەڵکم بینین کە لەبەردەم بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵدا مانیان گرتبوو تا تۆوی خۆڕایی وەربگرن.

**سەعاتچی:** هەڵبەتە کۆبوونەوەی جووتیاران لەبەردەم بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵدا پێوەندی بە سیاسەتەوە نییە.

**پیاوەکە:** هەموو شتێک لە دوورەوە نەوعێک دیارە.

**سەعاتچی:** ئەمە بێ ویژدانییە.

**پیاوەکە:** بە بڕوای من دەبێ لە مەسەلە سیاسییەکاندا تۆوی زۆر بکرێت، شتێک وەک جۆ و وێنجە.

**سەعاتچی:** ئێمە لە مەسەلە سیاسییەکاندا تۆو ناکەین. دەزانن بۆ؟ چونکە کەڵکی نییە. هیچ شین نابێت.

**پیاوەکە:** مەبەستم ئەوەیە کە نابێ شت تێکەڵاو بکرێت.

**سەعاتچی:** چی؟

**پیاوەکە:** ڕوونتر بڵێم، ئێوە خۆتان تێکەڵاوی سیاسەت مەکەن.

**سەعاتچی:** ئەی ئێوە بۆ خۆتان تێکەڵاوی سیاسەت.....

**پیاوەکە:** من؟ من لە سیاسەت بێزارم. بەوەشەوە گەر بمویستایە ئەوا دەبوومە ئەندام پارلەمان یان وەزیر.

**سەعاتچی:** بەڕاستتانە؟

**پیاوەکە:** دیارە، هاوڕێی ئازیز، من سوعبەتم لەگەڵ کەس نییە. بەڵام سەرم سووڕماوە ئێوە بۆچی؟



**سەعاتچی:** من هەمیشە حەزم کردووە دەورم لە ئایندەی وڵاتەکەمدا هەبێت، خۆ ئەمە خواستێکی زۆر نەبووە. (خەمگین) بەڵام قەت نەیانهێشت... کەواتە بونیام دڵی بە چی خۆش بێت؟

**پیاوەکە:** بەڕێز فەرامۆشی کە! هەموو ئەم شتە جوانە جۆراوجۆر و ڕەنگاوڕەنگانە.

**سەعاتچی:** ژیان زۆر قورس بووە. خەڵکی حەقی خۆیانە.

**پیاوەکە:** خەڵکی حەقی چییانە؟

**سەعاتچی:** واتە حەق بە خەڵکە. واتە حەقی خۆیانە، بەڵێ.

**پیاوەکە:** تەنانەت حەقی ئەوەشیان هەیە کە حەقی ئێوە بخۆن؟

**سەعاتچی:** هەڵبەت مەبەستێکی لەو جۆرەیان نییە. ئەوانە حەقی خۆیان دەوێت.

**پیاوەکە:** خەیاڵپڵاو مەبە، هاوڕێی ئازیز. لە ئاڵوگۆڕێکی دەسەڵاتدا بۆی هەیە ئیتر ئێوە خاوەنی ئەم هەموو کاتژمێرە نایابە ئاڵتوون و زیوانە نەبن.

**سەعاتچی:** (شپرزە دەبێ) چۆن؟ چۆن؟ کێ دەوێرێت....

**پیاوەکە:** زۆر سووک و ئاسان. لێت دەپرسن:" لەکوێت بوون؟" پاشان بۆ تالان و بڕۆ هوروژم دێنن.

**سەعاتچی:** هەروا لەخۆڕا. جەناب، مەگەر شاری بێ حاکمە؟

**پیاوەکە:** لە شاری بێ حاکمیش خراپتر. زەمانێک کە بۆ تالانی هێرشتان بۆ دێنن یاسا دژی ئێوەیە. تەنانەت حیزبەکەشتان زەینتان تالان دەکات. سوود لە هاوڕێیەتی ئێوە وەردەگرێ و کوتوپڕ دەبینن کە هیچتان بە دەستەوە نەماوە. دەڕژێنە ئێرە و

هەموو شتێک هەپروون دەکەن، بەر بۆکس و لەقەتان دەدەن و سەروسامانتان تالان دەکەن و ئەگەر قسەی زیادەش بکەیت دەڵێن:" کاکە مەملەکەت یاسای هەیە... لاکەوە..." خۆ ئەگەر بیکەیتە هەرا ئەوا گوللەیەک لە سەرتانا بەتاڵ دەکەنەوە.

**سەعاتچی:** ئێوە بە چ حەقێک خەتابارم دەکەن؟

**پیاوەکە:** (سەر نەوی دەکا) من؟ قوربان من ئامادەم سەرم لەڕێی شەرافەتی ئێوەدا دانێم.

**سەعاتچی:** (بە زەردەخەنەوە) ئەی کەواتە بۆچی دەتانەوێ کاتێ دەمرم سەروەت و سامانەکەم بە تالان بەرن؟

**پیاوەکە:** من شتی وا ناکەم. کێ دەوێرێت؟

**سەعاتچی:** کەواتە لەکوێوە دەزانن بۆی هەیە...

**پیاوەکە:** نازانم. ڕەنگە بۆ ساتێک خۆم خستبێتە شوێنی ئێوە. بنۆڕن لەسەر ئەو دیوارە چی نووسراوە؟ نەختێک وەرنە پێشەوە بیخوێننەوە. بەڵێ، نووسراوە: " ئەرز ئەرزی خودایە. " یانی چی؟ یانی....

**سەعاتچی:** ئەگەر ئەرز ئەرزی خودا بێت کەواتە من بۆم هەیە کە کشتوکاڵ یان هەر کارێکی تری تێدا بکەم؟ بۆچی کەسێک مەسەلەی موڵکییەت ناخاتە بەر باس کە کەس بیر و ماڵی خەڵکی تالان نەکات؟ بۆچی قەت باسی ئەو مەسەلانە ناکرێت؟

**پیاوەکە:** هاوڕێی ئازیز خۆ منیش خەریکم هەر ئەمەتان عەرز دەکەم! مەسەلەکە خەریکە سیاسییانە و خەتەر دەبێت. (جانتاکەی هەڵدەگرێت) باشترە من بڕۆم. بە یارمەتیتان.



**سەعاتچی:** ئارام بگرن، با ئەو هەراوهۆریایە دامرکێتەوە پاشان بڕۆن. بەتایبەتی کە ئێوە ئەهلی سیاسەت نین، بۆی هەیە زەرەرێکتان پێبگات.

**پیاوەکە:** گومان ناکەم هیچم لێ ڕووبدات.

**سەعاتچی:** گوێ لە قسەی کۆنە سیاسییەک بگرە کە نەبزی بە تیک تیکی زەمەن لێدەدا. بە قەولی مەعروف:" لە دونیای سیاسەتدا برینگەلێک هەن کە ڕۆح لە گۆشەگیریدا هەم دەخۆن و هەم دایدەتاشن." وەک چەرخی دندانەداری کاتژمێر کە ئەگەر یەکێکیان خراپ بێت ئەوا هەر هەمووی خەراپ دەکات.

**پیاوەکە:** (جانتاکەی دادەنێت) من زۆر خەمی ئێوەمە. هیچ ئامێرێکی بەرگریتان نییە.

**سەعاتچی:** بە گشتی ئێمە دژی هەمان ئەو شتانە بەرگری دەکەین. قوربان زۆر خەمی ئێمەت نەبێت. ئێمەش شتگەلێکمان هەن کە بتوانین خۆمانیان پێ بپارێزین.

**پیاوەکە:** من ئارامیم پێ باشترە.

دەنگی هەراوهۆریا و دروشم کە لە دوورەوە دێت، دەگاتە ئەوپەڕی. دەنگی سازە هەواییەکان بزر دەبێت. سەعاتچی لە دەنگەکاندا ڕۆچووە، سەرنجی دەرەوە دەدات

**سەعاتچی:** ئارامی! گوتت ئارامی و من ئارامیی دوای تۆفانم بە بیردا هات.

**پیاوەکە:** دەشێ پێتان سەرنجڕاکێش بێت... من کەمالی ئارامییم. (دەستی بۆ ڕایەڵ دەکات) خۆشحاڵم.

**سەعاتچی:** خۆشحاڵم. بە ڕاستی ئێوە کاک کەمال ئارامن؟

**پیاوەکە:** برا گەورەکەم کە ساڵانێک لەمەوبەر مردووە، ناوی جەمال ئارام بوو، بەڵام من کەمال ئارامم.

**سەعاتچی:** خۆشحاڵم. چ ئیسمێکی بە موسەممایە! براکەتان نەخۆش بوو؟

**پیاوەکە:** گانگرینی گرت و وردە وردە لەناوچوو. لە پێیەکانییەوە کەوتە ڕەشداگەڕان و بۆگەن کردن، تا چاوێکمان لێکنا چ ئاسەوارێکی لێ نەمایەوە. هەمووان سەریان نەخۆش دەکەوێ و دەمرن، بە قەولی شاعیر ماسی لە سەرەوە بۆگەن دەکا نەک لە کلکەوە، بەڵام ئەو لە پێوە داڕزی.

**سەعاتچی:** جوانە جەمال ئارام، کەمال ئارام.

**پیاوەکە:** هەرچەند سەیر دەکەم کارەکەی ئێوە تەنیا بە ئارامییەوە مانا پەیدا دەکات. ئێستا کە گەیشتوومەتە ئەم تەمەنە تێدەگەم دەبوو ببوومایەتە سەعاتچی، خۆ ڕەنگە هەڵە بم. نازانم. بەڵام کاتژمێر و سەعاتچێتی و خۆ بە کاتژمێرەوە خەریک کردنم هەمیشە پێ سەرنجڕاکێش بووە. هەڵەم؟

**سەعاتچی:** نەخێر. ڕاست دەفەرموون.

**پیاوەکە:** (نائارام بەملاولادا سەر دەکێشێ) بە یارمەتیتان بچمە ئەم دەوروبەرە و ئاوێک، شەربەتێک... شتێک پەیدا بکەم. خەریکە لە تینوواندا دەپڕووکێم. ئێوە حەزتان لە شتێک نییە بۆتان بێنم؟

**سەعاتچی:** بە یارمەتی. (دادەنەوێت و لە ژێر مێزی دوکانەکەیدا ئاو بۆ



پیاوەکە تێدەکات) فەرموون. لێرە پەرداخێک ئاو دەست دەکەوێت کە ئێوە لەم هەراوهۆریایەدا سەرتانی لەسەر دانەنێن.

**پیاوەکە:** بە ڕاستتانە؟ بە ڕاستی خەتەرناکە؟

**سەعاتچی:** نانی گەنممان نەخواردووە بەڵام خۆ بەدەستی خەڵکەوە بینیومانە. من بەم چاوانەی خۆم بینیومە کە داماوێکیان کوشتبوو، لاشەکەی سێ ڕۆژی ڕەبەق لەسەر جاددە کەوتبوو و کەس نەیدەوێرا بچێت بەلایدا. جارێکیان لەو ساڵانەی پێشوودا لەنێو تۆڵە لە یەکسەندنەوە مەزهەبی یان یەکلاییکردنەوەی حیساباتە سیاسییەکاندا کەسێکیان پارچەپارچە کردبوو کە لە ناوەختدا لە ماڵ هاتبووە دەرەوە. پێنج دەقیقە درەنگ گەیشتبوو. تەنیا پێنج دەقیقە.

**پیاوەکە:** هەڕەشەم لێ دەکەن یان دەمترسێنن؟

**سەعاتچی:** هیچیان قوربان. ئەو شتانە ڕاستن و ڕوویانداوە. دەمەوێ بڵێم کە من لێرە شتم زۆر بینیوە. ئەو گەنجە ئەگەر کاتژمێرێکی دەستی لە مەچەکدا بووایە و درەنگتر نەگەیشتایەتە وادەکە، ئێستا بۆ خۆی زیندوو بوو.

**پیاوەکە:** (ئاوەکە دەخواتەوە و پەرداخەکە دەخاتەوە سەر مێزەکە) ئینسان تووشی بە مەسەلەگەلی سەیر و سەمەرە بووە و خەریکە بیری دەچێتەوە کە حاڵی حازر کاتژمێر گرینگترین کەرەستەی دونیایە. زەمەن هەمیشە لەگەڵ خاوەندارێتیدا تاڵان کراوە.

**سەعاتچی:** منیش باوەڕم بەوە هەیە. ساڵانێکە ئێمە سەعاتچین.

باوکیشم هەر سەعاتچی بوو. دەیگوت ئەمە میراتە. ئێمە چاوانمان لە دوکانی سەعاتچێتییەکەی باوکماندا کردووتەوە.

**پیاوەکە:** کەواتە ئێوە بە بنەماڵە سەعاتچین؟

**سەعاتچی:** بەڵێ قوربان. براکەیشم هەر سەعاتچییە. بەڵام بەینی خۆمان بێت کەسێکی گێلە. لە من گەورەترە و تەمەنێکی باشی تێپەڕاندووە و چاوی کز بووە، لە بەیانییەوە تا شەوێ دڵ و ڕیخۆڵەی کاتژمێرەکان دەهێنێتە دەرەوە و بەم چەرخە دندانەدارانەوە خەریک دەبێت. پێی دەڵێم بەدوای چیدا دەگەڕێیت؟

**پیاوەکە:** لەوانەیە بەدوای زەمەنی لەدەستچوویدا بگەڕێت!

**سەعاتچی:** دەڵێ بەدوای ئەڵقەیەکی ونبوودا دەگەڕێم.

**پیاوەکە:** لە چەرخە دندانەدارەکانی کاتژمێرەکەدا؟

**سەعاتچی:** دەزانن؟ لەو کاتەوەی کە کچەکەیان سەرەونگوم کرد ئیدی ئەم بە جارێ تاسا و چووە قاوغەکەی خۆی. وەک پەیکەرێک لە کاتی چاککردنی کاتژمێردا.

**پیاوەکە:** بۆچی سەرەونگومیان کرد؟

**سەعاتچی:** نازانم. کەس نازانێت. ڕۆژێک بۆ زانکۆ ڕۆیشت و نەگەڕایەوە. پاشان ڕۆژنامەکان نووسییان...

**پیاوەکە:** سەیرە! بڵێ بزانم تا ئێستا براکەتان هیچ سەرەداوێکی دۆزیوەتەوە؟

**سەعاتچی:** لە ئەڵقە ونبووەکە؟

**پیاوەکە:** نا، لە کچەکەی کە چۆن..



**سەعاتچی:** ئەها، نازانم. بەڵام من حەوسەڵەم نەماوە، هەر تەواو بوومەتە مرۆڤێکی بێ حەوسەڵە. تاقەت و حەوسەڵەی هیچ کارێکم نییە.

**پیاوەکە:** ئەدی کەواتە کێ ئەم کاتژمێرە بە نرخانە چاک و ڕێکوپێک دەکا؟

**سەعاتچی:** خۆم. یادتان نییە؟ ساڵانێک لەمەوبەرتان لەیاد نییە کە کاتژمێرێکی نایابی زیوتان هێنا و من بۆم چاک کردنەوە، یادتان نییە؟ لەسەر چوارچێوەکەی بە نەخشی بەرجەستە، وێنەی جەنگێک، جەنگێکی ڕاستەقینە هەڵکۆڵرابوو. گالیسکە، سەرباز، خوێن کە بە تایەی گالیسکەکاندا پژابوو... (لە فیکرەوە دەچێت)

**پیاوەکە:** جەنگێکی گەورە کە خوێن بە تایەی گالیسکەکاندا پژابوو؟

**سەعاتچی:** بەڵێ.

**پیاوەکە:** من؟

**سەعاتچی:** بەڵێ.

**پیاوەکە:** جەنگی لەو جۆرەم لەبیر نییە.

**سەعاتچی:** (لەناکاوێکرا بە خۆیدا دێتەوە) کەواتە فەرموون تەشریف بەرن.

**پیاوەکە:** بۆ کوێ؟

**سەعاتچی:** چوزانم. تەنیا فەرموون تەشریف بەرن.

**پیاوەکە:** من گوتم دەبێ بڕۆم. (دوگمەی چاکەتەکەی دادەخا و تەوقە لەگەڵ سەعاتچییەکەدا دەکا و پاشان لە دوکانەکە دەچێتە

دەرێ) خواحافیز.

**سەعاتچی:** (بە تەنیا پیاسە دەکا) گێل و دێوانە بوو. (کوتوپڕ چاوی بە جانتای پیاوەکە دەکەوێت) ئەمەی بەجێ هێشتووە. (جانتاکە هەڵدەگرێ و بەدوای پیاوەکەدا، سەر لە دوکانەکە دەباتە دەرێ) کاکە! کاکە! کاکی ئازیز! جانتاکەتان جێماوە. بەڵێ. ئەمە... (دەگەڕێتەوە ئەودیو مێزەکە. پیاوەکە دێتە ژوورەوە)

**پیاوەکە:** ئاه، بمبوورن. (دەیەوێت جانتاکە هەڵبگرێت) بە تەواوی ئاگام لە خۆم نەمابوو. خەریک بووم بیرم لەو کاتژمێرە چوارچێوە زیوینەم دەکردەوە کە لەسەر چوارچێوەکەی............

**سەعاتچی:** شەڕ بوو؟

(سەعاتچی و پیاوەکە بۆ چەند ساتێک لە یەکدی ورد دەبنەوە و پاشان قاقا پێدەکەنن. بۆ چەند ساتێک لە رووی خۆشییەوە پێدەکەنن کە فرمێسک بە چاوانیاناندا دێتە خوارەوە. بەدەم پێکەنینەوە شتگەلێکی دەڵێن کە مرۆڤ تێناگا و بە دەست قسەکانی یەکدی ڕەت دەکەنەوە و دەسەلمێنن).

**پیاوەکە:** بەو ئاسانییە؟

**سەعاتچی:** بەڵێ، بەو ئاسانییە.

**پیاوەکە:** (بە دوو پەنجەی فرمێسکەکانی دەسڕێت) باش بیرمە کە ئێوە ساڵانێک لەوەوبەر کاتژمێرەکەی منتان چاک کردەوە. بەڵام حەیف...........

**سەعاتچی:** باپیرەتان؟

**پیاوەکە:** بەڵێ، باپیرەم. زۆر حەیف. کاتژمێرێکی نازدار بوو.



**سەعاتچی:** (پێدەکەنێت) کەسێکی تەڕوبڕیت.

**پیاوەکە:** ئێوەش کەسێکی هەر زۆر میهرەبانن. لەگەڵ جارانتانا زۆر فەرقتان نەکردووە. (بە دەست پیشانی دەدا) بە هەمان ئەو جۆرەی کە هەبوون هەر وان و جووڵەتان بۆ نەکردووە.

**سەعاتچی:** لوتفتان هەیە. بەڵام ئەگەر ڕاستتان دەوێت ئیتر هەست بە پیری و ماندوویی دەکەم.

**پیاوەکە:** پیری؟

**سەعاتچی:** بەڵێ.

**پیاوەکە:** ئێوە؟

**سەعاتچی:** بەڵێ؟

**پیاوەکە:** وا مەڵێ. ماندوویی بەهەرحاڵ... حەقی خۆتانە. دەکرێ هەتا هەتایە هەر کار بکەیت؟

**سەعاتچی:** لەڕاستیدا تاقەتی هیچ کارێکم نییە. بەم حاڵەوە لە بەیانییەوە کە ئەمانە میقات دەکەم و تۆز و خۆڵی سەریان دەسڕم، ئیدی ژیانی من دەست پێدەکات. تیک تاک، تیک تاک، تیک تاک... (بە زەردەخەنەوە ڕووەو کاتژمێرە بەندۆڵدارەکە) وەکو ئەو کاتژمێرە نازدارە. دەبینن؟

**پیاوەکە:** (تەماشای هەموو کاتژمێرەکان و پاشان کاتژمێرە دیوارییەکە دەکات) بەڕاستی ئەمەیان شایانی تەماشاکردنە. خۆزگە منیش بمتوانیایە سەعاتچی بوومایە.

**سەعاتچی:** کارێکی سەرگەرمکەر و سەرنجڕاکێشە. هەڵبەتە ئێستا بۆ ئێوە کەمێک درەنگە. دەزانن بۆچی؟ چونکە ژیان وەک گەنجییە.

لەناکاو تەماشا دەکەیت، دەبینیت تێپەڕیوە.

**پیاوەکە:** (نیگەران) قسەی سەیر دەکەن. ژیان هەر ئاوها خەریکە لە دەستمان دەردەچێ و ئێمەیش هیچ حاڵی نابین.

**سەعاتچی:** هەر ڕۆژە و بە شتێکی تازە سەرگەرم دەبین.

**پیاوەکە:** بەبێ ئەوەی خۆمان بمانەوێت.

**سەعاتچی:** بەڵێ قوربان. ئەسڵەن نازانین بۆچی زیندووین، دەمانەوێت چی بکەین. بەیانی دەکەین بە شەو و شەو بە بەیانی.

**پیاوەکە:** دواجار بە سادەیی دەژین و هیچ چاوەڕوانییەکیشمان لەکەس نییە.

**سەعاتچی:** مرۆڤ دەبێ چاوی بکاتەوە. ژیان بە کەم نەگرێت.

**پیاوەکە:** بە وتەی فەرمایشتی ئێوە، کوتوپڕ عیزرایل دێتە سۆراغی بونیام و...

**سەعاتچی:** من؟ (بە سەرسوڕمانەوە)

**پیاوەکە:** ئێوە فەرمووتان.

**سەعاتچی:** چی؟

**پیاوەکە:** کە مرۆڤ دەبێ خێرەوەمەند بێ و یارمەتی هاوڕەگەزانی خۆی بدات...

**سەعاتچی:** من؟

**پیاوەکە:** نەخێر، مرۆڤ.

**سەعاتچی:** یەعنی من مرۆڤ نیم؟

**پیاوەکە:** ئەوە چ قسەیەکە؟! ئێوە قوربان فریشتەن. مەبەستم لەوەیە



کە هەموو مرۆڤێک دەبێ بەو جۆرە بێت..

**سەعاتچی:** ڕاست دەفەرموون. بەڵام نابێ ئەوانە جێبهێڵم و بڕۆم.

**پیاوەکە:** نا.. هەرگیز باش نییە. ئەم ڕۆژانە خەڵکانی تالانچی ئێمەیان گەمارۆ داوە. دەبێ زیاتر ئاگادار بین.

**سەعاتچی:** خەڵکی برسین و هەست بە نادڵنیایی دەکەن.

**پیاوەکە:** بەڵام خەڵکانی تالانچی برسی نین.

**سەعاتچی:** ئەی بۆچی تالان دەکەن؟

**پیاوەکە:** منیش دەمەوێ هەمان شت لە ئێوە بپرسم. بەڕاست بۆچی ئیتر شتێکمان بۆ نەماوەتەوە؟

**سەعاتچی:** لەڕاستیدا تەماح و زێدەخوازی هەمیشە مرۆڤایەتییان خستووتە خەتەرەوە.

**پیاوەکە:** بۆ نموونە ئێوە کە ئەو هەموو کاتژمێرە نایابە، لە زێڕ و زیوەوە بگرە تا کاتژمێری هەرزان قیمەتەتان هەیە، ئیتر چیتان دەوێت؟

**سەعاتچی:** چیم دەوێت؟... دیارە. ئادەمیزاد و تەماح.

**پیاوەکە:** ئێوە و تەماح؟

**سەعاتچی:** مەعلوومە. هەموو مرۆڤێک تەماحی هەیە. بۆ نموونە تەماحی من ئەوەیە کە بچمە دوکانی براکەم و ئەو کاتژمێرانە ببەم کە ئەو هەیەتی و من نیمە.

**پیاوەکە:** ئەێ؟

**سەعاتچی:** ئەێ، دەڕۆم و دەیانبەم.

**پیاوەکە:** شتێکی باش ناکەن.

**سەعاتچی:** من؟

**پیاوەکە:** بەڵێ، ئێوە.

**سەعاتچی:** بۆچی؟

**پیاوەکە:** ببوورە! ئێوە دەتانەوێ گاڵتەم لەگەڵ بکەن یان پێمڕابوێرن؟ هەر بەڕاست بەڕاست نیازی ئەوەتان هەیە؟

**سەعاتچی:** من؟ من کەسێکم بە قەولی باوکم هەندێک جار لە ڕووی سادەییەوە کەر دەبم. ئەوە فەنتازیای منە کە بۆ نموونە ئەگەر...

**پیاوەکە:** ئەو بیرە هەرگیز پەسەند نییە.

**سەعاتچی:** من تا ئێستا بەبێ مۆڵەت تەنانەت نانێکم لە هیچ شوێنێک هەڵنەگرتووە. دەزانن بۆچی؟ چونکە ژان والژان نانێکی دزی، بە نۆزدە ساڵ زیندانی حوکم درا. ئەو زەمانە کە من منداڵ بووم و ڕۆمانی بێ نەوایان م خوێندەوە، بڕیارم دا هەرگیز دزی نەکەم. باوەڕ بکە تا ئێستا ئازاری مێروولەیەکم نەداوە.

**پیاوەکە:** بۆچی دەبێ مێروولە ئازار بدرێت؟

**سەعاتچی:** بە قەولی سەعدی، ئازاری مێروولەیەک مەدە کە دانەوێڵە کێش دەکات...

**پیاوەکە:** باشە، ئاخر ئەمە گاڵتەجاڕی نییە؟ یانی چی؟ ئەم سەعدییەش وەزعی خراپ بووە. من تێناگەم. یانی کەسێک بڕوا و ڕێگە بە مێروولەی داماو بگرێ و ئازاری بدات؟ ئاخر ئەمە چ کولتوورێکە؟ بۆچی دەبێ لە خەیاڵی ئەوەدا بن کە مێروولە ئازار بدرێت؟



**سەعاتچی:** بەڵام خۆ من شتی وام نەکردووە.

**پیاوەکە:** (بە زەردەخەنەوە) من دەزانم ئێوە شەریفترین ئادەمیزادی سەر ڕووی زەوین. بەڵام دەمەوێت بزانم بۆچی ڕاڤەی دەکەم؟ ئاخر ئەوە پێوەندی بە کێوە هەیە؟ من خەریکبووم لەبارەی تەماحی ئێوەوە دەدوام کە دەشێ شتێکی خەتەر بێت.

**سەعاتچی:** یانی چ خەتەرێک؟

**پیاوەکە:** کاتێ مەسیح بۆ ئاسمان چوو، مەلایکەتەکان لەهەر نهۆمێکی ئاسمان پرسیارگەلێکیان لێ دەکرد و ئینجا ڕێگەیان پێدەدا بچێتە نهۆمی سەرووتر. لە نهۆمی چوارەم بینییان دەرزی و دەزوویەکی لەژێر ئێخەی چاکەتەکەیدا شاردووتەوە. پێیان گوت جەنابی مەسیح، ئەوە چییە؟ گوتی دەرزی و دەزووە تا ئەگەر شوێنێکی جلەکانم دڕا بتوانم بیدوورمەوە. پێیان گوت تۆ ناتوانی بچیتە نهۆمی حەوتەم، هەر لێرە دەمێنیتەوە تا تێبگەیت کە کەسێکی گەندەڵیت. بۆ نموونە پێغەمبەرێک کە بۆ عەرشی خودا دەڕوات دەرزی و دەزوو لەگەڵ خۆیدا نابات بەڵکو تەنیا بیر لە خودا دەکاتەوە. دەبینن کە ئەو تەماحەی مەسیح خراپ بەسەریدا شکایەوە.

**سەعاتچی:** ئێوە دەبێ کۆمەڵناسێکی ڕۆحانی بن؟

**پیاوەکە:** ڕۆحانی؟ من و ڕۆحانییەت؟

**سەعاتچی:** قازین؟

**پیاوەکە:** قازی؟ نا، نا.

**سەعاتچی:** پۆلیسن؟

**پیاوەکە:** نا، زۆر دوور کەوتنەوە.

**سەعاتچی:** نووسەرن؟

**پیاوەکە:** نا، نا. (پێدەکەنێ و سەر با دەدا) خۆزگە نووسەر بوومایە.

**سەعاتچی:** مۆسیقاژەنن؟

**پیاوەکە:** نا. (پێدەکەنێ) لە مۆسیقاژەن دەچم؟

**سەعاتچی:** سیاسی؟

**پیاوەکە:** (بە یەک سوورانەوەی گونجاو) من فەلسەفەم خوێندووە. لەکۆتاییدا ڕیش و سمێڵ و قژی فەیلەسووفانم نییە. چاویلکەی ژێرپیاڵەییش لەچاو ناکەم. قوتابییەکانم هەمیشە دەڵێن:" (بە گۆڕینی دەنگی) مامۆستا، ئێوە خەڵک ناسن." بەڵام دەزانن؟ من مێژووناسم. جوگرافیای برسێتی و جوگرافیای سروشتیش دەڵێمەوە. لە بابەت جوگرافیای ئابوورییەوە فەلسەفەیەکم هەیە.

**سەعاتچی:** سەیرە!

**پیاوەکە:** بەڵێ. بە بڕوای من لە کۆمەڵگایەکی برسیدا، ئابووری ناسان لە عەبقەرییەکانی زەمانەن.

**سەعاتچی:** نایابە. وتەیەکی زۆر تۆکمە و بەهێز بوو.

**پیاوەکە:** جەناب، ئێمە وەک مۆم سووتاین. بە قەولی حافز:" شەرحی ئەم حەکایەتە مەگەر مۆم بیخاتە سەر زمان."

**سەعاتچی:** بەڵام وەک ئەوەی کاتێکی زۆرتان هەبێت. دەزانن بۆ؟ چونکە بەو وەزعەی کە خەڵکی هەر لەبەیانییەوە تا شەو غار دەدەن، دوو شەفت، سێ شەفت ئینجا فریاش ناکەون، کەچی خۆشبەختانە ئێوە ئارام و بە کەماڵی ئیسراحەت....



**پیاوەکە:** ئێوە پێتانوایە من کاتی خۆم بەهەدەر دەدەم؟ نا، نا، هەڵەن. من هەر ئاوها کە لەگەڵ ئێوەدا دەدوێم، شت فێردەبم و لە ئەزموونەکانتان کەسبی فەیز دەکەم. من هەرچیم هەیە هی خەڵکە، ئێستا لەم ساتانەدا کە لەگەڵ ئێوەدا دەدوێم، وێڕای تەماشاکردنی ئەو کاتژمێرانە، لەگەڵ خۆمدا لە تاووتوێکردنێکی گەورەدام کە ڕۆحم دەخاتە گێروگاز و لە خۆمم بێخود دەکات.

**سەعاتچی:** هەر بەڕاست بۆچی نابنە ئەندامی حیزب؟ دەزانن بۆچی؟ چونکە ئێوە بەو هەموو مەعریفەیەتانەوە دەتوانن تەنانەت ببنە سکرتێری گشتیش.

**پیاوەکە:** نەگبەتی من ئەوەیە کە زۆر حولحولیم. جارێ بە گوڵ و گیاوە دەیگرم، جارێ خوو دەدەمە سەنایعی ڕۆژگار. ماوەیەک خۆم بە جل و خۆراکەوە سەرقاڵ دەکەم و هەندێ جاریش دەکەومە بواری کولتوور و کتێب و نەشر. ئێستاش دڵم دیلی کاتژمێر و زەمەن و میلی کاتژمێر بووە.... هێی... ئەم کۆلێکسیۆنە جوانەی کە ئێوە لێرەدا دروستتان کردووە... (بە ئارامی سەری دادەگرێ) دەشێ ئێوە تێبگەن کە من ئێستا چ هەستێکم هەیە؟

**سەعاتچی:** باشە ئێوە دەتوانن ئەمانە بۆ خۆتان بکڕن.

**پیاوەکە:** ئای جەناب، ئاخر مەگەر مامۆستا یان فەیلەسوفێک مووچەکەی چەندە کە بتوانێت شتێک بکڕێت. ئێوە خۆتان پارەتان بە دەستەوەیە! حەز دەکەم، بەڵێ حەز دەکەم ببمە خاوەنی ئەم شتانە و لە پاڵیاندا بژیم. بەڵام تەنانەت توانام نییە یەکێکیشیان بکڕم. ئەم نرخانەی کە نووسیوتانە، ئا با ببینم

(نرخەکان حیساب دەکات) بەڵێ. من دەبێ سی و یەک ساڵی تر بژیم و ڕۆژانە شتێکی گرینگ لە بەرنامەی خواردنم لابدەم تا بتوانم تەنیا ئەمەیان بکڕم.

**سەعاتچی:** نەگبەتییەکە لەوەدایە کە بە کەمیش قایل نین. دەزانن بۆچی؟ چونکە ئەو کاتژمێرە زێڕە سویسرییە، هی دوو سەدە لەمەوبەرە. (تەماشای پیاوەکە دەکات) ئێوە شتی ئەنتیکەش کۆدەکەنەوە؟

**پیاوەکە:** نا، حاڵی حازر من تەنیا هەر حەزم لە کاتژمێرە، نە ئاساری کۆن، نە ئاساری هونەری، نە سەروەتی مۆڵ و نە شتی تر. تەنیا کاتژمێر، بۆچی؟ ڕەنگە لەو کاتەوە کە کاتژمێرە یادگارەکەی باپیرم پەیدا کرد.. ڕەنگە... هەر بەڕاست ئێوە نازانن بۆچی؟

**سەعاتچی:** چونکە کات زێڕە.

**پیاوەکە:** (لەسەر پاژنەی پێ وەردەچەرخێ) ئافەرین.

**سەعاتچی:** کاتژمێر مەحەکی عومرە.

**پیاوەکە:** بەتایبەتی ئەم کاتژمێرە جوانانە.

**سەعاتچی:** (بە شێوەیەکی منداڵانە پێدەکەنێت) باشە، کاکی بەڕێز، ئێوە کە ئەوەندە حەزتان لە کاتژمێرە، ئەی بۆچی چوون جوگرافیای برسێتیتان خوێندووە؟ بۆچی نەبوونە سەعاتچی؟

**پیاوەکە:** هەڵە، هەڵە، ڕێی هەڵە، ڕەوتی ناسروشتی، چوزانم.

**سەعاتچی:** مرۆڤ ئەو عەیبەی هەیە کە هەمیشە هەڵە دەکا و دەڵێ ئەزموونە.



**پیاوەکە:** بەڵێ، ڕاستە. مرۆڤ تا ساتی مردن هەڵە دەکا و پاشان دەڵێ ئەزموونێکی تر هاتە سەر ئەزموونەکانم.

**سەعاتچی:** هەندێک کەس خەیاڵ دەکەن کە ژیان دووبارەکردنەوەی ئەزموونی هەڵەیە.

(دەنگی هەراوهۆریا کە مرۆڤ لێی حاڵی نابێت، دەنگی سازی هەوایی لە دوورەوە، دەنگی گڤەی با لە دوورەوە. دەنگی قریشکەی ژنێک کە لەنێو دەنگەکانەوە دێت)

**پیاوەکە:** هەندێک کەس چ خەیاڵگەلێک دەکەن!

**سەعاتچی:** ئێستا ئیدی وای لێهاتووە.

**پیاوەکە:** ئەسڵەن وای لێ نەهاتووە. هەر لەبەر ئەمەیە کە ئێوە لەگەڵ خەڵکانی تردا جیاوازیتان هەیە. من عەرزم کردن، ئەمڕۆ بڕیارم دابوو دوکانەکەی ئێوە ببینم وەک یادێک لە بیرەوەرییەکان، پاشان ژمارەیەک کاتژمێری توحفە و هەرزانتان لێ بکڕم.

**سەعاتچی:** بیرتان بێ کە هیچ گرانییەک بێ حیکمەت نییە، هیچ هەرزانییەکیش بێ عیللەت نییە.

**پیاوەکە:** چ قسەیەکی جوانە! تا ئێستا ئەو قسەیەم نەبیستووە.

**سەعاتچی:** باپیرەم هەمیشە ئەو قسەیەی دەکرد.

**پیاوەکە:** چ قسەیەکی پڕ حیکمەت! بنۆڕە، ئەگەر من کاتژمێرێکی توحفەی هەرزان بکڕم دەبێ چی بکەم؟

**سەعاتچی:** ئێستا ئیتر ئێمە بووینەتە هاوڕێ. (تەوقە لەگەڵ پیاوەکەدا دەکا) ناتوانم شتی خراپتان بدەمێ.

**پیاوەکە:** ئێوە هەر لە سەرەتاوە ئادەمیزادێکی شەریف بوون. ئەو

سالانەم لە یاد نەچووە. بەڵام هاوڕێی ئازیز! حیساب حیسابە و براش برا. من چەندێک پارە بدەم هەمان برِ ئاش دەخۆم. وایە؟ (هەردووکیان پێدەکەنن) بابچین هەڵبژێرین.

(هەردووکیان بەرەو لای جامخانەکە دەڕۆن، دادەنەوونەوە و بە کاتژمێرەکانەوە سەرقاڵ دەبن. نا، بەڵێ، نا، ئەمەیان چۆنە؟ نا، نا...)

**سەعاتچی:** من مرۆڤێکی خولق خۆشم. (بە گاڵتە و پێکەنینەوە) هەر بەڕاست ئێوە پارەتان هەڵگرتووە؟ یانی لێتان جێ نەماوە؟ دەزانن بۆچی؟ چونکە هەندێک کەس هەڵدەبژێرن و پاشان دەبینن کە پارەیان هەڵنەگرتووە، یان بۆ نموونە جزدانەکەیان لێ بەجێ ماوە، یان...

**پیاوەکە:** (دەست بە گیرفانیدا دەکا، جزدانەکەی دەخاتە سەر مێزی دوکانەکە) گاڵتە دەفەرموون؟ ببینن. من بێ پارە نیم، بەڵام موقتەسیدم. جوگرافیای برسێتی پێمدەڵێ:" هێی، ئاگاداربە!"

**سەعاتچی:** (چاوانی بروسکە دەدەن) ئێوەیش هەم هاوڕێیەکی باشن و هەم مشتەرییەکی خولق خۆش. بەڵام من نرختان بۆ دادەشکێنم.

**پیاوەکە:** (خۆشحاڵ) من جارجار بەبەردەم دوکانەکەی ئێوەدا تێدەپەڕم، تابلۆی دوکانەکەتان هەمیشە سەرنجم بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت. پاشان بیردەکەمەوە کە دوای ئەو هەمووو سالانە چەند سەیرە کە هەمدیس ئێوە دەبینمەوە. (بە تەختەکەدا دەکێشێت) دەک لە چاوی بەد بەدووربن، هیچ نەگۆڕاون، هەمان کەسەکەی جارانن، بەڵکو نەختێک گەنجتریش بوونەتەوە.



دەزانن؟ کاتێ تەماشای ئێوە دەکەم، بەخۆم دەڵێم پێدەچێ میلی کاتژمێرەکەی ئێوە بە پێچەوانەوە سووڕابێتەوە.

**سەعاتچی:** (بە شەوقەوە) گەورەن قوربان. ئێستا من ئیتر سەرم سپی بووە، خاوەنی نەوە و نەبیرەم، دواجار بەهۆی پەیوەندیم بە میلی کاتژمێرەوە، تێک نەشکام و کەنەفت نەبووم. من حەزم لە ئیشی سەعاتچێتییە.

**پیاوەکە:** دیارە. لەو ناوە جوانەوە دیارە کە لە دوکانەکەتان ناوە.

**سەعاتچی:** زەمەن.

**پیاوەکە:** زەمەن.

**سەعاتچی:** (ئاسوودە) بەڵێ، زەمەن.

**پیاوەکە:** واتە خودی کاتژمێر. یان بە قەولی هاوڕێیان خودی جنسەکە.

**سەعاتچی:** لە هەمان ئەم گۆڕەپانەی سەرەوە سەعاتچییەکی تر هەیە ناوی دوکانەکەی ناوە: سەعاتچی دروستکار.

**پیاوەکە:** (گاڵتەجاڕییانە پێدەکەنێ) دروستکار! دەلالەکان دەبێ ناوی دوکانەکانیان بنێن دروستکار تا بە ئیسراحەت بتوانن فرتوفێڵ بکەن. وای چەند ئیشی دەلالی لە برەودایە. لە دەلالی مەوادی خواردنەوە تا دەلالی کردن بە ئاینەوە

**سەعاتچی:** قوربانی دەمت بم.

**پیاوەکە:** سەعاتچییەکان لە جینسی زەمەنن. عەسکەرییەکان کەشخەن، دکتۆرەکانی چاو چاویلکە لەچاو دەبن، فرۆکەوانەکان بە ڕووداوی ترومبێل تیادەچن، ئێمەیش

پسپۆڕانی جوگرافیای برسێتیی، دواجار لە تینوواندا دەمرین.

**سەعاتچی:** (پێدەکەنێ) باش ئاگادارن. دەزانن بۆچی؟ چونکە کاتژمێر سەروکاری لەگەڵ دەروونی ئینساندا هەیە. کاتژمێر دەڵێ کەی بنوویت، کەی خەبەرت بێتەوە، کەی بچیت بۆ ئیش، کەی بگەڕێیتەوە. کاتژمێر بەرنامەت بۆ دادەنێت.

**پیاوەکە:** سوپاس.

**سەعاتچی:** ناوی دوکانەکەی باوکم سەعاتچی ئیبتیکار بوو. بەڵام براکەم ناوی دوکانەکەی ناوە تەقەلا.

**پیاوەکە:** (بە گاڵتەجارییەوە پێدەکەنێ) ئاخر ئەو ناوە چ پەیوەندییەکی بە سەعاتچێتییەوە هەیە؟

**سەعاتچی:** قسەتە!

**پیاوەکە:** زیاتر لە ناوی یانەیەکی وەرزشی دەچێت.

**سەعاتچی:** قسەتە!

**پیاوەکە:** بەڕاست بۆچی کچەکەی سەرەونگوم کرا؟

**سەعاتچی:** کەس نازانێ. رەنگە خۆی ئەوەی ویستبێ.

**پیاوەکە:** هەڵبژاردن گەورەترین هونەری بەشەرە. (ئاماژە بە کاتژمێرە بەندۆڵدارەکە دەدات) ئەمە هەڵبژاردنێکی هونەرمەندانەیە. (دەستی خۆی ماچ دەکات) من سوپاسی خۆم دەکەم کە ئەم جێگایەم هەڵبژارد. (ئاماژە بە کاتژمێرە بەندۆڵدارەکە دەدات) تەنیا بینینی ئەم کاتژمێرە دەتوانێ....

**سەعاتچی:** (قسەکەی پێدەبڕێت) بە دڵتاندا چووە؟

(پیاوەکە لەگەڵ بەندۆڵەکەدا مل با دەدا و سەری بەملاو لادا



تەکان دەدا. سەعاتچی ئاوازێک دەڵێتەوە، دەستی بە حاڵەتی ڤاڵس دەکاتەوە و سەما دەکا)

**پیاوەکە:** تیک، تاک، تیک، تاک (بە جووڵەی سەر) تیک، تاک، وێنەی نییە.

**سەعاتچی:** بێگومان بە دڵتاندا چووە.

**پیاوەکە:** نەء، نەء. چونکە نە پارەکەم بەش دەکا، نە دڵیشم دێت لێرە بیجووڵێنم.

**سەعاتچی:** گرینگ نییە. ئەگەر...

**پیاوەکە:** نا، بیردەکەمەوە کە....

**سەعاتچی:** شەرم مەکەن.

**پیاوەکە:** بیردەکەمەوە کە..

**سەعاتچی:** هەر بیری لێ مەکەنەوە.

**پیاوەکە:** برای ئازیز! بۆ ناهێڵن بیربکەمەوە؟

**سەعاتچی:** ئومێدەوارم بمبەخشن.

**پیاوەکە:** نەء، خەریک بووم بیرم دەکردەوە کە....

**سەعاتچی:** بیکڕن؟

**پیاوەکە:** نا، بیرم دەکردەوە....

**سەعاتچی:** بەکرێی ببەن.

**پیاوەکە:** ئەسڵەن ئێوە ڕوخسەتم نادەن بیربکەمەوە.

**سەعاتچی:** بمبوورن.

**پیاوەکە:** (بە شەوقەوە) دەبینن کە دەکرێ چ گەمەیەکی جوان بەم

کاتژمێره ڕێکبخرێت؟

**سەعاتچی:** گەمە؟

**پیاوەکە:** بەڵێ، گەمەیەکی داهێنەرانە و سەرنجڕاکێش.

**سەعاتچی:** چۆن؟

**پیاوەکە:** تەماشاکەن، من و تۆ بۆ نموونە ڕێکدەکەوین کە یەکێکمان لەگەڵ بەندۆڵی کاتژمێرەکەدا مل با بدا، واتە سەر تەکان بدا، ئاوها، بۆ نموونە دە دەقیقە.. ئەویتریشمان هەوڵ دەدا کە ڕیتمی مل بادانەکەی لێ تێکبدات.

**سەعاتچی:** ئەمە ناکرێت.

**پیاوەکە:** بۆچی؟

**سەعاتچی:** بۆی هەیە جەناب بەسەردا بێت. ئاخر ئێرە شوێنی کەسابەتی منە.

**پیاوەکە:** ئاگامان لە کات دەبێت.

**سەعاتچی:** بەڵام ئەم کارە بێ سوودە.

**پیاوەکە:** دەکرێ بێ سوودیش نەبێت.

**سەعاتچی:** بۆ نموونە بۆ من چ سوودێکی هەیە؟

**پیاوەکە:** خۆتان هەڵی بێنن.

**سەعاتچی:** گەمە ئیتر بۆ عومری ئێمە نابێت.

**پیاوەکە:** ئەوە دەهێنی ئەزموون بکرێت. هەر کەسێ بردییەوە، کاتژمێرێک وەردەگرێت.

**سەعاتچی:** ئێستا با وا داینێن من دەیبەمەوە. ئێوە لەکوێوە کاتژمێر



دەهێنن بیدەنە من؟

**پیاوەکە:** (هەمدیس جزدانی پارەکانی دەردەهێنێت) قوربان من پێمگوتن کە بە تەواوی وجوودم لە خزمەتتاندام.

**سەعاتچی:** کەواتە من مل با دەدەم، ئێوە تەماشا بکەن. (کاتژمێرێک لە جامخانەکە دەردەهێنێت) ئەمەش کاتژمێر. هەڵبەتە زۆریش گران نییە.

**پیاوەکە:** (لەگەڵ تەماشاکردنی کاتژمێرەکەدا) خراپ نییە. هەم فاڵە و هەم تەماشا. دەس پێ بکەین؟

**سەعاتچی:** (لەسەر چوارپاکە دادەنیشێت، لەگەڵ بەندۆڵەکەدا مل با دەدا) بۆچی ئێوە بینەر بن؟

**پیاوەکە:** باشە ئێوە خۆتان واتان ویست.

**سەعاتچی:** ویستم ئێوە تاقی بکەمەوە.

**پیاوەکە:** دوای ئەو هەموو هاوڕێیەتییە، هێشتا متمانەتان پێم نییە؟

**سەعاتچی:** گاڵتەم کرد.

**پیاوەکە:** ئەویش بە من کە (لەپی دەستی پیشان دەدات) دارو نەدارم ئەم دەستە پاکانەمە؟

**سەعاتچی:** گاڵتەم کرد. لە دڵی مەگرن.

**پیاوەکە:** چی بکەین؟ دواجار ئێوە مل با دەدەن یان من؟

**سەعاتچی:** ئێوە بایدەن. دەست پێ بکەین؟

**پیاوەکە:** با دەست پێبکەین.

(دەنگی گوتنەوەی دروشم کە مرۆڤ تێی ناگات. دەنگی سازی

هەوایی. پیاوەکە لەسەر چوارپایەکە لەپاڵ مێزی دوکانەکەدا دادەنیشێ و تەرکیز دەخاتە سەر بەندۆڵی کاتژمێرە بەندۆڵدارەکە. لەگەڵ بەندۆڵەکەدا مل با دەدا. سەعات دوازدە و پەنجا دەقیقەیە)

**سەعاتچی:** تا سەعات یەک.

**پیاوەکە:** سەعات یەکی ڕێک گەمەکە تەواو دەبێت (دەست پێدەکات)

**سەعاتچی:** تەماشاکەن، ڕەنگە سەعات یەکی ڕێک زەنگێکی خۆشیش لێبدات.

**پیاوەکە:** (لە کاتی مل باداندا) بەڵێ... دە.. زا.... نم.

**سەعاتچی:** پێتان وایە من قەڵەوترم یان ئێوە؟

**پیاوەکە:** (بێدەنگی)

**سەعاتچی:** (لە ئەرزەکە دەنۆڕێت) ئەم پارانە لە جزدانەکەی ئێوە کەوتووە؟

**پیاوەکە:** (بێدەنگی)

**سەعاتچی:** ئای وای.... پۆلیس.

**پیاوەکە:** (خوێن سارد) پۆلیس... هەرگیز.... حەقی... منی... نی... یە. (هەروا مل با دەدا)

**سەعاتچی:** (چەکوشێکی پلاستیکی هەڵدەگرێ و لە نزیک پیاوەکەوە ڕادەوەستێ) من ئێستا بەم چەکوشە دەکێشم بە تەوقە سەرتانا. یەک... دوو... (دەستی هەڵدەبڕێ، بەڵام پیایدا ناکێشێت) سێ.

**پیاوەکە:** مەتر... سن... مەتر... سن... من زویر... نا.... بم.



(پێنج دەقیقە کات تێپەڕیوە، سەعاتچی بە پەرۆشەوە بە دوای شتێکی تازەدا دەگەڕێ. دواجار ئاوپرژێنکەرێکی باغە دەدۆزێتەوە و بەوە دوو جار دەموچاوی پیاوەکە تەڕ دەکات)

**سەعاتچی:** ئاو ڕووناکییە... تووڕە مەبن.

**پیاوەکە:** دەست... تان.... خۆ.... ش... بێ.... ت..... فێن... کم... بۆوە.

**سەعاتچی:** (لە چەکمەجەی مێزەکەی کاتژمێرێکی توحفە دەردەهێنێت) بیرم چووبوو ئەم کاتژمێرە بەنرخەتان پیشان بدەم. هەر هەمووی ئاڵتوونە. تەوەرنماشە. زەنگیش لێدەدا. دەنگی زەنگەکەی مرۆڤ ئەفسوون دەکات. (لەپاڵ پیاوەکەدا ڕادەوەستێ. کوتوپڕ کاتژمێرەکە هەڵدەبڕێت) سەیرکە.

**پیاوەکە:** دوایی... دوایی (بە وردی مل با دەدا)

(سەعاتچی بە پەشۆکاوی بۆ ساتێک لەنێو کەلوپەلەکانیدا دەگەڕێ و سەرئەنجام شیشێکی درێژ دەدۆزێتەوە).

**سەعاتچی:** نەکەن بڵێن گەمەکەتان بردووتەوە؟ ڕاستە کەسێکی بە ئیرادەن بەڵام خۆ منیش بێ ئیش ڕاناوەستم و لێگەڕێم کات تێپەڕێت. هێشتا تازە نیوەی کاتەکە تێپەڕیوە. خاڵی لاوازی ئێوەم دۆزیوەتەوە. دەزانن؟ ئێوە (شیشەکە بەرەو چاوی پیاوەکە دەبات) بەمە حەساسییەتتان نییە؟

**پیاوەکە:** نا... نا... نا.

**سەعاتچی:** ئەی بە چی حەساسییەتتان هەیە؟

**پیاوەکە:** هیچ... هیچ.

**سەعاتچی:** نا، ئەمە مونسیفانە نییە. وا خەریکە کاتژمێرە ئازیزەکەم دەدۆڕێنم. لە بەیانییەوە تا ئێستا هیچم نەفرۆشتووە، کاتژمێرێکیش بدۆڕێنم؟ زۆر مایەی خەفەتە. (بە پێکەنینێکی تووڕەی ناکاو) برا گێلەکەم، برا گێلەکەم.... گەر بزانێت چ سەرگەرمیگەلی پێکەنیناوی لەم دونیایەدا هەن ئەوا ناچێت تەمەنی خۆی لە چەرخی دندانەداردا بە هەدەر بدات. (ئارام) دەبینن؟ ئاگادارتان دەکەمەوە ئیتر بەسە.

**پیاوەکە:** پێ.... نج... دەق.... یقە... ئار.... ام... بگ.. رن.

**سەعاتچی:** ئەم بەڕێزە ئیشی پێتانە؟

**پیاوەکە:** نا... نا... نا.

**سەعاتچی:** (شیشەکە دەکات بە نێوقەدی پیاوەکەدا)

ئێستا دەتانهێنمەوە سەر خۆتان. چۆن بوو؟

**سەعاتچی:** (شیشەکە دەکات بە کەمەری پیاوەکەدا، بەڵام ئەو هەر مل با دەدا، جیددی و ئارام) ئێستا چۆن بوو؟

**پیاوەکە:** باش... باش.

**سەعاتچی:** (شیشەکە بە جۆرێک لەبەر دەموچاوی پیاوەکەدا ڕادەگرێت کە ئەگەر سەری تەکان بدات ئەوا بە دەموچاویدا دەچەقێ) ئەگەر ئەم شیشە ئاوها دانێم ئەوا بە دەموچاوتانا دەچەقێ؟

**پیاوەکە:** هەر... چیتان.... پێ... خۆشە... وا... بکەن.

**سەعاتچی:** (شیشەکە بە دەموچاوی پیاوەکەدا دەچەقێ) ئای وای! بریندار بوون. لێگەڕێن با بیسڕم.



**پیاوەکە:** (خوێن بە دەموچاویدا دێتە خوارەوە) نا... پێو... یست... ناکا... (بەردەوام دەبێت)

**سەعاتچی:** پێدەچێ دوو دەقیقەی تریش کاتمان هەبێت... بۆ من گرینگ نییە. بەڵام ئەگەر برینەکەتان جەراعەت بکات ئەوا دەتانکوژێ.

**پیاوەکە:** گرینگ.... نییە.

**سەعاتچی:** قەبووڵمە گەمەکەتان بردەوە.. بەسە.

**پیاوەکە:** ساتی... کۆتایی.. نزیکە.

**سەعاتچی:** (بە تووڕەیی) ئەرێ ئێوە بەردن... (بۆکسێکی توند لە سەری پیاوەکە دەدات) دەی بمرن!

(کاتژمێرەکە نەغمەیەکی زۆر خۆش دەژەنێ و زەربەیەک لێدەدا. پیاوەکە بە خۆشحاڵی لە جێگاکەی هەڵدەستێ. بە پێکەنینەوە دەچێت بۆ لای ئاوێنەکە و تەماشای برینەکەی دەموچاوی دەکات. سەعاتچی لە حەژمەت تووڕەیی هەڵدەلەرزێ)

**پیاوەکە:** ئەم برینەم یادگاریی ئێوەیە. (کاتژمێرەکە لەسەر مێزەکە هەڵدەگرێت، بە گیرفانی هێڵەکەکەیدا دەکات) برینێک و کاتژمێرێک.

**سەعاتچی:** (خۆی کۆنترۆڵ دەکات) بمبوورن.

**پیاوەکە:** بۆچی؟

**سەعاتچی:** بریندارم کردن.

**پیاوەکە:** گرینگ نییە. یادگارییە.

(پیاوەکە جانتاکەی هەڵدەگرێت. لەبەردەم مێزی دوکانەکەدا

دەست بۆ سـەعـاتچـی ڕادەگرێت. سـەعـاتچـی تیامـاوە. نازانێ بڕیاری چی بدات).

**سەعاتچی:** بۆ کوێ؟ (دەست بۆ تەوقە درێژ ناکات)

**پیاوەکە:** هیوادارم بتانبینمەوە.

**سەعاتچی:** دەتانەوێ بڕۆن؟

**پیاوەکە:** بەڵێ.

**سەعاتچی:** بۆ کوێ؟

**پیاوەکە:** دیار نییە بۆ کوێ. شاعیر گوتەنی... بۆ هەر جێگایەک کە بێتە ڕێ..

**سەعاتچی:** ئاخر بەو وەزعەوە نابێ... ئێوە....

**پیاوەکە:** سەرتان لێ دەدەمەوە (بەرەو لای دەرگاکە دەڕوات)

**سەعاتچی:** بەڵام من... دەزانن.... (هەوڵ دەدا نەهێڵێت پیاوەکە بڕوات).

**پیاوەکە:** دەبێ بڕۆم.

**سەعاتچی:** بەڵام من گەمەی یەک لایەنەم قەبووڵ نییە.

**پیاوەکە:** ئەم برینەشتان قەبووڵ نییە؟

**سەعاتچی:** ئێوە کاتژمێرێکتان بردووە و دەتانەوێ بڕۆن؟ هەروا بە ئاسانی؟

**پیاوەکە:** بیرتان بێ کە بە برینێک و بە کاتژمێرێکەوە دەڕۆم.

**سەعاتچی:** ئارام بگرن.. (بەرەو لای پیاوەکە دەڕوات) ڕێگە بدەن منیش بەختی خۆم تاقی بکەمەوە.



**پیاوەکە:** پێویست بە تاقیکردنەوە ناکات. ئێوە کەسێکی بە شانسن، ئیقبالتان بەرزە، لەودیوتان بنۆڕن، ئەم هەموو سەروەتە، ئەم هەموو ئاڵتوون و شتە بەنرخانە هی ئێوەن.

**سەعاتچی:** (دەست دەخاتە سەر باسکی پیاوەکە) دەمەوێ شانس و قودرەتم تاقی بکەمەوە. وەرن، دەرفەتێکیش بە من بدەن.

**پیاوەکە:** (بێ حەوسەڵە) بێ سوودە.

**سەعاتچی:** بێ سوود نییە.

**پیاوەکە:** دەتانەوێ مل با دەن؟

**سەعاتچی:** بەڵێ، ئێوە جارێک باتان دا، ئێستا نۆرەی منە.

**پیاوەکە:** دەبێ بۆ جێگایەک بڕۆم. بڕوا بکە ئەگەر درەنگم نەبووایە ئەوا دەمامەوە.

**سەعاتچی:** دە دەقیقە شتیکی ئەوتۆ نییە.

**پیاوەکە:** ئێوە گوتتان کە نەفەرێک تەنیا پێنج دەقیقە درەنگتر گەیشتە وادەکە و کوژرا.

**سەعاتچی:** لەوە گەڕێ، ئەوە ڕێکەوت بوو. ئێستا بەرنامەکەتان...

**پیاوەکە:** پێم خراپ نییە.. بەڵام...

**سەعاتچی:** (پیاوەکە ڕادەکێشێت) وەرن، وەرن. دە دەقیقە هیچ نییە. دەرفەتێکم بدەنێ. لێگەڕێن منیش بەختم تاقی بکەمەوە.

(لەسەر چوارپایەکە دادەنیشێت)

**پیاوەکە:** تەنیا یەک جار، ئۆکەی؟

**سەعاتچی:** بەڵێ، تەنیا یەک جار.

**پیاوەکە:** (جانتاکەی لەسەر ئەرزەکە دادەنێ) زۆر باشە. دەست پێبکە.

**سەعاتچی:** سوپاست دەکەم. (خۆشحاڵ) لەسەر چی؟

**پیاوەکە:** هەرچی ئێوە بیڵێن.

**سەعاتچی:** بەڕای ئێوە چی؟

**پیاوەکە:** هەر بڕە پارەیەک کە ئێوە دایدەنێن قەبووڵمە.

**سەعاتچی:** لەسەر.... (بیردەکاتەوە) لەسەر هەمان ئەو کاتژمێرەی کە لە منتان بردەوە. (خۆشحاڵ و چاوەڕێ) ئێ؟

**پیاوەکە:** باشە. قەبووڵمە. بەڵام پێموانییە ئێوە بتوانن بەرگە بگرن.

**سەعاتچی:** لەکوێوە دەزانن؟

**پیاوەکە:** کارێکی سەختە. دەترسم کاتژمێرێکی تریش بدۆڕێنن.

**سەعاتچی:** دەتانەوێ مەرجەکە دوو بەرامبەر بکەین.

**پیاوەکە:** دەتانەوێ گرەو لەسەر هەموو کاتژمێرەکانی دوکانەکە بکەین؟

**سەعاتچی:** نا، لەسەر دوو کاتژمێر.

**پیاوەکە:** نیگەرانم بۆتان.

**سەعاتچی:** نیگەرانی من مەبە. هەرچی بێت من کراسێکم زیاتر لە ئێوە دڕاند.

**پیاوەکە:** پاشان نەبا ناڕەحەت بن یان بۆ نموونە بگرین!

**سەعاتچی:** بگریم؟ (پێدەکەنێ) بۆ کاتژمێرێک؟

**پیاوەکە:** نا، بۆ سێ کاتژمێر.

**سەعاتچی:** ئەنجامی گەمەکە دەبینین. من ئەمڕۆ هیچم نەفرۆشتووە. دەمەوێ بە دەستی بەتاڵ بۆ ماڵەوە نەڕۆمەوە.



**پیاوەکە:** من بەهێزترم لەوەی کە بیری لێدەکەنەوە.

**سەعاتچی:** کەش و فش دەکەن؟

**پیاوەکە:** ئەمەیش هەر بەشێکە لە گەمەکە.

**سەعاتچی:** من جگە لەوەی کە ئەو کاتژمێرەتان لە چنگ دەردەهێنمەوە، جزدانی پارەکەشتان بەتاڵ دەکەم.

**پیاوەکە:** دەتانەوێ سبەینێ بێم.

**سەعاتچی:** نا، نا، هەرگیز قسە لەوە مەکەن.

**پیاوەکە:** زۆر باشە، دەست پێبکەن.

**سەعاتچی:** (جوان لەسەر چوارپایەکە دادەنیشێت و ڕووەو کاتژمێرەکە، خۆی ئامادە دەکات) بە ڕاست لەبیرتان بێت کە بریندارم نەکەن.

**پیاوەکە:** باشە، من دیموکراتییانە ڕەفتار دەکەم. هەوڵ دەدەم بە قسە سەرتان لێ تێک بدەم.

**سەعاتچی:** هەرگیز دەستم بۆ مەبەن.

**پیاوەکە:** زۆر باشە. دەست پێبکەن. لە ئێستاوە دە دەقیقە.

(سەعاتچی دەست پێ دەکا و لەگەڵ بەندۆڵەکەدا مل با دەدا. لە نێوەندی بێدەنگیدا دەنگی دروشمدانێک دێت کە بونیادەم تێی ناگا و دەنگی سازگەلی هەوایی دێت. پیاوەکە سووڕێک لێدەدا، پاشان بەرەو لای سەعاتچی دەڕوات. لێی ورد دەبێتەوە، لەپاڵ دەموچاویدا پخ دەکات. بەڵام سەعاتچی بەبێ گرینگی پێدان درێژە بە کاری خۆی دەدات. زۆر جیددی، خۆشحاڵ و بە وردی).

**پیاوەکە:** ئەو پارانە هی ئێوەن؟

**سەعاتچی:** بەڵێ. (مل با دەدا)

**پیاوەکە:** بیانبەم؟

**سەعاتچی:** بیا..... ن... بە.

**پیاوەکە:** ئێوە کەسێکی خۆڕاگرن، بەڵام من بەهەر نرخێک بێ دەبێ بیبەمەوە.

**سەعاتچی:** پێتانوایە. (بە حیرسەوە مل بادەدا)

**پیاوەکە:** زۆر باشە. کاکی بەڕێز. من کاری خۆم لەم لەحزەیەوە بە جیددی دەست پێدەکەم و رایدەگەیەنم کە دەمەوێ هەموو دوکانەکەتان کۆبکەمەوە..

(پیاوەکە جانتاکەی هەڵدەگرێ. دەچێتە پاڵ جامخانەکە، دەیکاتەوە و یەکە یەکە کاتژمێرەکان هەڵدەگرێ و دەیانخاتە جانتاکەیەوە)

**سەعاتچی:** من.... فر.... یو... نا... در... ێم.

**پیاوەکە:** من ئەم کاتژمێرە بەنرخ و نازدارانە هەڵدەگرم و دەیانخەمە جانتاکەمەوە.

**سەعاتچی:** (بێدەنگی)

**پیاوەکە:** ئەم کاتژمێرە ئاڵتوون و زیوانە هەڵدەگرم. (کاتژمێرەکان دەخاتە جانتاکەیەوە)

**سەعاتچی:** (بە بێدەنگی مل بادەدا)

**پیاوەکە:** من ئەم کاتژمێرە جوانانەی بەرباخەڵ هەڵدەگرم. ئێستا دەبێ هەستن و نەهێڵن ئەم کارە بکەم.



**سەعاتچی:** ئێوە.... پێتان.... وایە... کە ئێمە... لە... حی... زبدا... چی... فێر... دەبی... ن؟

**پیاوەکە:** ئێوە وا خەریکە هەموو سەروەتەکەتان لە دەست دەدەن.

**سەعاتچی:** بەر... گری... سەر... لەوحەی.... ڕەفت.... تاری.... ئێمەیە.

**پیاوەکە:** دەزانن بۆچی براکەتان لە چەرخی دندانەداردا بە دوای ئەڵقەی ونبوودا دەگەڕێت؟

**سەعاتچی:** نا... نا... نا.

**پیاوەکە:** قەت بیرتان نەکردووتەوە کە بۆچی کچەکەی...

**سەعاتچی:** نا... نا... نا.

**پیاوەکە:** ڕۆژێک دێ لەو شتانە حاڵی دەبیت. ڕۆژێک کە زۆر دوورە.

**سەعاتچی:** من.... فریو... ناخۆ...م.

**پیاوەکە:** من ئێوەم فریودا.

**سەعاتچی:** من.... براوەی... ئەسڵیم.

**پیاوەکە:** ئەم کاتژمێرە نازدارانە، بڕوا بکە ماوەیەکی زۆرە نەخشەیان بۆ دادەڕێژم.

**سەعاتچی:** (بە پێکەنینەوە مل با دەدا) پێنج دەقیقە تێپەڕی.

**پیاوەکە:** ئێوە هەرگیز ئاگاتان لێ نییە کە چ هەڵەیەک دەکەن. من ئێوەم سەرگەرم کردووە تا سەروەتەکەتان ببەم. من ئێوەم بە شتگەلێکی لاوەکییەوە سەرگەرم کردووە تا هەموو سەروەتەکەتان ببەم بەڵام ئێوە دەست ناهێننە ڕێم. ئێستا ئیتر

کاتییەتی. هەستن و ڕێگەم لێ بگرن.

**سەعاتچی:** من... فریو... نا.... خۆم.

**پیاوەکە:** من پارەکانتان دەبەم (هەموو پارەکان لە چەکمەجەکە دەردەهێنێت) باشە، چی ترتان هەیە؟ (سووڕێک لێدەدا) کاتژمێری دیواری. ئەو کاتژمێرە دیوارییە ناسکەش دەبەم. (کاتژمێرێک لە دیوارەکە دەکاتەوە و دەیخاتە جانتاکەیەوە) تەنانەت بەبەرچاوتانەوە دەیبەم تا باوەڕم پێ بکەن کە بە گاڵتەم نییە.

**سەعاتچی:** (لە بێدەنگی و پێکەنیندا بەردەوامە) هە... هە.. هە.

**پیاوەکە:** من ئیتر کارم لێرە نەما، هێشتا سێ دەقیقەی تر دەرفەتتان هەیە، مل بادەن و گەمەکە بەرنەوە.. من دەڕۆم. خواحافیز. (بە دەنگی بەرز) خواحافیز، هاوڕێی ئازیز، (دەرگاکە دەکاتەوە) من وا دەڕۆم، ناتانەوێ بێنەوە سەر خۆتان؟

**سەعاتچی:** (لە بێدەنگی و پێکەنین بەردەوامە) نا... نا.. نا...

**پیاوەکە:** خواحافیز هاوڕێی زۆر ئازیز. (لە دوکانەکە دەچێتە دەرێ. دەقیقەیەک بە بێدەنگی تێدەپەڕێ و سەعاتچی لەسەر کاری خۆی بەردەوامە)

**سەعاتچی:** تا.. چەند... لەحزە... یەکی... تر.... من... دەیبە.... مەوە... تێ... دەگەن؟

(سەعاتچی هەروا مل بادەدا، کاتەکە تەواو دەبێت. سەعاتچی لە تاو خرۆشان بۆ سەرەوە باز دەدا و مشت دێنێتەوە یەک. هاوار دەکات)



من بردمەوە، من بردمەوە.

دەنگێ لەنێو دەنگی هەراوزەنا و دروشمی غەڵەبەغەڵب ئاسای خۆپیشاندەراندا بزر دەبێت. دەنگی سازگەلی هەوایی دێت. سەعاتچی تەماشایەکی دوکانەکەی دەکات. جگە لە کاتژمێرە بەندۆڵدارەکە هیچی تر لە دوکانەکەیدا نەماوە. دەرگای دوکانەکەی دەکاتەوە. دەنگی سازگەلە هەواییەکان لە بۆڕەی گایەک دەچێ کە دوور دەکەوێتەوە. لە بێدەنگیدا، دەنگی گڤەی با دێت و لە گریانی ژنێک دەچێت کە لە دڵەوە هاواری مەرگ بکێشێت.

**سەعاتچی:** (بە گریانەوە) من بردمەوە.

شانۆنامەی

# دلی بای و ئاهو

## کارەکتەرەکان

ئاهو: بووکێ

سونا: دایکی بووکێ

بایاندو: باوکی دلی بای

مایسا: کچی پووری دلی بای

قاراچوگا: ڕکەبەری دلی بای

ئای تک: هاوڕێی ئاهو

ئای لەر: هاوڕێی ئاهو

تایماز: چایچی

پۆلیسی یەکەم

پۆلیسی دووەم

بەربووکی یەکەم

بەربووکی دووەم





# پەردەی یەکەم

دیمەنی یەکەم:

**بەردەم ماڵەکەی بایاندو**

فەزایەک پڕ لە درەخت بە قوماش و کاخەزی ڕازاندنەوەی زەماوەندەوە، لە کۆتایی شانۆدا چەند ماڵێک بەحاڵ لە ئاسۆدا دیارن. لەبەردەمی شانۆ و لەلای ڕاستدا نیوەی ماڵەکەی بایاندو دیارە.

چەند ئەسپی کاخەزیی بە ئەندازەی ئەسپی ئاسایی لە چەند پیاوێکدا بە جلی تورکمانییەوە سەما دەکەن. لەژێر پەنجەرەی ماڵەکەدا، ئای لەر، ئای تک، دوو منداڵ و ژنێک کە چارشێوی بە ڕوخسارەوەیە، تەماشای سەمای پیاوەکان دەکەن. تیپی مۆسیقا شادمانیی فەزای تەنیوە، ژمارەیەک خەڵکیش کە نابینرێن، بە چەپڵەلێدانەوە هەمڕایی تیپی مۆسیقاکە دەکەن. بایاندو لەپاڵ پیاوە سەماکەرەکاندا، بە شادمانی چەپڵە لێدەدا و ئەوانی تر بۆ سەما هان دەدا.

چەند پیاوێک لە ناوەڕاستی شانۆدا بازنەیەک پێکدەهێنن و نمایشی سەمای خەنجەر دەکەن.

**بایاندو:** سەما بکەن، بەڵام خۆتان ماندوو مەکەن. (خۆشحاڵ) کەس هەیە سەمای نەکردبێت؟ (هەراوزەنای ئەوانی تر) ئافەرین.

(جەستەی بە ڕیتمی مۆسیقاکە با دەدا)

**ئای لەر:** مامە بایاندو، ئەوە لە کوێ پیاسە دەکەیت؟

**بایاندو:** (لە کچەکان ئاگادار دەبێت) لە ئاسمان.

**ئای تک:** چەند ئەستێرەیەکیش بۆ من بچنە.

**بایاندو:** (لە کاتێکدا کە خەیاڵی لای سەماکەرانە) تەنیا یەک دانە.

**ئای تک:** مامە بایاندو دوو دانە. یەکێ بۆ من و یەکێکیش بۆ ئای لەر.

**بایاندو:** زۆر باشە، بە ڕۆژی ڕووناک ئەستێرە هەڵبژێرە.

**ئای تک:** (تەماشای ئاسمان دەکات) ئەوەی کە لە هەموویان ڕووناکترە هی ئاهو وە. (بە ئاسماندا دەگەڕێت) ئەوانی تریش وەک یەکن.

**بایاندو:** لەبیرم بێ کە بە دلی بای بڵێم لە زەماوەندەکەی تۆدا خزمەت بکات، نا، کەمە. تۆ ئەمڕۆ زۆر یارمەتی ئێمەت دا. دلی بای دەبێ لە زەماوەندەکەی تۆدا بە ئەسپەکەی زریان هەستێنێ. کاتێ سوار ئەسپەکەی دەبێت، دەزانیت کە... کە هەرچییەکی بوێت دەیکا. سەمای سوارچاکی.

**ئای تک:** زەماوەندی من؟ (پێدەکەنێت) یەکەم جار نۆرەی ئای لەرە.

**بایاندو:** هەردووکتان... هەردووکتان... (ژنێک تێدەپەڕێت کە قاپێک میوەی بە دەستەوەیە) خێرت بنووسێت.

**ئای تک:** مامە بایاندو، بڵێ یەکێ لە ئەسپەکانت بەڕێ بخەن.

**بایاندو:** کاتێ کە هەموو میوانەکان هاتن. لە حزووری بووک و زاوادا. هەر شەشیان بەڕێ دەخەم.



**ئای تک:** ئێستا ئەگەر دەبێت، دەی لەبەر من.....

**بایاندو:** (خەیاڵی لای سەماکەرانە) دەبینیت کە ئێستا دەستم گیراوە.

**ئای تک:** بە شایەرەکان بڵێ. (کچەکان لەگەڵ یەکدیدا قسە دەکەن و پێدەکەنن)

**بایاندو:** (ئاماژە بۆ سەماکەرەکان) ئەی کێ سەما بکات؟

**مایسا:** بە سەتڵێکی گەورەوە لە نزیک کچەکانەوە ڕادەوەستێت. لەهەمان کاتدا پیاوێک بە گونیەک برنج بە کۆڵەوە بە خێرایی تێدەپەڕێت، ژنێک منداڵەکەی بانگ دەکاتەوە:" گول لەر، گول لەر"

**ئای لەر: مایسا:** یارمەتیت ناوێ؟

**مایسا:** قسە لەوە باشتر.

**بایاندو: مایسا:** من چۆن حەقت بۆ بکەمەوە؟ (دەستەکانی دەکاتەوە و حاڵەتێکی ڕێزئامێز بە خۆوە دەگرێت)

**مایسا:** خۆ گاڵتە نییە، زەماوەندی دلی بای و ئاهو وە.

**بایاندو:** (شادمان) خوایە نەمرم تەنیا زەماوەندی تۆ ببینم. (مایسا سەتڵەکەی هەڵدەگرێ تا بڕوات) ئەم کەنیشکانەش ببە بۆ لای ژنەکان تا کۆمەک بکەن، سەما بکەن، بێ کار نەبن.

**ئای تک:** خەمێکمان نەما مامە بایاندو. (کچەکان و مایسا دوور دەکەونەوە)

**بایاندو:** سەرێکیش لە چێشتلێنەرەکان بدەن.

**سونا:** (وەدیار دەکەوێت) وەزعەکە ڕێکوپێکە.

**بایاندو:** ژنەکان لە هیچیان کەم نییە؟

**سونا:** سفرە پڕ و ئاوەدان، هەرچی دەخۆن و دەڕژن...

**بایاندو:** خودا ڕسق دەدا. (سەری بە سەماکەران گەرم دەبێت) دەی منداڵینە هەموو توانای خۆتان بخەنە کار. ها. (چەپڵە لێدەدا و شان تەکان دەدا)

**سونا:** ئێرە بەزمترە.

**بایاندو:** بووک و زاوا چی دەکەن؟

**سونا:** لەوێ دانیشتوون. (ئاماژە بۆ ژوورەکە دەکات)

**بایاندو:** (لە سونا نزیک دەبێتەوە) هیچی تیایە بیانهێنینە ناو خەڵکەکە؟

**سونا:** هەرچی کەمتر دەرکەون کەمتر بە چاوەوە دەبن.

**بایاندو:** (بەرەو لای ماڵەکە دەڕوات) بڕۆم سەرێکیان لێ بدەم. خۆزگە دوازدە منداڵم هەبوونایە. (هەردووکیان پێدەکەنن، بایاندو دوور دەکەوێتەوە)

دیمەنی دووەم:

**ماڵەکەی بایاندو**

دوور تا دوور سەرین هەڵچنراوە. خۆر لە ئاسۆوە لە پەنجەرەی دواوە دیارە.

لەپاڵ پەنجەرەکەدا شاڵێکی سرکەیی هەڵواسراوە و لای چەپەوە مەلێکی گەورەی مۆمیاکراو هەیە و دوو کورسیی کۆن لەژێریدا.

دەنگی تەنبوور و دەف، هەراوزەنای میوانان لە دەرەوە دەبیسترێت.



ئاهو بە جلکی سوورەوە، ڕووسەرییەکی گوڵگوڵی بە سەرەوەیە.

بایاندو دێتە ژوورەوە. دەنگەدەنگێکی توند دێتە ناوەوە.

بایاندو دەرگاکە دادەخات و لە سووچێکدا دادەنیشێت و چەپوچیر لەسەر بالیفێک پاڵ دەداتەوە.

**بایاندو:** ئاهو، لە پەلوپۆ کەوتووم.

**ئاهو:** زۆر قەرەباڵخ بووە. خەڵکانێک هاتوون نایانناسین.

**بایاندو:** هەموو خەڵکی ئاوایی، تورکمانەکانی دەوروبەر، دۆست و ئاشنا، لە پەلوپۆ کەوتووم بەڵام قەت هێندەی ئەمڕۆ خۆشحاڵ نەبووم.

**ئاهو:** ئەم چەند ڕۆژە زۆر خۆتان ماندوو کردووە.

**بایاندو:** دەبێ کارەکان بە جۆرێک لە جۆرەکان بەرەو پێش بچن. مەگەر دەکرێ مرۆڤ دانیشێ و بنۆڕێت؟

**ئاهو:** باشە، گەنجترەکان هەن. خۆ نابێ هەموو ئیشەکان ئێوە بیکەن.

**بایاندو:** زەماوەند جارێکە و ئابڕووش یەک عومر.

**ئاهو:** ئەوە هەمووی ڕاستە. بەڵام ئاگاشتان لە خۆتان بێت. خۆت دانیشە و ئیشەکان بەسەر ئەم و ئەودا بدە.

**بایاندو:** هەمووان مەشغوڵن. وەک بڵێی میوانمان نەبێ و هەمووان خاوەن ماڵ بن. لێدەنێن، دەخۆن، دەشۆن، دەڕژن، بەکورتی هەمووان خۆشحاڵن. مام ئەسلان و دارودەستەکەی چێشت لێدەنێن، موخیی مەجلیسەکەی گەرم کردووە، ئانابردی چا تێدەکا، مایساش سەرپەرشتی هەموو شتێک دەکا. فریشتەی نەجاتە.

**ئاهو:** کەمێک خەمگین دێتە پیش چاو. بەڵام..... (لە فیکرەوە دەچێت)

**بایاندو:** نا، نا، ماندووە. هەر ئەوەیە. (دەستی لەیەک دەخشێنێ) حەقی بۆ دەکەمەوە.

**ئاهو:** ئەم شۆر و شەوقەی تۆ سنووری نییە. بونیام کەیفی پێت دێ.

**بایاندو:** ئەگەر ئەمشەو خۆشحاڵ نەبین ئیدی کەی خۆشحاڵ بین؟

**ئاهو:** خۆزگە هەمووان وەک تۆ بوونایە. مرۆڤ وا لێدەکەیت هەست بە شادمانی بکات.

**بایاندو:** کەس نازانێت لە چ خۆشییەکدام. بونیام چوزانێ سبەی چی ڕوودەدا؟ دەشێ نەمێنم و زەماوەندی نەوەکانم نەبینم.

**ئاهو:** بۆچی نایبینیت؟

**بایاندو:** خۆم دەمەوێ ببینم بەڵام خۆ بەدەست خۆم نییە، چاوترووکانێک و تەمەنمان تێپەڕیوە.

**ئاهو:** ئێستا کەی کاتی ئەو قسانەیە؟

**بایاندو:** تا دلی بای گەیشتە ئەم تەمەنە، بیست ساڵ ترس و نیگەرانیم چەشت، هەمیشە نیگەرانی بووم. ئەگەر مرۆڤ تەنیا چاوێکی هەبێت ئەوا هەمیشە لە کوێری دەترسێت.

**ئاهو:** ئیشەکان زیاتر بەسەر دلی بای دا بدە.

**بایاندو:** پێ بەپێی من و ئەوانی تر کار دەکات. لە منداڵییەوە لەگەڵ کاردا گەورە بووە. ئێمە ئاغا نین بەڵکو ڕەعییەتین. پارچەیەک ئەرز، چەند سەر مەڕێک و تا دڵت حەز بکات ئیش. دلی بای ش ئەوە دەزانێت.

**ئاهو:** دەبێ پێی بڵێین کە قورسایی کار بە کۆڵی خۆی بکێشێت.



**بایاندو:** (نیوە هەستانێک) نا، هەر کەسێک بەگوێرەی توانای خۆی.

**ئاهو:** ئێوە بۆ زەماوەندەکەی ئێمەش قەرزار بوون. ئەم هەموو زیادە مەسرەفییە لە کوێوە دێت؟

**بایاندو:** خودا دەینێرێت.

**ئاهو:** خودا بەخیل نییە، بەڵام.... (بێدەنگی) منیش یارمەتیتان دەدەم.

**بایاندو:** (پاڵ دەداتەوە) لە سبەینێوە کە بوویتە کەیبانووی ئەم ماڵە، هەست بە ئارامی دەکەم. سالانێک بوو ژنێک لەم ماڵەی ئێمەدا چێشتی لێنەنابوو، شیری نەدۆشیبوو، فەرشی نەچنیبوو، نانی بە تەنوورەوە نەدابوو. سالانێک لەمەوبەر واتە کاتێ کە دلی بای سێ سالان بوو. (دەچێتە پاڵ پەنجەرەکە) هەوڵم دا خۆم بە جۆرێک لەگەڵیدا بسازێم. بەهەر کوێرەوەرییەک بوو گەورەم کرد و ئێستایش یەکەم جار دەیسپێرم بە خودا و پاشان بە تۆ. دلی بای یادگاری گودانا یە.

**ئاهو:** خەڵکی هەمیشە لە یادیدان.

**بایاندو:** ئاهو، من لە ژیاندا یەک ئاواتم هەبووە. ئەویش ئەوە بووە کە حەزم کردووە زەماوەندەکەی دلی بای ڕێکوپێک سازبدەم. چەند ڕۆژێک لەمەوبەر بیرم کردەوە ئەدی باشە، زەماوەند خەرجییەکی زۆری دەوێت، باشە چی بکەم؟ بەڵام وا دەبینیت کە هەموو شتێک جێبەجێیە. جلی دووراو لەبەرماندایە. هەمان ئەو خەونەی کە پێرێ شەو بینیم.

**ئاهو:** خێر.

**بایاندو:** خەونێکی سەیر بوو. گودانام بینی لەژێر ساباتەکەدا

دانیشتبوو خەریک بوو شتێکی دەچنی. گوتم گودانا ئەوە چی دەچنیت؟ گوتی جل بۆ منداڵەکەم دەچنم. گوتم شتێکیش بۆ من بچنە. ویستم بچمە نێو ساباتەکەوە، گوتی بەر لەوەی بێیتە سەرەوە، بزانە دلی بای لە کوێیە. کە لە خەو ڕاپەڕیم، من لە بیابان بەدوای دلی بای دا دەگەڕام.

**ئاهو:** جل لە خەودا ساخ و سەلامەتییە و بیابانیش بەرفراوانی. خێر دەبێت.

**بایاندو:** لەبیرم بی سبەینێ سەرێک لە گۆڕستان بدەم. نەزرێکی بۆ بکەم.

**ئاهو:** من و دلی بای ش دێین.

**بایاندو:** لەم بیست ساڵەدا هەمیشە لەژێر خاکدا خەمی دلی بای بووە. گودانا عەجەب ڕۆحێکی هەیە. خودا لێی خۆش بێت. وەک بلێی لە هەموو شوێنێکدا بێت. وەک بلێی لەگەڵ بونیامدا بدوێ. (بە شتێک پێدەکەنێ کە لە پەنجەرەکەوە دەیبینێت)

**ئاهو:** ئێوە خەبەرتان نییە کە ؟.... (بایاندو قسەکەی پێ دەبڕێت)

**بایاندو:** (شادمان) ژنێکی باش بوو. کاتێ کە زەماوەندمان کرد من ئەوەندە هۆگری ئیش بووم کە ئیدی ڕۆژێکیان حاڵی بووم لەوەی گودانام لەدەست داوە. باشە، بۆ ئەوەی بتوانم بەرگە بگرم، هەموو کاتی خۆم بەخشییە دلی بای. (لە پەنجەرەکەوە دادەنەوێتەوە) هێی منداڵینە، نەچنە لای ئەسپە کاخەزییەکانەوە، تێکیان دەدەنەوە. (بۆ ئاهو) بۆیە دەڵێم هەر کەسێک دەبێ بە ئەندازەی خۆی کار بکات. هەموو شتێک ئەندازەیەکی هەیە. ئێستا ئیتر دەبێ ئێوە ژیانی خۆتان پێکەوە



بنێن. دلی بای هەموو شتێکی هەبووە بەڵام دواجار منداڵێکی بێ دایک....

**ئاهو:** باوکە تێدەگەم، هەوڵ دەدەم. کوڕەکەی ئێوە...

**بایاندو:** کوڕی من نا، بەڵکو مێردی تۆ. مەیکە بە منەت بەسەر منەوە. (پێدەکەنێ) گاڵتە دەکەم. تۆ بیلبیلەی چاوێک و دلی بایش بیلبیلەی چاوەکەی ترە. من چەند بەیانییەک میوانی ئێوە دەبم...

**ئاهو:** باوکە ئەمە چ قسەیەکە دەیکەیت؟ (کەمێک نیگەران) بەڕاست، دلی بای نەیگوت دەیەوێت بۆ کوێ بچێت؟

**بایاندو:** نا، پێی نەگوتووم.

**ئاهو:** ئەی بۆ کوێ چووە؟

**بایاندو:** لە من دەپرسیت؟ (بەرەو لای دەرگای ڕاست دەچێت، دەیکاتەوە، هەراو زەنایەکی زۆر دێتە ناوەوە) ڕەنگە هەر لەم ناوەدا بێت. لای میوانەکان بوو. (دەیەوێت بڕوات) ئارام بگرە، ئێستا دەیدۆزمەوە. (دەچێتە دەرەوە)

ئاهو بەرەو لای پەنجەرەکە دەڕوات، تەماشای دەرەوە دەکات، بۆ ساتێک دەگەڕێتەوە بەردەم ئاوێنەکە و دادەنیشێت، ڕووسەرییەکەی چاک دەکات، دەست بە دوو پرچی هۆنراوی ڕەشدا دەهێنێ کە بەسەر سینگیدا کەوتوون و هەمدیس بەرەو لای پەنجەرەکە دەڕواتەوە و تەماشای دەرەوە دەکات. لەهەمان کاتدا دەرگاکە دەکرێتەوە، ئای لەر و ئای تک دێنە ژوورەوە. ئاهو ئاوڕ دەداتەوە.

**ئاهو:** ئاه. ئێوەن؟

**ئای لەر:** ئەی چاوەڕێ دەکەیت کێ بێ؟ زاوا؟ (لە جێگای بووکێ دادەنیشێ و تەماشای خۆی لە ئاوێنەکەدا دەکات)

**ئای تک:** مەگەر زاوا لێرە نییە؟ (دەرگاکەی پشت سەری دادەخا و پاڵی پێوە دەداتەوە)

**ئاهو:** نا، ڕۆیشت بۆ شوێنێک ئیشی هەبوو. نازانم بۆ کوێ چوو.

**ئای لەر:** چاوەڕێ مەبە هەموو کاتەکەی بداتە تۆ.

**ئاهو:** ئای لەر ئەم قسەیەی تۆ تەنیا بۆ ژنانێک باشە کە مێردەکانیان ناناسن.

**ئای لەر:** پێی ناوێت نیگەران بیت. بەهەر حاڵ بە شێوەیەکی یاسایی هی خۆتە.

**ئای تک:** دواجار بە دەستت هێنا. بەڵام نازانم بە چاوت یان بە زمانت.

**ئاهو:** بە هەردووکیان. (هەرسێکیان پێدەکەنن)

**ئای تک:** دوا جار ئەم ئەسپە سەرکێشە بە تۆ ماڵی بوو. ئاهو، شایانی خۆتە. بەختەوەر دەبیت.

**ئای لەر:** ئاهو، من و ئای تک مافوورچنین. مافوورێکی بچووکت پێشکەش دەکەین.

**ئاهو:** دەستتان خۆش بێت، ئەرکتان کێشا. هیوادارم ئێوەش بەختەوەر بن. بەڵام....

**ئای تک:** بەڵام چی؟

**ئاهو:** لەپاداشتی ئەوەدا، لە زەماوەندەکەتاندا دێم و سەر دەکەمە



سەرتان. (هەرسێکیان پێدەکەنن)

**ئای لەر:** ئێستا هیچ خەبەرێک لەوە نییە. پیاوان ئیتر فریو ناخۆن.

**ئای تک:** (بە دەوری دەفری پڕ لە شیرینیدا وەک مەل دەسووڕێتەوە) پیاوێک کە دەبێتە مێردی من دەبێ وەک بولبول قسە بکات.

**ئاهو:** مەبەستت چییە؟

**ئای لەر:** دلی بای زۆر لاڵ نییە. دەتوانێ بە جۆرێک قسەی خۆی بکات.

**ئای تک:** مەبەستم لە دلی بای نەبوو، هەرگیز. دلی بای تەنیا کەمێک زمانی دەیگرێت. ئەوەش چ خەوشێک نییە. کە قسە دەکات لای مرۆڤ خۆشەویستتر دەبێت. هەمووان وا دەڵێن.

**ئاهو:** هەموو کچێک دواجار ڕۆژێک لە ڕۆژان شوو دەکات. نۆرەی ئێوەش دێت.

**ئای تک:** زەماوەندەکەی تۆ لەگەڵ زەماوەندی هەموواندا جیاوازی هەیە. (هەمدیس بە هەمان شێوەی مەل) هەبوو نەبوو، ڕۆژێک لە ڕۆژان کچێکی تورکمان هەبوو، چاوانی ڕەش و دەنگی خۆش، باریکەلە و پرچ درێژ، جوان و نازدار. (تەماشای دەکات) باشم گوت؟ (ئاهو پێدەکەنێت) عاشقی پیاوێک بوو ناوی دلی بای بوو کە لە ئەسپ سواریدا وێنەی نەبوو، باڵا بەرز، میهرەبان، دڵگیر، جوان. پێت خۆشە؟ بەڵام پیاوێکی تر ناوی قاراچوگا بوو، کە سەروەت و سامانێکی زۆری هەبوو، عاشقی دڵ بەژانی کیژەکە بوو.

**ئاهو:** قسەی لێ مەکە. (ئای لەر پێدەکەنێ) ئای تک، بەسە.

**ئای تک:** کچەکە تیامابوو چی بکات. پێ بە دڵی خۆیدا بنێ یان لەقە لە

بەختی خۆی بدا. سفرەی خاڵی یان ماڵی پڕ؟ ئاهو، ئەگەر من لە شوێنی تۆ بوومایە وەڵامی هەردووکیانم بە نەء دەدایەوە.

**ئای لەر:** بەڵام من هەردووکیانم بۆ خۆم دەبرد.

**ئاهو:** زۆر باشە، زۆر باشە. بیبڕنەوە. ئێستا دلی بای دێت...

**ئای تک:** ئای لەر، چۆن؟

**ئای لەر:** کە گەیشتیتە تەمەنی من تێدەگەیت. (پێدەکەنێ و لاسایی دەکاتەوە).

**ئای تک:** ئاهو، تۆ بەم هەموو خوازبێنیکەرەوە دەتەوێ ببیتە ژنی دلی بای؟

**ئای لەر:** ئاهو، دلی بای بەو هەموو کچەوە کە خۆشیان دەوێ بە تەمایە تۆ بهێنێ؟

**ئاهو:** لەبەرئەوەی بێ فێڵ و تەڵەکەیە.

**ئای تک:** بە یولات گوتبوو لەبەرئەوەی لە مانگ دەچێت.

**ئاهو:** بەڵێ وام پێ گوتبوو.

**ئای تک:** ئەی ئەگەر ئاسمان بووە هەور و پەڵە هەوری بچووک و گەورە بەری ئاسمانیان گرت چی دەکەیت؟

**ئاهو:** ئێستا ئیتر واز لەم قسانە بهێنن، بچنە ناو میوانەکانەوە بەشکم نەگبەتێک دڵی پێتاندا بچێ.

(پێدەکەنێ)

**ئای تک:** بێگومان دلی بای ئەم شتانەی فێرکردوویت، دەنا تا ماوەیەک لەمەوبەر ئەم قسانەت نەدەزانی ئەی هاروهاج.



**ئای لەر:** کچان زۆر شت دەزانن.

**ئاهو:** (نیگەران) بڵێی بۆ کوێ چووبێت؟

**ئای تک:** کێ؟

**ئای لەر:** هەر لەم ناوەدا بوو. خۆم بینیم. لای میوانەکان بوو.

**ئای تک:** پاشماوەی چیرۆکەکە ئاوایە. دلی بای سوار ئەسپەکەی دەبێ و وەک با بەرەو لای بووکێکی تر غار دەدا. پاشان هەمدیس دەگەڕێتەوە بۆ لای ئەم بووکەیان.

**ئاهو:** ئای تک دەک خوا لەناوت بەرێت.

**ئای تک:** ڕەنگە قاراچوگا پێی گوتبێت کە ئیتر توخنی ئەم بووکە جوانە نەکەوێت. (لاسایی قاراچوگا دەکاتەوە) کوڕە! پێت زیاتر لە بەڕەکەت ڕامەکێشە. (پێدەکەنێ)

**ئای لەر:** ڕەنگیشە خەوی لێکەوتبێ.

**ئای تک:** ڕەنگیشە بیری چووبێتەوە.

**ئای لەر:** ڕەنگە هاتبێت...

**ئای تک:** ڕەنگە ڕۆیشتبێت.

**ئای لەر:** ڕەنگە نەیەوێت.

**ئای تک:** ڕەنگە بیەوێت..

**ئای لەر:** ڕەنگە.....

**ئاهو:** (هاوار دەکات) بیبڕنەوە. (بە مرومۆچییەوە پێدەکەنێت)

لەم کاتەدا دەرگاکە بە زەربەیەک دەکرێتەوە. مایسا بە حەپەساوی دێتە ژوورەوە و بە نیگەرانییەوە تەماشای

هەرسێکیان دەکات.

**مایسا:** هیچ لێرە ڕوویداوە؟

**ئای لەر:** خەریکین بووکێ لە تەنیایی دەردەهێنین.

**ئای تک:** کەمێک گاڵتەی لەگەڵ دەکەین.

**مایسا:** لە بەیانییەوە تا ئێستا سەرتان کردووەتە سەری.

**ئاهو:** دلی بای یان لێ دیار نییە و ئیتر بۆ خۆیان تەڕاتێنیانە.

**مایسا:** ئەی دلی بای لە کوێیە؟

**ئای لەر:** خوا دەزانێت.

**ئای تک:** بەڵام ئاهو نازانێت.

**مایسا:** (نیگەران) بۆ دەرەوە چوو؟

**ئاهو:** (سەر دەلەقێنێ) کەسێک، نازانم کێ بوو، پێی گوتم بە ئەسپ ڕۆیشتووە.

**مایسا:** بەڵام نەدەبوو بڕۆیشتایە. بۆچی شتی منداڵانە دەکات.

**ئاهو:** لای میوانەکان بووە، دوایی... (بێدەنگ دەبێ و لە فیکرەوە دەچێت).

**مایسا:** ئەو دەزانێت کە نابێ پێ لەم ناوچەیە بباتە دەرێ.

**ئاهو:** ڕەنگە نەچووبێتە دەرەوە.

**ئای تک:** ڕەنگیشە چووبێت. (ئای تک و ئای لەر پێدەکەنن)

**مایسا:** ئێوە دەتانەوێ لێرە بمێننەوە و هەر خەریکی حیلکەحیلک و هاشوهۆش بن؟

**ئای لەر:** نا، دەچین سەرێ لەو لایەش دەدەین.



**مایسا:** بڕۆن. (دەستیان دەگرێ و دەیانکاتەوە دەرەوە. دەرگاکە دادەخا و پشت لە دەرگاکە ڕادەوەستێ) وای!

**ئاهو:** چی لەگەڵ ئەم دووانە، بە تایبەتی لەگەڵ بچکۆلەکەیاندا بکەم.

**مایسا:** کاتێ کە چوونە ماڵە بەختی خۆیان ئیدی ئارام دەبنەوە.

**ئاهو:** پێمگوتن ئەگەر ئازان ئەوا ئەم قسانە لە بەردەمی دلی بای دا بکەن.

**مایسا:** مۆڕەیەکیان لێ بکات ئەوا هەردووکیان لە شەرمدا دەتوێنەوە.

**ئاهو:** خەریکە درەنگ دەبێت. بۆچی نەهاتەوە؟

**مایسا:** (ئاماژە بۆ کورسییەکە دەکات) وەرە لێرەدا دانیشە. لە پەلوپۆ دەکەویت.

**ئاهو:** (دادەنیشێت، بەڵام ساتێک و هەڵدەستێتەوە) بایاندو بۆ کوێ چوو؟

**مایسا:** بۆ دەرەوە. (بەرەو لای پەنجەرەکە دەڕوا و تەماشای دەرەوە دەکات) پیرەمێردێکی وریا و زیت و دڵخۆشە.

**ئاهو:** بەڵایەکی بەسەر نەهاتبێ؟

**مایسا:** ئەوە کەی قسەیە دەیکەیت؟

**ئاهو:** هەروا کە دانیشتبوو، کوتوپڕ گوتی: ها؟ و ئیدی ڕۆیشت.

**مایسا:** لێرە بە تەنیا دانیشتبوو؟ بۆچی نەدەهاتە ناو میوانەکانەوە؟

**ئاهو:** چاوەڕێ بووین بانگمان بکەن. بەڵام ویستمان بێین.

**مایسا:** کێ پێی گوتن لێرە بە تەنیا دانیشن و چاوەڕێ بن؟

**ئاهو:** ژنانی دراوسێ.

**مایسا:** ئێستا ئیدی میوانەکان دەنگە دەنگیان دێت.

**ئاهو:** نیگەران بوو. دڵی گیرابوو. نازانم بیری لە چی دەکردەوە.

**مایسا:** هیچیشی بە باوکی نەگوتووە. (لە پەنجەرەکەوە سەرنجی شتێک دەدا) هەندێک کەس چەند قەرەباڵخی دەکەن. لەبری ئەوەی دانیشن و شیرینی بە چاوە بخۆن، کەچی بە درەختەکاندا هەڵدەزنێن.

**ئاهو:** لە کەسیش زویر نەببوو. کوتوپڕ... (قسەکەی دەخواتەوە)

**مایسا:** ئیتر میوانن. ناکرێ قسەیان پێ بگوترێ.

**ئاهو:** دەترسم لە من زویر بووبێ.

**مایسا:** ئەگەر کەسێک هەبێ دلی بای خۆشی بووێت، ئەوا ئەو کەسە تۆیت. بۆچی دەبێ لە تۆ زویر بێت؟

**ئاهو:** ئەی بلێی بۆ کوێ چووبێت؟

**مایسا:** بیری دایکی نەدەکرد؟

**ئاهو:** (ترساو) ها؟ ڕەنگە.

**مایسا:** ئەوسا بە تەنیا ڕۆیشت؟

**ئاهو:** تەنیا.

**مایسا:** مەگەر خۆی نەیگوتبوو کە قاراچوگا هەرەشەی لێ کردووە؟

**ئاهو:** با.

**مایسا:** کەواتە بۆچی ڕۆیشت؟ بۆچی لێگەڕایت بڕوات؟

**ئاهو:** کوتوپڕ لە جێگاکەی هەستا. گوتم بۆ کوێ؟ گوتی: دەگەڕێمەوە. ئیدی ڕۆیشت.



**مایسا:** پێویستە پیاوان بە دوایدا بنێرین.

**ئاهو:** ئاخر بۆچی دەبێ زەماوەندی من ئاوهای لێ بێت؟

**مایسا:** هیچ نەبووە. دێتەوە.

**ئاهو:** ڕەنگە بەم زەماوەندە قایل نەبووبێ بۆیە ڕۆیشتووە.

**مایسا:** لە کوێ لە تۆ جوانتر و باشتری دەست دەکەوێت؟ من ئەو لە تۆ باشتر دەناسم. ڕەنگە لەپڕا کەسێکی بیرکەوتبێتەوە و چووبێت داوەتی بکات. نەیویستووە کەس گلەیی لێ بکات.

**ئاهو:** ئێستا کاتی ئەو قسانە نییە. ئێمە ناوی هەموو خەڵکەکانمان نووسیبوون.

**مایسا:** کەواتە بێگومان بۆ سەر گۆڕی دایکی چووە. من بە باشی پوورم بیر نایەتەوە بەڵام دەڵێن خوا لێی خۆش بێت ڕۆحی گەلێک بەهێز بووە، دەڵێن لە ژیانیدا تەنانەت بە نیگایەک کەپری ڕووخاندووە، یان بۆ نموونە بیری هەر کەسێکی کردبێ ئەو کەسەی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە. دایکم دەڵێ هەر کاتێ کەوتبێتەوە بیرمان چووین بۆ لای، دڵنیابووین کە پێشتر چووینەتە یادی و ویستوویەتی بچین بۆ لای.

**ئاهو:** هەمووان لەبارەیەوە دەدوێن. هەر کاتێ یادی مردوویەک دەکرێتەوە، ناوی گوادانا ش دەهێنرێت.

**مایسا:** من دەڵێم ڕەنگە ڕۆحی دایکی، دلی بای بۆ لای خۆی ڕاکێشابێ و ویستبێتی شەوی زاوایەتییەکەی بینێت.

**ئاهو:** ئەی بۆچی بە منی نەگوتووە؟

**مایسا:** لەو جۆرە کاتانەدا مرۆڤ ئاگای لە خۆی نییە. چاو و گوێی

دادەخرێن و تەنیا بیر لە یەک شت دەکاتەوە. شتێک کە لە چارەی نووسراوە. کاتێک کە هەموومان منداڵ بووین، تۆیان بۆ قاراچوگا دیاری کرد و منیش بۆ دلی بای. ئێستا قاراچوگا هەرچی هاوار بکات تۆ ئامادە نیت ببیتە ژنی.

**ئاهو:** قاراچوگا چ جیاوازییەکی لەگەڵ زۆر کەسی تردا نییە، تەنیا سەروەت و سامانەکەی زۆرە.

**مایسا:** سەروەت و سامان بەختەوەری نین. بەڵام قاراچوگا تۆی زۆر خۆش دەوێ.

**ئاهو:** من تا ئێستا ڕووبەڕوو نەمبینیوە، بەڵام دەڵێن زۆر لەخۆڕازی و کەللەڕەقە.

**مایسا:** بەڵام دلی بای. (زەردەخەنە دەیگرێ و سەر دەلەقێنێ) کوڕی دایکی خۆیەتی.

**ئاهو:** دلی بای شتێکی ترە. دلی بای، دلی بای، دلی بای، کەس نازانێ من چ دەڵێم.

**مایسا:** کێ حەکایەتی دلی بای و ئاهو نازانێ؟ بەڵام ئاهو، من دەزانم تۆ چ هەستێکت هەیە.

**ئاهو:** بڵێم چۆن، نەوعێکە. وەک بڵێی خەون دەبینم. لەو خەونەدا هەرچی هەوڵ دەدەم بیگرم بەڵام ناتوانم، هەم هەیە و هەم نییە.

**مایسا:** لەو کاتەوەی خۆی ناسی، هەر لە هەرزەکارییەوە، ئەو ڕۆژانەی کە لە پێشبڕکێی ئەسپسواریدا بردییەوە و بووە پاڵەوان، پێی دەگوتم: هەست دەکەم گەر پێشبڕکێکە نەبەمەوە بە ئاهو ناگەم. (وچان) هەر لەو کاتەوە.... (وچان)



**ئاهو:** تۆیش ناڕەحەت نەدەبوویت!؟

**مایسا:** (بێدەنگی)

**ئاهو:** ناڕەحەت دەبوویت؟

**مایسا:** دڵم ڕیشەکێش دەبوو. (کوتوپڕ بە خۆیدا دێتەوە) بەڵام ئێستا، ساڵەهایە وەک خوشکێکی تەنیا دەمەوێت بەختەوەر بێت، دلی بای هەمیشە پلەیەک باڵاتری ویستووە.. دەی باشە....

**ئاهو:** (هەناسەیەکی قووڵ هەڵدەکێشێت) خۆزگە هەموویان وەک تۆ دەبوون.

**مایسا:** ڕووبار دەبێ ڕەوتی خۆی بدۆزێتەوە. خۆ ئەسپ نییە لغاو بکرێ. (پەنجەرەکە دەکاتەوە. دەنگە دەنگی توندی میوانەکان دێتە ناوەوە) چ هەراو زەنایەکە؟

**ئاهو:** هەموو میوانەکان هاتوون؟

**مایسا:** کەپرەکان پڕن. حەوشەی دواوەش دەرزی هەڵدەیت ناکەوێتە سەر ئەرز. هێشتاکەش هەر دێن.

**ئاهو:** چ هەراو زەنایەکیانە!

**مایسا:** (مله قوتێیەک دەکا) لەو لاوە ئەسپ بازان ئەسپە کاخەزینەیان ئامادە کردووە، ئێستا خەریکن یەکێکیان بەڕێ دەکەن، ئاخریەکەی ئای تک کاری خۆی کرد. دەتەوێ ببینیت؟

**ئاهو:** نا، تاقەتم نییە.

**مایسا:** زۆر بەزمە. دەتەوێ بچینە حەوشە؟

**ئاهو:** نا، ئەوەیان هەر نەء.

**مایسا:** شەش دانەیان هێناوە، دلی بای کە هاتەوە بێگومان یەکێکیان لەبەردەم ئێوەدا بەڕێ دەخا. ئەسپە کاخەزینەی گەورەیان دروست کردووە. هێندەی ئەسپی ئاسایی. (لە تەماشاکردندا نوقووم دەبێ).

**ئاهو:** زەماوەند بەبێ بووک و زاوا.

**مایسا:** ژێر کلکی ئەسپەکە ئاگر دەدەن، یەکسەر دەبینیت ئەسپی کاخەزین دەکەوێتە ڕێ. بەرەو کام ئاراستە دەڕوا، خوا دەیزانێت؟

**ئاهو:** تۆ دەڵێیت دلی بای بۆ کوێ چووە؟

**مایسا:** بێگومان بۆ سەر گۆڕی پوورە گودانا. ددان بە خۆتدا بگرە. وەرە سەیرکە.

**ئاهو:** (بەرەو لای پەنجەرەکە دەچێ. حەپەساوە) ئەمەش بونیام! باشە، بچن بەدوای دلی بای دا.

**مایسا:** (لاونیو ڕاوەستاوە، ئاگایشی لە ئاهووە) بنۆڕە، شایەرەکانیش کەوتنە سەما. ئەمانە بەزمن. من پێشتر بینیومن، قومێک نەوت دەخۆنەوە و ئاگر قووت دەدەن. وەک هەژدیها. ڕاوەستە، ئێستا دەست پێدەکەن.

**ئاهو:** یانی بۆی هەیە....

**مایسا:** (قسەکەی پێدەبڕێت) بەڵام ئەسپە کاخەزییەکان بەزمترن. تا ئێستا بەو گەورەییە بینیوتە؟

**ئاهو:** نازانم.

**مایسا:** بنۆڕە، خستیاننە ڕێ. چ تەکان تەکانێکیانە! دەک دەستتان



خۆش بێت، بە ڕاستی کارێکی باشتان کردووە، یەک پوولیش وەرناگرن، لەبەر خاتری بایاندو و دلی بای. (لەگەڵ خۆیدا) بیهێننە ئەم لایەوە. ئێستا دەکەوێ.

**ئاهو:** (بێ ئەوەی مایسا ئاگای لێبێ بەرەو ئەوسەری ژوورەکە دەڕوات، دەست لێکدەنێ. شپرزە، پەرێشان) نەکەوتبێتە جێگایەکەوە.

**مایسا:** نا، نا. ڕێک بۆوە. هێنایانە ئەملا. ئێستا وا دەکەوێتە ڕێ. (تەماشای ئاهو دەکا) نەتبینی. ئاهو کاتێ کەوتە ڕێ نەتبینی.

دەرگا دەکرێتەوە. سونا، ئای لەر و ئای تک دێنە ژوورەوە. کوتوپڕ دەنگەدەنگی میوانەکان کپ دەبێ. کچەکان پێدەکەنن.

**ئای لەر:** گوتیان بچینە لای بووکێ خان و کاک زاوا.

**ئای تک:** گوتم زاوا لەوێ نییە بەڵام.........

**ئاهو:** کێ؟

**ئای لەر:** بەربووکەکان.

**ئای تک:** گوتم زاوا لەوێ نییە بەڵام بووکێ خانی لێیە. بڕۆنە لای.

**مایسا:** هەڵبەت دەیانەوێ ڕێورەسمەکە بسازێنن.

**ئاهو:** کەس ئاگای لێ نییە چی لێرە دەگوزەرێت.

**سونا:** ئاهو بیرت دێ کە کاتێ منداڵ بوویت دەتویست سەروبەستت بۆ ببەستین؟ (بۆ ئەوانیتر) کاتێ دەچووین بۆ بازاڕ و چاوت بە ژنانی مێردار دەکەوت دەتگوت من لەوانەم دەوێت. (بە خۆشحاڵی بۆ ئاهو) وا ئێستاش دەمانەوێت سەروبەستت بۆ ببەستین.

**ئای لەر:** مایسا ئەوە تۆ لە کوێ بوویت؟ نەهاتیت هیچ نەبێت تەماشای ئەسپە کاخەزییەکان بکەیت. بە ڕاستی بەزم بوو.

**سونا:** (بە کلاوێکەوە سەرقاڵە) دەتوانن یارمەتیمان بدەن سەروبەست بۆ ئاهو ببەستین؟

**ئای لەر:** بەڵێ هەڵبەت دەتوانین.

**دەنگی بەربووکی یەکەم:** (لەودیو دەرگاوە) چەند قەرەباڵخە. بچنە ئەولاوە. کەسیش نەیەتە ژوورەوە. هێی ئارازگوڵ. تۆ لێرە ئاگاداربە کە چ غەریبەیەک نەیەتە ژوورەوە. (دەچنە ژوورێ)

**سونا:** بووکێ ئامادەیە. بفەرموون.

**بەربووکی یەکەم:** باشترە زاوا لێرە بێت تا ببینێت کە بووکێ قۆناخی کچانە تێدەپەڕێنێت.

**بەربووکی دووەم:** (دێتە ژوورەوە) پیرۆزە. پیرۆزە.

(بەربووکەکان لە بووکێ نزیک دەبنەوە، ماچی دەکەن و بە هێواشی شتگەلێکی پێدەڵێن)

**بەربووکی یەکەم:** دەمانویست پیرۆزباییش لە دلی بای بکەین.

**سونا:** لەهەر کوێ بێ پەیدا دەبێ. ڕەنگە هەر لەم ناوەدا بێت.

**مایسا:** بە ئێوەی نەگوت؟

**سونا:** نا. بڕیار نەبوو بۆ هیچ کوێ بچێ. (بۆ بەربووکەکان) فەرموون شیرینی بخۆن.

**بەربووکی یەکەم:** زۆرمان خواردووە.

**مایسا:** ئای تک! (دەنگی نزم دەکاتەوە) تۆ ئەمڕۆ مەستیت و من نابمە حەریفی تۆ.



**ئاهو:** لە کوێ بێت؟

**سونا:** نائارام مەبە کچەکەم. پیاوان سەرێکیان هەیە و هەزار سەودا.

سونا بە یارمەتی بەربووکەکان ڕێوڕەسمی سەروبەست و شەدە بەستن لەسەر سەری بووکێ ئەنجام دەدا.

کچەکان چەپڵە لێدەدەن و هەلهەلە دەکێشن. دەرگای ژوورەکە کراوەتەوە و چەند ژنێک لە دەرەوە بە خۆشحاڵییەوە هەرا هەرایانە.

**بەربووکی یەکەم:** سونا هەمووان پەسەنی کچەکەت دەدەن.

**بەربووکی دووەم:** خێرتان بنووسێت. (بۆ ئاهو) ئێستا دەستی دایکت ماچ بکە.

**ئاهو:** (لەبەردەم دایکیدا دادەنیشێ و بە ئارامی پێدەکەنێ)

**سونا:** ئەرکی ئێمە بووە کە ڕێوڕەسمی ژیانی فێربکەین، گەورەی بکەین. تا ئەو شوێنەی کە سەروبەستی بۆ ببەستین لەگەڵیدا بووین.

**مایسا:** دەستتان خۆش بێت پوورە مایسا.

**بەربووکی یەکەم:** کچەکە گیان خودا کوڕانی باشت بە نسیب بکات. (هەردوو بەربووکەکە دەچنە دەرێ)

**ئاهو:** ئەرێ بۆ نەهاتەوە؟

**مایسا:** بیربکەرەوە کە کاتێ ڕۆیشت هیچی بە تۆ نەگوت؟

**ئاهو:** تەنیا گوتی: ها؟

**سونا:** بە کێی گوت: ها؟

**ئاهو:** بە کەس.

بایاندو دێتە ژوورەوە. تەماشای ئاهو دەکات

**مایسا:** (دەرگاکە دادەخات) مامە بایاندو، مادام قاراچوگا بوونی هەیە نەدەبوو لێگەڕێیت دلی بای بچێتە دەرەوە.

**بایاندو:** نا.... نا.... ئێمە دوژمنایەتیمان لەگەڵ کەسدا نییە. ئێمە خراپیمان بۆ کەس نەویستووە... دلی بای لەهەر کوێیەک بێ ساخ و سەلامەت دەگەڕێتەوە. من دڵنیام.

**ئاهو:** ئاخر قاراچوگا چەند جارێک هەڕەشەی لێ کردووە.

**سونا:** با بۆ خۆی بوەڕێ. زەمانێک کە ئاهویان بۆ قاراچوگا دیاری کرد، ئاهو منداڵ بوو. بەڵام ئێستا دەیەوێت لەگەڵ دلی بای دا بژی و ئیدی ئەوە ئازادیی خۆیەتی.

**بایاندو:** هەموو خەڵکی ئاوایی بە دلی بای یان گوتووە کە ژێرپێنانی دابونەریتەکان شتێکی ئاسان نییە.

**ئاهو:** بەڵام دلی بای دەیگوت خۆ من نامەوێت دەستم بە خوێنی هیچ کەسێک سوورکەم.

**بایاندو:** بە منی گوت باوکە، من ئەو مافەم نییە ئاهو هەڵبژێرم؟ زەمانێک گودانایان بۆ من نیشانە کردبوو، ئێمە بووینە ژن و مێرد بەڵام من حاڵی نەبووم کە کێ ئەوی لە دەست دام.

**ئای لەر:** بەڵام ڕقی ئەو زەلامە لە ئێوە لە هەموو شوێنێک دەنگی داوەتەوە، کەس هەیە نەزانێ؟

**سونا:** قاراچوگا چۆن دەتوانێ ببێتە ڕێگر لەبەردەم بەختەوەریی کچەکەمدا؟

**بایاندو:** نا. شتی وا مەڵێ. شتی وا مەڵێ. ئەو ڕقەی دلی بای و



قاراچوگا شتێکی تازە نییە. هەر لە منداڵییەوە پیش لە یەکتری دەخۆنەوە. هەمیشە ڕکەبەری یەکتری بوون. ڕقەکەیان کۆنە. خۆشیان نازانن بۆ ڕقیان لە یەکە.

**مایسا:** چۆن دەزانن. لەبەر ئاهو.

**ئای لەر:** لەبەر دوژمنایەتیی باوباپیران. (پاڵ بە دیوارەکەوە دەداتەوە)

**سونا:**

پاڵ بە دیوارەکەوە مەدەوە. مەگەر نازانیت ئەم جۆرە شوێنانە موبارەک نین؟

**مایسا:** بەخالەت. بەخالەت. من دەڵێم بەخالەت.

**بایاندو:** نا، مەڵێن. خۆشیان نازانن. ئێمەیش نەماندەزانی. تەنیا بیرم دێتەوە کە ئێمە کارمان بەو تایەفەیەوە نەبووە. ڕەنگیشە باپیری باپیرانی ئێمە لەگەڵ باپیری باپیرانی ئەواندا وردە شەڕوشۆڕیان لەنێواندا بووبێت. ڕەنگە.......

**ئای تک:** بەڵێ، ڕەنگە باوکی باپیری ئێوە بە تێلا کێشابێتی بە ناوقەدی باوکی باپیرەی ئەواندا.

**ئای لەر:** ڕەنگیشە بە پێچەوانەوە. مامە بایاندو خراپم گوت؟

**بایاندو:** نازانم کچەکەم. تەنیا بیرم دێتەوە کە ئێمە قەت لەسەر سفرەیەک کۆنەبووینەتەوە.

**ئای لەر:** بەڵام دلی بای و قاراچوگا لە یەک شوێن دەرسیان خوێندووە.

**ئای تک:** دلی بای ش لەگەڵ دوژمنی باووباپیرانتانا شەڕی کردووە.

**ئاهو:** قاراچوگاش پەیامی ناردووە کە زەماوەندەکە دەکاتە پرسە.

**سـونا:** خـۆزيا چاوی دايكی دەردەهـات و ئەم توفلە بێگوناهەی مـنی نەدەبینی.

**باياندو:** پاروویەکی لە دەمی خۆی گەورەتری قووتداوە... (حەپەساو و خەمین لەوانی تر دەنۆڕێت) بەڵام گومانم نییە لەوەی کە ڕۆحی گودانا ئەوی لێرە بردووەتە دەرەوە.

**ئاهو:** بونیام دەست بۆ سفرە دەبات کەچی دووپشک پێوەی دەدا.

**ئای لەر:** بێگومان دەبێ بە تەنیا ڕۆیشتبێ.

**ئای تک:** ئەگەر ڕۆحی دایکی ئەوی بردبێ ئەوا دێتەوە. (لەگەڵ خۆیدا) دلی بای ســوار ئەســپــەکــەی دەبوو، وەک با دەچوو بۆ لای بووکێکی تر و هەمدیس دەگەڕایەوە.

**مایسا:** (بۆ باياندو) ئێوە بە میوانەکاندا ڕابگەن. ئینشاڵڵا دێتەوە.

**باياندو:** ڕەنگە بۆ چایخانەکەی تایماز چووبێ.

**سونا:** چ ئیشێکی بەوێ هەیە؟

**ئای تک:** ڕەنگیشە بۆ چایخانەکەی تایماز نەچووبێ.

**باياندو:** ڕەنگە هەر لەم ناوەدا بێ.

**ئای تک:** ڕەنگە هەر لەم ناوەشدا نەبێ.

**مایسا:** کەواتە دەبێ بۆ سەر گۆڕی پوورە گودانا چووبێ.

**ئای تک:** ئەی ئەگەر بۆ ئەوێ نەچووبێ چی؟

**ئاهو:** ئێستا چی بکەین؟

**سـونا:** دایکە ئارام دەگرین. جگە لە ئارامی کـارێکی ترمـان لەدەست نایەت.



**باياندو:** من چەند پیاوێک بە شوێنیدا دەنێرم. خۆیشم دەچم بۆ سەر گۆڕی گودانا. (دەچێتە دەرەوە)

**سـونا:** کەواتە زوو بکەن. (بۆ ئاهو) ئێستا هەستە لە ئاوێنەکەدا تەماشایەکی خۆت بکە. (ئاهو بەرەو لای ئاوێنەکە دەچێ)

**ئای لەر:** خوا بکا خوێنیان نەکردبێتە کاسەوە.

**ئای تک:** خوا بکا عاشقی کچێکی تر نەبووبێ.

**مایسا:** نا. نا. دلی بای عاقڵترە لەو قسانە.

**ئای لەر:** گوێ بگرە بزانە دەنگی گوللە دەبیستیت؟

**ئای تک:** گوێ بگرە بزانە کچێک بانگی ناکات؟

**مایسا:** قسەی قۆڕ.

**ئاهو:** منیش هەر ئاوها بیـر دەکەمەوە. وەک بلێی ئەوە خۆم بم کە ئاوها بیردەکەمەوە. (بە چاوانێکی خێسەکەرانە بۆ دوو کچەکە و بە حاڵەتێکی گاڵتە) واز بێنن دەک ئەولاتر چن.

**مایسا:** ماندوو بوویت؟

**ئاهو:** نا، سەرم دێشێت.

**سونا:** سەرت نایەشێت. ئەوە هێشتا ڕانەهاتوویت.

**مـایسـا:** (لەلایەوە دادەنیشێت) دەتەوێت جلەکانت سووک بکەم؟ (بە شەدە و پاشان بە یەخەکەیەوە خەریک دەبێ. ئەوسا بە دەسماڵێک دەموچاوی دەسرێت) دەتەوێت کەمێک ڕاکشێیت؟

**ئاهو:** نا. لە دەرەوە چ باسە؟

**مایسا:** شایی و پێکوتان. خەریکن ئەسپە کاخەزییەکان دەخەنە ڕێ.

**ئاهو:** برۆ پێیان بڵێ ئەوەندە دەنگە دەنگ مەکەن. چ هەواڵێک نییە.

**ئای تک:** ئاهو، تۆ هەموو شتێکت بە جیددی وەرگرتووە. قسە بکە، پێبکەنە، باوەڕ بکە پاشان کە ئەمشەوت دەکەوێتەوە بیر....

**مایسا:** ڕاست دەکا. ئەوەندە دڵت شت نەکا، پەیدا دەبێ.

**ئاهو:** خۆ بەدەست خۆم نییە.

**مایسا:** هەر کە بیبینم ئەوەی بە دەممدا بێت پێی دەڵێم. پێی دەڵێم ئەمە چی بوو تۆ کردت؟ بونیام بووکەکەی جێدێڵی و بۆ دەرەوە دەڕوات؟ شەرم ناکەیت؟

**ئاهو:** نا. توخوا هیچی پێ مەڵێ. هەرگیز شتی وات بە خەیاڵدا نەیەت.

**سونا:** (بەرەو لای ئاهو دەڕوا. تاراکەی چاک دەکات) کچەکە گیان، بیرت بێ کە لە سبەینێوە دەبێ سەروبەست بکەیت. ئاوها. کچەکەم ئارام بە.

**ئای لەر:** ڕەنگە بەهۆی ئەو گوڵەی سەرتەوە بێت. ئاخر ڕەنگی زەرد هەمیشە شوومە.

**ئاهو:** (گوڵە بچکۆلە زەردەکە لە گۆشەی سەری دەکاتەوە و دایدەنێ) ڕەنگە.

**ئای تک:** ڕەنگە بەهۆی شتێکی ترەوە بێت. (بە گاڵتەوە) ئاهو؟!

**ئاهو:** (پێدەکەنێ) دە لاچۆ.

**سونا:** ناشێ ڕۆحی گودانا دیلی کردبێ.

**ئای تک:** ناشێ کەسێکی تر دیلی کردبێ.

**سونا:** واتە.... (حەپەساو)



**مایسا:** هیچ دایکێک ڕۆڵەی خۆی داماو ناکا.

**ئاهو:** ئەی ئەگەر ئەم زەماوەندە سەر نەگرێ چی؟

**سونا:** مەگەر دەبێ دلی بای نەیەتەوە؟

**ئاهو:** (دەست بۆ ملیوانەکەی دەبات) خەریکم دەخنکێم. خەریکە دڵم لە یەخەمەوە دێتە دەرەوە.

**مایسا:** هیچ نەبوو. پیاوەکان هێشتا نەگەڕاونەتەوە.

**سونا:** خەریکە شەو دادێ.

**ئای لەر:** ئێستا چی بکەین؟

**ئاهو:** ئەگەر هەواڵی ناخۆش بهێنن چی؟ (هەمدیس بە دوو دەست پەنجە لە پرچەکانی دەدات)

**ئای تک:** (بە گاڵتە و بە حاڵەتێکی تایبەتییەوە) ئەی ئەگەر بە هەواڵی خۆشەوە بێنەوە چی؟

**مایسا:** بونیام شێت دەبێ.

**ئاهو:** توخوا بیرێک بکەرەوە.

**ئای لەر:** ئای تک وەرە دوعا بکەین. (لە سووچێکی ژوورەکەدا لەسەر ئەژنۆ دادەنیشن و لە کاتێکدا کە خۆیان دەجووڵێنن لە ژێر لێوەوە شتێک دەخوێنن)

**مایسا:** (بە پەلە دەستی بووکێ دەگرێ و سەرو ڕووی وی لەبەر دەرگا چاک دەکات) وەرە بڕۆینە دەرەوە بۆ ناو میوانەکان. بەم جۆرە زایە دەبیت. لەوێ لانیکەم لەگەڵ ئەموئەودا قسە دەکەین یان پرسیارێک دەکەین.

**ئاهو:** چی؟

مایسا و ئاهو دەچنە دەرەوە

دیمەنی سێیەم

تەیمانێکی زۆر گەورە کە سەراپای چراخانە. دەنگی تار و تەمبوور و دەفی لێوە دەبیسترێت.

هەراوزەنای میوانان. وەڕینی سەگێک لە دوورەوە. ڕووناکی سپی مانگ لە ئاسۆدا. دەنگی مەلێکی نائاشنا. مایسا و بایاندو لەسەر پلیکانەکان ڕاوەستاون.

**مایسا:** هەموو شوێنێک گەڕان؟

**بایاندو:** هەر شوێنێک کە ئەقڵمان گرتی گەڕاین.

**مایسا:** لە قەبرسان نەبوو؟

**بایاندو:** نا، لەوێش نەبوو. بەڵام پەلکێک گوڵ لەسەر گۆڕەکەی گودانا بوو.

**مایسا:** بێگومان ئەوە ئیشی ئەوە.

**بایاندو:** بە چیدا دەزانیت؟

**مایسا:** ئەی کێ لەوێ بووە؟ خۆ ڕەنگیشە.... (وچان) باش دەورووبەری قەبرسانەکە گەڕان؟

**بایاندو:** خۆم بە وردی گەڕام. ناو چاڵەکان، ژێر پردەکان، هەموو شوێنێکم تەماشا کرد. بەڵام پەلکێک گوڵ لەسەر گۆڕەکەی گودانا بوو.

**مایسا:** (نیگەران) لە چایخانەکەی تایماز یش نەبوو؟



**بایاندو:** تایماز خۆیشی لەوێ نەبوو. چایخانەکە تاریک بوو، تەنانەت گڵۆپێکیش دانەگیرسابوو. بێگومان تایماز چووە جلی ئاهەنگ لەبەربکا و بێت بۆ ئێرە.

**مایسا:** مامە بایاندو بیرێک بکەرەوە.

**بایاندو:** پیاوانم ناردووە بیدۆزنەوە.

**مایسا:** ئاخر بونیام لە شەوی زەماوەندا دەچێتە دەرەوە؟

**بایاندو:** لە کەللەی داوە.

**مایسا:** غەیب بووە. ئاخر بونیام چی پێ بڵێ؟ هەندێ جار بڕیاری وا دەدا کە مرۆڤ سەری سووڕ دەمێنێت.

**بایاندو:** هەرچی بە دەممدا بێت پێی دەڵێم. (چەند هەنگاو دەچێتە پێشەوە و چاو لە تاریکی دەبڕێت) زللەیەک لە پەنا گوێی دەدەم.

**سونا:** (لە دەرگای دواوە دێتە دەرەوە) شمشێر کالانی خۆی نابات.

**بایاندو:** ئەم چاوەڕانییە یەک لایەنەیە.... (وچان) خوا بکا سەلامەت بێت.

**سونا:** ئینشاڵڵا هیچ نابێ. وەرنە ژوورەوە.

**مایسا:** میوانەکانیش دەنگە دەنگیان پێکەوتووە. هەواڵی زاوا دەپرسن.

**بایاندو:** ئەرێ ئەم دڵەم بۆ ئەوەندە نیگەرانە؟

**سونا:** چ تەقسیرت نەبووە. چونکە هەم باوک بوویت و هەم دایک. یەک لەزەت و هەزار موسیبەت.

**مایسا:** پوورە سونا، ئاهوت بە تەنیا جێهێشتووە؟

**سونا:** نا، ژنانی دراوسێ لە دەورین.

**مایسا:** ئەم چاوەڕوانییە بونیام دەکوژێت. (دەنگی مەلێکی نائاشنا دەبیسترێت)

**سونا:** تەنیا خوا بکا قاراچوگا بەڵایەکی بەسەر نەهێنابێ. تایەفەکەیان ڕقی حوشتریان هەیە. هەر خۆم دەیانناسم.

**بایاندو:** دەترسم هەمووی خەتای ڕۆحی گودانا بێت.

**سونا:** نا. نا. گودانا چ ڕقێکی بەرامبەر کوڕەکەی هەیە؟ مردوو لە گۆڕدا ڕامەچڵەکێنن. تازە من لەمەودوا حەقی دایکایەتیم بۆ دلی بای هەیە.

**بایاندو:** نەک لە ڕووی ڕقەوە، بەڵکو لە میهرەبانییەوە. تەنیا ترسم لەمەیە.

**سونا:** واتە بۆی هەیە؟

**بایاندو:** گودانا بەر لە مردنی، مایسای بۆ دلی بای دیاری کردبوو، دەی ئێمەیش پێچەوانەی ئەوەمان کرد.

**سونا:** دایکی قاراچوگاش ئاهوی بۆ کوڕەکەی دیاری کردبوو. بەڵام...

**مایسا:** ئێوە چ خەتایەکتان هەیە؟ ئەی دڵی دلی بای تان چی لێ دەکرد؟

**سونا:** لەولاوە گودانا، لەملاشەوە قاراچوگا، هەڵبەت شتی تریش هەن کە ئێمە نایانزانین.

**مایسا:** نوقلانە لێمەدە. قاراچوگا گەر بیویستایە بەڵایەکی بەسەردا بێنێ، سبەینێش هەر دەیتوانی.

**بایاندو:** دەترسم لەودیو ئەو چیا تاریکانەوە سەروکەللەی غەم پەیدا بێت.



**مایسا:** خوا نەسیبی کافریشی نەکا. (بە دیقەت تەماشا دەکا. هەژاو) هات. بێ ئەسپ هات.

**سونا:** مامە بایاندو! نەمگوت پەیدا دەبێت؟ سەری کچەکەم بەرزە.

**مایسا:** (هاوار دەکا) دلی بای.

**سونا:** مردین و زیندوو بووینەوە.

**بایاندو:** (چەند هەنگاوێک دەچێتە پێشێ) لەوە دەچێ دلی بای نەبێت.

**مایسا:** (لەگەڵ خۆیدا) ئەرێ تۆ کێیت؟ دە ئیتر وەرە.

**بایاندو:** (بێحاڵ) دلی بای نییە.

**سونا:** خۆیەتی. (ورد دەبێتەوە) نا، ئەو نییە.

**مایسا:** تایمازی چاپچی نییە؟ وەک ئەو دەڕوا. چۆن؟ خۆیەتی. بۆچی ئاوها حەپۆل دەڕوات. دە ڕاکە ئیتر.

**بایاندو:** تایماز!

**تایماز:** سڵاو بایاندو. (دێتە ژوورەوە) خوا قووەتتان بدا... ماندوو نەبن... سەلام... بۆچی بێدەنگ بوون و ئاوها بە گومانەوە تەماشام دەکەن؟ (حەپەساو) بۆ ڕژاونەتە دەرەوە؟

**مایسا:** دلی بای هیچ ئەسەرێکی نییە.

**تایماز:** کچەکە گیان حەزت لە گاڵتەیە.

**بایاندو:** ڕاست دەکات.

**تایماز:** مەگەر.... مەگەر نەهاتەوە؟

**بایاندو:** بۆ لە کوێ بوو تا بێتەوە؟

**تایماز:** لای من بوو. سەعاتێک لەمەوبەر.

**بایاندو:** ئەی تۆ خـۆت لە کـوێ بوویت؟ (دەنگی کـونەپەپـووئاسـای مەلێکی نائاشنا لە دوورەوە دێتەگوێ)

**تایماز:** خۆم؟ دیارە لە چایخانەکە بووم.

**مایسا:** دلی بای لە عەسرەوە کە ڕۆیشتووە، نەگەڕاوەتەوە.

**تایماز:** پێغەمبەر.... باشە ئێستا چی بکەین؟

بایاندو بۆ گۆشـەیەک دەڕوا و دادەنیشـێت. تایماز دەچێت بۆ لای.

**مایسا:** مامە تایماز ئێوە کە دەزانن....

**تایماز:** بایاندو، بەم شـێـوەیە ئیش بەڕێوە ناچێت. دەچین بـە دوایدا. دەیدۆزینەوە.

**بایاندو:** (هەمان جۆر کە دانیشتووە بە دەست دووری دەخاتەوە) بڕۆنە جێگایەکی تر. (بە ئاماژەی دەست) بڕۆنە ئەو بیابانە. بڕۆنە جێگایەکی تر قسە بکەن. ئیتر لە حەوسەڵەمدا نەماوە. (لەگەڵ خۆیدا) ئاخ باوکەکەم، بۆچی ڕۆیشت؟

**تایماز:** (تووڕە) ئەم قسە ژنانەیە بۆ ژنان دانێ. هەستە بکەوینە شوێنی تا بەڵایەکیان بەسەر نەهێناوە.

**مایسا:** (بێ ئۆقرە) گوتی چی؟ نەیگوت لە کوێ بووە؟ دەیویست بۆ کوێ بچێ؟ نەیگوت بۆچی هاتووەتە دەرەوە؟

**تایماز:** بۆ قەبرسان چووبوو. بۆ سەر گۆڕی گودانا. گوتی گوێم لە دەنگی دایکم بووە و هاتووم. لە ڕێگە سڵاوێکیش.... (بایاندو بەرەو لای دێت).

**بایاندو:** ئەوە چ قسەیەکە ئەی پیاوی حسابی! مەگەر سبەینێ ڕۆژی



خودا نەبوو کە ئاوها بەتەنیا چوویتە دەرەوە؟

**تایماز:** گوتی لە بەیانییەوە ویستوویەتی بچێت بۆ گۆڕستان بەڵام هەر بواری بۆ نەڕەخساوە تا ئیدی وا ئێستا هاتووەتە دەرەوە...

**ئاهو:** (لەنێو دەرگاکەدا وەدیاردەکەوێ) پاشان هەمووانی بیر خۆی بردووەتەوە؟

**مایسا:** تۆ بۆچی هاتوویتەتە دەرەوە؟ باش نییە.

**ئاهو:** ئەم چاوەڕوانییە....

**مایسا:** چ جیاوازی هەیە، چ لێرە بیت و چ لەوێ دەبێ چاوەڕێی بکەیت.

**ئاهو:** مایسا ئاخر تۆ نازانیت لەوێ... هەمووان خەریکی پێکەنین، هەموویان خۆشحاڵن.

**سونا:** ڕەنگە ئەسپەکەی سڵی کردبێتەوە.

**ئاهو:** ئەسپەکەی دلی بای قەت سڵ ناکاتەوە.

**بایاندو:** لەکوێوە ڕۆیشت؟

**تایماز:** گوتی ئاهو چاوەڕوانیەتی.

**ئاهو:** مامە تایماز، ئەم قاراچوگا نەفرەتییانە... (وچان، شپرزە) خۆ دەزانیت.

**تایماز:** ئەمە چ قسەیەکە دەیکەیت؟ کاتێ دلی بای هات، قاراچوگاش لەوێ بوو.

**بایاندو:** قاراچوگا؟

**ئاهو:** وای خوایە. بۆچی ئەم شەو هەمووی هەر تاریکییە.

**بایاندو:** چییان بەیەک گوت؟ چییان باس کرد؟

**تایماز:** دلی بای سلاوی کرد و هاتە ژوورەوە. زۆر شادمان بوو و بە پەلە چایەکی خواردەوە. گوتی قاراچوگا ئێوەیش بۆ زەماوەندەکەم وەرن. خوڵقی کرد. قاراچوگاش پێکەنی و هیچی نەگوت. پاشان دلی بای خۆی هەڵدایە سەر ئەسپەکەی و فەرمووی لێ کرد کە بێت. قەت ئاوها شاد و سەرحاڵ نەمبینیبوو. ویستم چایەکی تری بۆ تێکەم، گوتی بەسە و ئیدی ڕۆیشت.

**ئاهو:** چراتان لا نییە؟ ئاگر بکەنەوە. ڕەنگە لەم تاریکییەدا ڕێی ون کردبێ.....

**تایماز:** ڕەنگە کارێکی بۆ هاتبێتە پێش. خۆ منداڵ نییە. بچنە ماڵەوە. دێتەوە.

**مایسا:** چاڵێک.... نەکەوتبێتە چاڵێکەوە.

**ئاهو:** یانی دەشێ نەیەتەوە؟

**بایاندو:** مانەوەی ئێمە لێرەدا بێ سوودە. لە پۆلیسەکان داوا بکەین بەدوایدا بگەڕێن. فیکرێک، کارێک.

**تایماز:** ژنەکان بچنە ژوورەوە تا ئێمە بتوانین بیرێک بکەینەوە. (بە سەرسوڕمان و تووڕەییەوە) ئێوە ژنەکان بۆچی لەوێدا ڕاوەستاون؟ دە بچنە ژوورەوە.

**بایاندو:** کار لە کار نەترازاوە؟ (بەرەو بیابان دەڕوا) تایماز چ دەڵێیت؟

**تایماز:** بایاندو! لە کوێ؟ (بۆ ئاهو) تۆ بۆچی ئەوەندە بێ حەوسەڵەیت؟ (بۆ سونا و مایسا) بۆچی راوەستاون و تەماشای دەکەن؟



بچنە ماڵەوە. (بایاندو دەگەڕێنێتەوە) میوانەکانت ئاگادارکە.

**بایاندو:** من چیم لەدەست دێت؟

**تایماز:** میوانەکان ئاگادارکە. بە پیاوان بڵێین سەراپای ئەم بیابانە بگەڕێن. یارمەتیش لە پۆلیس داوا دەکەین. (بۆ ژوورەوەیان دەبات) هەموو شتێک جۆر دەبێ. نیگەران مەبن.

هەمووان دەچنە ناو ماڵەوە. سەر شانۆ تاریک دەبێ و دەنگەدەنگی خەڵکانی ناوەوە کپ دەبێت. دەنگی مەلە نائاشناکە دێت.

دیمەنی چوارەم:

**بیابان**

تایماز، پۆلیسی یەکەم و پۆلیسی دووەم چرا بە دەست خەریکی گەڕانن.

لە کۆتایی شانۆدا عارەبانەیەک دەبینرێت. هیچ دەنگێک نایەت.

**پۆلیسی یەکەم:** جێگا خوێن بێرەوەیە. لەسەر گەلاکان. (تایماز و پۆلیسی دووەم بەرەو لای دەچن)

**تایماز:** دواجار دەستی خۆی وەشاند؟ (پارچەیەک جلکی خوێناوی دلی بای بە دەستەوەیە)

**پۆلیسی دووەم:** (دەچێتە پێشتر) بەبێ شاراوەکاری. ڕاستەوخۆ و ئاوەلا.

**پۆلیسی یەکەم:** نەفرەت لە ڕۆحی باوکی.

**تایماز:** نەفرەت لە من کە لەگەڵیدا نەڕۆیشتم.

**پۆلیسی دووەم:** ئەم گەڵایانە هەمووی خوێناوین. (بۆ تایماز) تەرمەکەی دەبێ هەر لەم ناوەدا بێت.

**پۆلیسی یەکەم:** بەڵام نییە. ئەسپەکەشی هەر دیار نییە. تەنیا ئەم پشتوێنە خوێناوییە.....

**تایماز:** (تەماشای پشتوێنە خوێناوییەکەی دلی بای دەکا) ئەمە بۆ بایاندو ببەم؟ (دەگری) نەفرەتم لێبێ کە لەگەڵیدا نەڕۆیشتم. نەفرەت لە من کە.......

**پۆلیسی یەکەم:** تەنیا تۆ نیت کە ئەو قسەیە دەکەیت، کوڕە مامەکانی دلی بای کە خەریک بوون بۆ زەماوەندەکە دەچوون، هەردووکیانیان بینیبوون. بەو کابرا زل و زەلامەم گوت باشە تۆ بە خەیاڵتا نەهات کە ڕەنگە بەڵایەکی بەسەردا بهێنێ؟ کەچی گوتی ئەوەندە نزیک و میهرەبان پێکەوە قسەیان دەکرد کە هیچ سووسەی ئەوەم نەکرد چ شتێکی خراپ ڕوودەدات. پێمگوت باشە بۆ زووتر نەتگوت کە ئەوانت پێکەوە بینیون؟ کەچی گوتی ئاخر زۆر مەست بووم. دەی ئێستا با بڕوات کاڵەک بە ئەژنۆی خۆی بکێشێت.

(تایماز هەروا دەگری)

**پۆلیسی دووەم:** ئیلامان یش ئەوانی بینیبوو. گوتم بۆچی هیچت نەگوت؟ خۆ زەماوەندی بێگانە نەبوو زاوات لای بکوژەکەی جێهێشت و چوویت بۆ زەماوەندەکەی؟ کەچی گوتی لەدڵی خۆمدا گوتم گورگ و مەڕ پێکەوە؟ بەڵام ئیدی خەیاڵم بۆ ئەوە نەچوو کە وەزعەکە بەوێ بگات. وا ئێستا هەمووان لە بیابانندا خەریکن بەدوای دلی بای دا دەگەڕێن.



**پۆلیسی یەکەم:** دەی با بگەڕێین تەرمەکەی بدۆزینەوە.

**پۆلیسی دووەم:** بگەڕێین بکوژەکەی بدۆزینەوە.

**تایماز:** ئەگەر لە ئاوایی نەچووبێتە دەرێ.

**پۆلیسی یەکەم:** بووەتە ئاو و ئەرز هەڵیمژتووە. هەموو بزنەڕێکانیش گەڕاین.

(داماوانە بەملاولادا دەنۆڕێت)

**پۆلیسی دووەم:** سەراپای بیابانمان لەپێوە دا. وەک ئەوەی فەنا بووبێ.

**تایماز:** دلی بای... (خەمگین و دڵتەنگ) دلی بای.... تۆ چیت کرد؟!

**پۆلیسی یەکەم:** (بە دەم گەڕانەوە) بە هاوڕێیەتی سەرنجی ڕاکیشاوە و فریوی داوە، بۆ ئێرەی هێناوە و.... پاشان...

**تایماز:** دەبێ لاشەکەی لە کوێ دانابێ؟

**پۆلیسی دووەم:** پارچە پارچەی نەکردبێ؟

**پۆلیسی یەکەم:** چەند ژنێکی ئاوایی سەروو دەیانگوت کە دلی بای یان بینیوە لە قەراغی بیاباندا بە ئەسپەکەی غاری داوە.

**پۆلیسی دووەم:** ئەسپ سوارەکان دەیانگوت کە لە نزیک ڕووبارەکەوە بە هەمان جلکە سپییەکانییەوە ڕۆیشتووە، بانگیان کردووە، بەڵام ئەو وەڵامی نەداونەتەوە و لە ڕۆیشتن بەردەوام بووە.

**تایماز:** بە جلی سپییەوە؟

**پۆلیسی دووەم:** ئەلیاس ی کوڕە مامی دەیگوت لە نزیک چیا دلی بای بینیوە.

**تایماز:** ئێستا هەر کەسە و شتێک دەڵێ. ڕەنگە هەمووان بزانن کە ئەو

پارچە پارچە کراوە بەڵام.... (تیاماو) بەڵام....

**پۆلیسی یەکەم:** ژنەکەی کیامەرز دەیگوت پەنجەرەکەم کردەوە تا بزانم ئەو دەنگە دەنگە چییە، سوارەیەکی سپیم بینی کە بە خێرایی غاری دەدا. شەو بوو، نەمناسییەوە.

**پۆلیسی دووەم:** کەواتە بەم حیسابە بێ ئیدی زەماوەندەکە هیچ.

**پۆلیسی یەکەم:** (تووڕە و بە مۆڕەوە) دەمخۆش هاوڕێ! (پۆلیسی دووەم شەرمەزار دەبێ و سەر نەوی دەکات)

**تایماز:** بایاندو هێشتا سووسەی هیچی نەکردووە؟

**پۆلیسی یەکەم:** نا هێشتا. بەڵام پیاوانی ئاوایی دەزانن.

**پۆلیسی دووەم:** پێمگوتن باشترە هەواڵی ناخۆش نەدەن. گوتم بڕۆن بکوژەکە پەیداکەن.

**تایماز:** ئەگەر بایاندو بزانێت نازانم چ بەڵایەکی بەسەر دێت. (لەگەڵ خۆیدا) دەداتە کێو و بیابان.

**پۆلیسی یەکەم:** ئاژەڵیش بە ئاژەڵی خۆی ئاوها لە بونیادەم ناکات.

**پۆلیسی دووەم:** کوڕی هەرکەسێ هەیە، هەیە. هەرچەند دارایی هەیە بۆ خۆی هەیەتی. خوێنی ڕشتووە، دەبێ خوێنی بڕێژرێتەوە.

**پۆلیسی یەکەم:** دەسبەجێ دەیپێکم.

**تایماز:** بە جلی سپییەوە، سەراپا سپی، بە کراسێکی شین و پشتوێنی ئاوریشمی، چەند جوان بوو. مانگێک بوو بۆ خۆی. وەک بڵێی لە خەوندا دەیبینم. گوتم: دڵی بای، بەم جلانەوە سواری ئەسپ بوویت؟ گوتی: ئەگەر ئەسپەکەم سووری مەیلە و ڕەش بووایە جلی قاوەییم لەبەر دەکرد.



**پۆلیسی یەکەم:** هیچ کەس باوەڕ ناکات کە قاراچوگا کارێکی ئاوهای لێ بوەشێتەوە.

**تایماز:** کۆنە قین بە لایەک، قاراچوگا هەر بە ڕاستی عاشقی ئاهو بوو. حەزیشی بە چارەی دڵی بای نەبوو. کاتێ دڵی بای پێشبینی ئاراستەی تۆفانەکەی دەکرد، تۆفانەکە ڕێک لەو شوێنەوە هات کە ئەو گوتبووی. باشە، خەڵکیش متمانەیان پێی بوو. ئەخلاقێکیشی هەبوو کە بەدەم هاواری هەمووانەوە دەچوو.

**پۆلیسی یەکەم:** تەنانەت ریش سپییانی ئاوایی بە ڕێزەوە ناویان دەهێنا.

**پۆلیسی دووەم:** وەرن تەماشای ئێرە بکەن. (تایماز و پۆلیسی یەکەم بەرەو لای دەچن) بە نینۆک ئەملاولای ئەرزەکەی ڕنیوە، دوو سێ جار هەوڵی داوە هەستێتەوە بەڵام ئەو نامەردە بواری نەداوە.

**تایماز:** کاتێ هەمان سالانی ڕابردوو بیستم دەیەوێ ئاهو بهێنێت، پێمگوت تۆ کەوتوویتەتە شوێن کچێک کە چاوی هەموو پیاوان، بە تایبەتیش چاوی قاراچوگای لەسەرە. گوتی من ترسم لە قاراچوگا نییە. قسەگەلێکی کردووە، بەڵام خۆ بە زۆر نییە، خۆ فەرش ناکرێت. گوتم من تەنیا دەزانم گەر ئاهو ببێتە نسیبی تۆ ئەوا خەڵکی قاییلترن. گوتی ئەدی کەواتە لە چی بترسم؟

**پۆلیسی یەکەم:** دەبێت لاشەکەی هەر لەم ناوەدا بێت. (دەگەڕێت)

**پۆلیسی دووەم:** نییە. نییە.

**تایماز:** کاتێ هات، لەژێر چاوەوە تەماشایەکی قاراچوگای کرد. گوتی: قاراچوگا هەرچییەک بێت ئێمە خەڵکی یەک ئاواین. نیوەی تورکمانەکانی بیابان هاتوون. حەز دەکەم تۆیش لە ئاهەنگەکەدا بیت. ڕقم لێ هەڵمەگرە. خەریک بوو دەڕۆیشت، زۆرم لێ کرد چایەکی ترم لەلا بخواتەوە. گوتی مامە تایماز دوێنێ شەو خەونێکی خۆشم بینی، بەفر تەواوی دەشتەکەی پۆشیبوو، منیش بە سواری ئەسپەکەمەوە غارم دەدا، غارم دەدا.

**پۆلیسی یەکەم:** قاراچوگا هیچی نەدەگوت؟

**تایماز:** تا دلی بای لەوێ بوو، هیچی نەگوت. دڵەخورپێی پێکەوتبوو. جاربەجار بزەیەکی گاڵتەجاڕییانەی دەهاتێ و بە بێدەنگی تەماشای دەکرد. پاشان گوتی هەمووان دەزانن کە دایکم هەر لە منداڵییەوە ئاهوی بۆ من دیاری کردووە. پاشان زۆر خوێنساردانە لە چایخانەکە چووە دەرەوە. چوزانم..........

**پۆلیسی دووەم:** ئەدی خواستی ئاهو مەرج نییە؟ هەر کچێک نا، بەڵکو هەر ئادەمیزادێکیش ئەوە دەزانێت کە دلی بای سەروگەردنێک لە قاراچوگا باڵاترە. (دەگەڕێن)

**تایماز:** گوتم مامە، چایەکی تر بخۆرەوە. گوتی نامەوێ دەستت ڕەت بکەمەوە بەڵام هەمووان چاوەڕێمن. گوتم دە باشە برۆ بە خۆشی. گوتی بەر لەوەی ئەسپ بازەکان ئەسپە کاخەزییەکان بە رێ بخەن وەرە، ئەمشەو لەبەر خاتری من زووتر دەست هەڵگرە. وای گوت و ئیدی ڕۆیشت.

**پۆلیسی دووەم:** ئاخر کەسێکی شادمانی وەک دلی بای دەبێ لەپێناو



شتێکی هیچدا ئاوها لەتوپەت بکرێت؟ کاری دونیا ئەسڵەن چ ئیعتیبارێکی نییە.

**پۆلیسی یەکەم:** لەپێناو شتێکی هیچ؟

**تایماز:** لەپێناوی ژنێکدا. هەمیشە هەروا بووە.

**پۆلیسی یەکەم:** کوشتن و خوێن ڕشتن لەپێناو ژن یان پارەدا.

**پۆلیسی دووەم:** هیچ ئەسەرێک لە لاشەکە نییە. چی بکەین؟

**پۆلیسی یەکەم:** پشتوێنە خوێناوییەکەی ببەین و....

**تایماز:** من نەیەم باشتر نییە؟ بایاندو منی ناردبوو تا دلی بای بدۆزمەوە، ئێستایش پشتوێنە خوێناوییەکەی ببەم و بڵێم چی؟

**پۆلیسی یەکەم:** ئەدی ئێمە بڵێین چی. هەمیشە ئەمە کارەکەمانە. (دەستی دەگرێ و ڕەپێش خۆی دەدا) وەرە. (دوور دەکەونەوە)

دیمەنی پێنجەم

**دەرەوەی ماڵی بایاندو**

لە بێدەنگیی نیوەشەودا، ئاهو، مایسا و سونا ڕاوەستاون. بایاندو لە سووچێکدا دانیشتووە. مانگ لە کۆتایی شانۆوە دیارە. لە ژوور پێپلیکانەکانەوە دەرگای ماڵۆچکەکە کراوەیە.

**مایسا:** (شپرزە)

ئەو هەموو خەڵکە بە دوایدا چوون، بزانە یەکێکیان هاتەوە و هەواڵێک بهێنێ.

**ئاهو:** تو خوا تۆ قسە مەکە. هیچ مەڵێ.

**مایسا:** بونیام سەری لە گێژەوە دەچێ. لەبەردەم ئەو هەموو میوانەدا

حەیامان چوو.. خەڵکی هەزار شت دەڵێن.

**سونا:** چاویان دەردەهات.

**ئاهو:** ئەم چاوەڕوانییە، ئەم چاوەڕوانییە نەفرەتییە! خەریکە هەناسەم تەنگ دەبێ.

**سونا:** خۆ قسە بە گوێتاندا ناچێ. چ لێرە بین و چ لە ماڵەوە فەرق ناکا. بایاندو گەر تۆ بێیت ئەوا ئەمانیش دێن.

**بایاندو:** (بە دەست ئاماژە دەکات کە بڕۆن) بڕۆ، بڕۆ، بڕۆ. (دەناڵێنێ)

**سونا:** ئاهو، خۆ دڵیت نەئێشاندووە؟

**ئاهو:** دایکە!

**مایسا:** تەواوی خەڵکانی ئاوایی ڕژاونەتە ئەو دەشت و شاخانە، ئەگەر دەرزی بووایە ئێستا دۆزرابۆوە.

**ئاهو:** دایکە! بیرێک بکەرەوە! (دوو پرچە ڕەشە هۆنراوەکەی بە دەست ڕادەکێشێت)

**سونا:** چی بکەم؟ چیم لە دەست دێت؟

**مایسا:** وردو درشت بە دوایدا دەگەڕێن.

**سونا:** دەترسم لە شوێنێکدا کەوتبێتە چاڵێکەوە.

**بایاندو:** نا.

**مایسا:** پوورە سونا، خۆ منداڵ نییە.

**ئاهو:** دایکە، ئەو بە ئەسپ ڕۆیشتووە، چۆن دەکرێ بکەوێتە چاڵەوە

**سونا:** بۆ کەم شتی وا ڕوویداوە؟ ئەی ماوەیەک لەمەوبەر نەبوو کە ژن و مێردێک بە دوو منداڵەکەیانەوە هەڵدێرابوونە چاڵێکەوە؟



**مایسا:** ئەوە چاڵ نەبوو، خەرەند بووە.

**سونا:** دەی من دڵم خەبەری داوە کەوتوونەتە شوێنێکەوە ئیتر چاڵ بێت یان خەرەند.

**ئاهو:** چاوانم سپی داهات هێندە بەم تاریکییەدا ڕوانیم.

(دەنگی چپەچپ و قسە دێتە گوێ)

**مایسا:** ئارام بگرن. وا بزانم هاتن.

(بایاندو هەڵدەستێ، بە لەرزە لەرز و بێ بڕست دێتە پێشەوە، چاوەڕێ دەکا)

**ئاهو:** هیچ کامیان دلی بای نین.

**سونا:** (شپرزە) چی بووە؟

(تایماز، پۆلیسی یەکەم و دووەم دێنە ژوورەوە)

**تایماز:** بووەتە ئاو و ئەرز هەڵیمژتووە.

**پۆلیسی یەکەم:** ئەوە ئێوە هیشتا هەر لە دەرەوە ڕاوەستاون؟

**تایماز:** ئەی چی بکەن؟

**بایاندو:** دلی بای هیچ شوێنپێیەکی نییە؟ نە خۆی و نە ئەسپەکەی؟ بنۆڕن، بەڕێزان بنۆڕن، کە منداڵ بوو، هەمیشە وا بە خەیاڵمدا دەهات کە لەسەر ئەم پلیکانانە بەبەر چاومەوە دەکەوێتە خوارەوە و شتێکی لێدێت.

**پۆلیسی دووەم:** نە خۆی و نە ئەسپەکەی مامە بایاندو.

**بایاندو:** ئەی چار چییە؟ خوا نە خواستە.... حەوت کێو لەمیانا بێت، حەوت کێو لەمیانا بێت، نا. (کوتوپڕ بە حاڵەتێکی جیدیی) ئێوە

نازانن لە کوێیە؟

**پۆلیسی یەکەم:** مامە بایاندو، ئێمە دەمانەوێ ڕاپۆرت بنووسین، باشترە بچینە ژوورەوە.

(ئاهو، مایسا و سونا حەپەساو تەماشا دەکەن)

**پۆلیسی دووەم:** مامە بایاندو، دەتەوێ یارمەتیت بدەین؟

**بایاندو:** چی بووە؟ بۆچی ئاوها قسەم لەگەڵ دەکەن؟

**پۆلیسی یەکەم:** (پەشۆکاو تەماشای تایماز و پۆلیسی دووەم دەکات) مامە بایاندو، خۆ ئێمە هیچمان نەگوتووە.

**تایماز:** ئێستا سەری لە بازاڕی مسگەرانە.

**بایاندو:** بۆ قسە ناکەن؟ بەڵایەک... ها؟ (زەق زەق لێیان دەنۆڕێت)

**ئاهو:** توخوودا هیچ مەڵێن. من چاوەڕوانیم لە هەواڵی شووم پێ خۆشترە.

**پۆلیسی دووەم:** وەرن بچینە ماڵەوە. (دەکەوێتە ڕێ و بە پلیکانەکاندا سەردەکەوێ)

**پۆلیسی یەکەم:** بەڵێ. ئێمە دەبێ ڕاپۆرتەکەمان تەواوکەین. (دەچێتە ژوورەوە)

**بایاندو:** ئاخر من نابێ بزانم؟

تایماز ڕێگەی دەکا، یارمەتی دەدا تا بچنە ژوورەوە. سونا و مایسا دەیانەوێ بچنە ژوورەوە بەڵام تایماز بەریان پێ دەگرێ.

**تایماز:** دوایی! (دەرگاکە دادەخا)

(سونا و مایسا لەسەر پلیکانەکان واقیان وڕ دەمێنێ. ئاهو هێشتا لە بیابان دەنۆڕێت)



**سونا:** بۆچی نەیانهێشت بچینە ژوورەوە. واتە هەواڵێکی شووم... (شپرزە) ئاه...

**مایسا:** نازانم پووریێ، نازانم. (پەرێشان)

ئاهو وردە وردە بەرەو بیابان دەڕوات. لە تەیمانەکە تێدەپەڕێ و واقوڕماو و خەمین دەچێتە پێشێ. مانگ بیابانی ڕووناک کردووەتەوە و جگە لە وەڕینی سەگێک، چ دەنگێکی تر نایەت. بێدەنگییەکی قووڵ و ترسناک.

ئاهو هەروا دەچێتە پێشێ. پاشان دەست دەنێتە سەر دەمی و هاواری پچڕ پچڕ دەکات. ئەوسا بە ناڵە و گریان شتێکی لاوانەوەئامێز دەچڕێ و لە دڵی بیاباندا بزر دەبێت.

سونا و مایسا سەریان ناوەتە نێو کۆش و دەگرین.

ناڵەی ئاهو بیابان دەتەنێ. سەر شانۆ تاریک. دەنگی مەلی نائاشنا.

# پەردەی دووەم

دیمەنی یەکەم:

**لە دەرەوەی ماڵی بایاندو**

بایاندو لەسەر هەرەی پلیکانەکان دانیشتووە. دەنگی مەلێکی نائاشنا دێتە گوێ. مانگەشەو ڕووناکی پەخش دەکا . دەنگی پێکەنینی منداڵێکی حەوت ساڵان دێتە گوێ.

لەنێوان درەختەکانی بەردەمی ماڵەکەدا دەنگی خشەخشێک دێت.

بایاندو بۆ ساتێک دیقەت لە خاڵی بەرامبەر دەدا و بێدەنگ دەبێ.

**بایاندو:** کەسێک لەوێیە؟

(بایاندو تەماشایەکی دەوروبەر دەکا و بە پلیکانەکاندا دێتە خوارەوە)

هێی کابرا.... تۆ کێیت؟

(قاراچوگا لەنێو گژوگیاکەوە دێتە دەرەوە، بە حاڵەتێکی ناهاوسەنگ ڕادەوەستێ بەڵام توانای نییە. پاڵ بە درەختێکەوە دەدا و بێدەنگ دەنۆڕێت)

(دەچێتە پێشەوە) وەرە با بزانم تۆ کێیت؟



(قاراچوگا دەکەوێتە لەرزە. هاوسەنگیی خۆی لەدەست دەدا و بە گریانەوە دەستەکانی خاچئاسا دەکاتەوە)

**قاراچوگا:** نا... مەیە پێشەوە... تو خوا مەیە پێشەوە.

**بایاندو:** (سەرسوڕماو) تۆ کێیت؟

**قاراچوگا:** بایاندو، دلی بای کوڕت. چارەنووسێکی باشی نەبوو.

**بایاندو:** (دەگەڕێتەوە، ڕەنجاو و خەمین بە پلیکانەکاندا سەردەکەوێ، لەسەر هەرەی دوایین پلیکانە دادەنیشێت) برۆ، لەبارەی دلی بای یەوە مەدوێ.

**قاراچوگا:** بریندارم. دلی بای دەیەوێ منیش لەگەڵ خۆیدا بەرێت.

**بایاندو:** لەبارەی دلی بای یەوە مەدوێ. ئەو تەنیا ماوە و دەستەکانی بوونەتە سەهۆڵ. (وچانێک) بای پاییز هەڵی کردووە و گەڵاکان لەژێر پێدا ورد دەبن.

**قاراچوگا:** پەنام بدە بایاندو. بریندارم. (دوو سێ هەنگاو دێتە پێشێ و لەبەر شەوقی ڕووناکییەکەدا پاڵ بە درەختێکەوە دەدا)

**بایاندو:** لێگەڕێ لەگەڵ خۆمدا بم. برۆ، دوورکەوە.

**قاراچوگا:** (دەستی دەخاتە سەر شانی خۆی و لە ڕووناکیدا تەماشای لەپی دەستی دەکات) مامە بایاندو، پەنام بدە، برسیمە، بریندارم.

**بایاندو:** هەر لەم شوێنەدا لەسەر ئەسپەکەوە گرتمە باوەشم و لە خوارەوە دامنا نەبا بکەوێت.

**قاراچوگا:** (خێرا خۆی دەگەیەنێتە ماڵەکە و خۆی بەسەر پێی بایاندو دا دەدا) پەنام بدە.

**باياندو:** (پێی لا دەبا) تۆ کێیت؟

**قاراچوگا:** خوێنم کردووە. لە دەرگای ماڵەکەت هاتوومەتە ژوورەوە. داڵدەم بدە.

**باياندو:** تۆ کێیت؟

**قاراچوگا:** من، قاراچوگا.

**باياندو:** (هەڵلەرزیو خۆی دەکشێنێتەوە دوا) قاراچوگا؟!

**قاراچوگا:** داڵدەم بدە، باياندو داڵدە.

(باياندو هەڵدەستێ. تووڕە و پەرێشان چەند ساتێک بە بێدەنگی لە قاراچوگا دەنۆڕێت. مشت دێنێتەوە یەک و دەیکێشێ بە سینگی خۆیدا)

**باياندو:** نا.

**قاراچوگا:** پیاوی تورکمان داڵدەی هاوخوێنی خۆی دەدا.

**باياندو:** ئەی ئەگەر داڵدەت نەدەم؟

**قاراچوگا:** بەرێزترین ریش سپیی ئاوایی چۆن دەتوانێ بڵێ نا؟

**باياندو:** خێرا لەم ناوە دوور بکەوە.

**قاراچوگا:** من تۆ دەناسم. (هەناسەبڕکێی پێکەوتووە) تۆ نەریتی باووباپیران ژێرپێ دەنێیت.

**باياندو:** (تووڕە) بۆچی ئەم نەریتەت بۆ قەبیلەکەی ئێمە هێنا؟ بڕۆ. (تووڕە و بە هاوارەوە) بڕۆ،

**قاراچوگا:** من ناچیزەم. سەرگەردانم. (هەڵدەستێ و دەپاڕێتەوە) بریندارم.



**باياندو:** گومانم هەیە کە تامی تاڵی برینت چەشتبێ.

**قاراچوگا:** برینی زۆر کەوتوونەتە جەستەم. بنۆڕە.

**باياندو:** بۆچی خۆت بریندار کرد؟

**قاراچوگا:** من؟

**باياندو:** ویستت خۆت بکوژیت؟ (دەچێتە پێشێ و تەماشی دەکا) چ برینێک بە جەستەتەوە نییە.

**قاراچوگا:** با، من بریندارم.

**باياندو:** تۆ ڕەحمیشت بە خۆت نەکرد.

**قاراچوگا:** نا، من لێم نەدا. لە هەموو جێگایەک کەسێک هەبوو شاڵاوی بۆ دەهێنام و بە نەشتەرەکەی نیشانەی لە جەستەم دەگرتەوە. منیش ڕامکرد. لە دوێنێ شەوەوە تا ئێستا من سەرگەردان و ئاوارەم، هیچ جێگایەک نادۆزمەوە پەنای تێدا بگرم. خەڵکی وەک مێروولە و کوللە ڕژاونەتە دەرەوە. بۆ هەر شوێنێک دەڕۆم، کەسێک بە ئاماژەی پەنجەی نیشانم دەدا و ئیتر ژمارەیەک خەڵک دوام دەکەون. لە دوێنێ شەوەوە وەک سەگی دەست و پێ سووتاو دەناڵێنم و ڕادەکەم.

**باياندو:** تا خۆت بگەیەنیتە ماڵەکەی من.

**قاراچوگا:** ئیتر چ جێگایەکی ئەمین لە دونیادا بۆ من نییە. تەنیا لێرەدایە کە دەتوانم بە زیندوویێتی بمێنم.

**باياندو:** تا بۆ خۆت بە دڵنیایی دانیشیت و ڕۆحم تاریک بکەیت.

**قاراچوگا:** هەم دەتوانیت پەنام بدەیت و هەم دەشتوانیت نەریتی باووباپیران ژێر پێ بنێیت.

**بایاندو:** لە کوێوە دەتزانی ناتکوژم؟

**قاراچوگا:** ڕیش چەرمووییەکی تورکمان خوێنی پەناهەندەکەی ناڕێژێت.

**بایاندو:** قسە لەو بارەیەوە مەکە.

**قاراچوگا:** ڕۆژگاری خۆم ڕەش کرد.

**بایاندو:** مەگەر لە دونیادا کەسێکی لە تۆ بەخت ڕەشتر هەیە کە داڵدەی لە من بوێت؟

**قاراچوگا:** دڵم ژان دەکا.

**بایاندو:** خۆزیا سەگە خوێڕییەکانی بیابان هەلاهەلایان کردبایت و بۆ ئێرە نەهاتبایت. (خەمین)

**قاراچوگا:** خۆزیا.

**بایاندو:** نازانم لەبەر کێ سزا دەدرێم کە دەبێ ئاوها لە بەرامبەر تۆدا ڕاوەستم. بەم جۆرەیش.

**قاراچوگا:** (دەست بە دڵییەوە دەگرێ و دەکەوێتە سەر چۆک) دڵم ژان دەکا.

**بایاندو:** مەگەر خوێنت خواردووەتەوە؟

**قاراچوگا:** لەژێر پردەکاندا ناچاربووم لە ئاوەکان بدەم، سەرمام بوو. لەرزم لێهات، پێچ بە ڕیخۆڵەمدا دەهات، شێ لە ئێسکەکانم دەدا.

**بایاندو:** بێگومان ئێستا برسیتە.

**قاراچوگا:** نازانم.



**بایاندو:** ئەگەر خوێنی هەموو دونیا بخۆیتەوە تێرنابیت. چونکە تۆ ئازیزترین گەنجی قەبیلەکەت کوشت. تا هەتایە بە دوای خوێندا بۆن دەکەیت و دەڕۆیت.

**قاراچوگا:** نا. نا. من تەنیا داڵدەم دەوێت.

**بایاندو:** ئاهو داوێتییە شاخ و بیابان، سونای دایکی نەخۆشە و منیش چەندە پێستم ئەستوورە. ئەرێ من زیندووم؟

**قاراچوگا:** یان هەر ئێستا بمکوژە یاخود داڵدەم بدە.

**بایاندو:** نە دەتکوژم و نە داڵدەشت دەدەم.

**قاراچوگا:** من ئازارم هەیە، بایاندو.... (هەناسەبڕکێیەتی) تۆ بە خوێنی دلی بای سوێند دەدەم.... داڵدەم بدە.

**بایاندو:** (مشت دێنێتەوە یەک و دوایین بڕیاری خۆی دەدا) ڕۆژی کولێرەیەک و گۆزەیەک ئاوت بۆ دێنم. بخۆ. مەناڵێنە. قسە مەکە. خۆتم پیشان مەدە. (ڕێگەی دەکات)

**قاراچوگا:** داڵدەم دەدەیت؟

**بایاندو:** کەس نەیبینیت؟

**قاراچوگا:** نا. نا. بە سنگەخشکێ هاتم.

**بایاندو:** بڕۆ ژوورەوە. داڵدەت دەدەم. بچۆرە ئەو گەنجینەیەوە. زووکە. تۆ بە دەردی خۆتەوە و منیش بە دەردی خۆم.

قاراچوگا بە حاڵەتێکی شەکەت و تێکشکاو دێتە ژوورەوە.

بایاندو بە نەفرەتەوە تەماشای دەکا و بۆ ساتێک پاڵ بە دیوارەکەوە دەدا و لە بیابان دەنۆڕێت.

دەنگی وەڕینی سەگێک لە دوورەوە. دەنگی وژەی با و جار ناجار دەنگی ناڵەی قاراچوگا دێتە گوێ.

**بایاندو:** بێدەنگ.

دیمەنی دووەم

## ماڵۆچکەکەی بایاندو

چەند سەرینێک لەبەر دیواری ژوورەکەدا هەڵچنراون. بایاندو دانیشتووە و تەماشای دەرەوە دەکا

دوو پۆلیسەکە دێنە ژوورەوە

**پۆلیسی یەکەم:** سڵاو بایاندو.

**پۆلیسی دووەم:** سەر سەلامەت بیت. خۆتان خۆش بن.

**بایاندو:** (لە جێگاکەی ڕادەپەڕێت) سڵاو. (دەستەپاچە و بە پارێزەوە)

**پۆلیسی یەکەم:** سەر سەلامەت. خودا تەسەللات بداتەوە.

**بایاندو:** گیانت سەلامەت. (هەناسە هەڵدەکێشێت) بفەرموون. (بە دەست ئاماژە دەکا کە دانیشن)

**پۆلیسی یەکەم:** زۆر سوپاس. بووین بە ئەرک.

**بایاندو:** نەخێر، بفەرموون.

**پۆلیسی دووەم:** دەمانەوێت ڕاپۆرتەکە تەواو بکەین.

**بایاندو:** دەتانەوێ چی لە درەختی وشک بڕنن؟

**پۆلیسی یەکەم:** ئێمە دەستەوسانین بایاندو. ئیتر ئەقڵمان ئیش ناکات.

**پۆلیسی دووەم:** بووەتە ئاو و ئەرز هەڵیمژتووە.



**پۆلیسی یەکەم:** هیچ ئاسەوارێکی نییە.

**پۆلیسی دووەم:** زیاتر لە دە جار چووین شوێنی تاوانەکەمان بینی. شوێنپێی ئەسپەکەمان هەڵگرت و ڕۆیشتین. هەزار شوێنپێی جێهێشتووە. هەموویمان هەڵگرت. (تەماشای یەکدی دەکەن) شوێنبزر بووە.

**پۆلیسی یەکەم:** شوێنبزر نەبووە.

**پۆلیسی دووەم:** دوایین شوێنپێ ئێرەیە.

**بایاندو:** ئێرە؟ واتە ماڵەکەی من؟

**پۆلیسی دووەم:** هەر پۆلیسێک کە بە دوای دۆسییەکەوە بێت ئەوا یەکسەر بۆ ئەم ماڵە دێت.

**پۆلیسی یەکەم:** ئاوایی سەروو بینیویانە. بەڵام هەڵهاتووە.

**پۆلیسی دووەم:** لەسەر کانییەکەش بینراوە بەڵام ناسراوەتەوە و...

**پۆلیسی یەکەم:** بۆ هەر کوێ چووە ناسراوەتەوە.

**پۆلیسی دووەم:** بکوژەکە لە بیابان دەرنەچووە. بۆ هەر جێگایەک دەڕوات لەم بیابانەدا ڕاو دەنرێت ، ئاوارەی بیابان بووە. ئێستاش بەپێی نەریتی تورکمان شوێنپێی لێرەیە.

**بایاندو:** گەر وا دەزانن لێرەیە ئیتر بۆ دانیشتوون؟ هەستن بیدۆزنەوە.

**پۆلیسی یەکەم:** ئێمە زاتی ئەوە ناکەین بایاندو، بەڵام نازانین چارەمان چییە.

**پۆلیسی دووەم:** بایاندو مەبەستی خراپمان نییە. ئاخر ئێمە پۆلیسین و.....

**بایاندو:** بیرم چوو چاتان بۆ بێنم. (لە جێگاکەی هەڵدەستێ)

**پۆلیسی یەکەم:** زەحمەت مەکێشە. دەبێ بڕۆین.

**پۆلیسی دووەم:** بایاندو لێمان زویر مەبە. خۆت دەزانی کە دەبێ هەموو جێگایەک بۆ شوێنپێی بکوژ بپشکنرێت. خۆتان باشتر دەزانن، ئەگەر تا ئێستا نەهاتبێ، ئەوا دواجار هەر دێ.

**پۆلیسی یەکەم:** ئەگەرچی خاوەن قودرەت و دەسەڵاتن لە ناوچەکەدا، بەڵام دڵنیابە کە خوێنی دلی بای یەکەی تۆ بە هەدەر ناچێ.

**بایاندو:** خوێن کە ڕژا دەڕژێت. ئیدی ناکرێ هەڵگیرێتەوە. ئیتر هیچ شتێک بۆ من جێگای دلی بای ناگرێتەوە.

**پۆلیسی دووەم:** ئاهویش کەوتووەتە چیایان. بیستم چووەتە ناو گابەردەکان و حەپەساو ڕاوەستاوە.

**پۆلیسی یەکەم:** نازانرێت چی دەخوات، چی دەکات، تەنیایە، تەنیا نییە!؟

**پۆلیسی دووەم:** کەس ئەوی نەبینیوە.

**بایاندو:** بەڵێ. تەندروستی دایکیشی خراپە.

**پۆلیسی دووەم:** ئاوها هیچ ناکرێت. دەبێ هەنگاو بنرێت.

**بایاندو:** زۆر کەس ڕۆیشتوون، بەڵام نەیاندۆزیوەتەوە.

**پۆلیسی یەکەم:** بکوژەکە لەم ناوچەیەی خۆماندایە...

**بایاندو:** ئەگەر دەسگیری بکەن چی لێدەکەن؟

**پۆلیسی دووەم:** هەر شتێکتان بوێ لێی دەکەین. من دەڵێم بەهۆی ئەو ئاشنایەتییەمەوە کە لەگەڵ دلی بای دا هەمبووە، هەر کارێکت بوێ دەتوانیت لێی بکەیت.



**بایاندو:** من دەمەوێ بە ژمارەی ئەو زامانەی کە کردوویەتییە جەستەی کوڕەکەم، لێی بدەم. پاشان شاهیدی گیانکێشانی بم. (بە پاڕانەوە و لەرزان) شتی وا دەبێت؟

**پۆلیسی یەکەم:** بۆ نابێت؟ یاسا بە لایەک. شەوێک، نیوەشەوێک دەبێ کلکی بکرێت.

**پۆلیسی دووەم:** خوا بکا دەست خۆمان بکەوێت.

**بایاندو:** حەز دەکەم هێندە برین بکەمە جەستەی کە نەتوانرێ لاشەکەی هەڵگیرێت. ژیانی خۆم و کوڕەکەمی نابووت کرد. ژیانی تێکوپێکداین.

**پۆلیسی یەکەم:** بایاندو دەتەوێ پۆلیسێک لەبەر دەرگا دانێین؟

**بایاندو:** بۆچی؟

**پۆلیسی یەکەم:** ئیتر ئیشە. بکوژەکە لێرەوە ڕەت بووە. بە چ مەبەستێک؟ خودا دەیزانێت. ڕەنگە هەمدیس.....

**پۆلیسی دووەم:** ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان خۆی بگەیەنێتە ئێرە و بەسەر دەست و پێتاندا بکەوێت، خۆ داڵدەی نادەیت؟

**بایاندو:** (بێدەنگی)

**پۆلیسی یەکەم:** بکوژی کوڕەکەی خۆتە.

**پۆلیسی دووەم:** (بۆ پۆلیسی یەکەم) ئەم ئەگەرەش هەیە. بەڵام بایاندو ئەمە بۆ تۆ بە تاوان دەژمێردرێت. ئاخر ئەو بکوژی کوڕەکەی خۆتە.

**بایاندو:** هەر کەسێک بێت، داڵدەدان شتێکە و تۆڵەش شتێکی تر.

**پۆلیسی دووەم:** بایاندو مەسەلە تۆڵە نییە.

**پۆلیسی یەکەم:** (لە جێگاکەی هەڵدەستێ) دەبێ بەر لە خۆرئاوابوون بگەین.

**بایاندو:** نازانم. هەر شتێک ڕوودەدا با ڕووبدا. گرینگ نییە.

**پۆلیسی دووەم:** (هەڵدەستێ) خواحافیز. هەرچییەک بێ بریندار بوویت و دەبێ خۆت لەوە بپارێزیت کە خوێ بەر برینەکەت بکەوێت.

**بایاندو:** خواتان لەگەڵ. ئاگادار دەبم.

**پۆلیسی یەکەم:** مامە بایاندو لەماوەی ئەم دوو سێ ڕۆژەدا دەیدۆزینەوە. خودا تەسەللات بداتەوە.

**بایاندو:** خواتان لەگەڵ.

پۆلیسەکان دەچنە دەرەوە. بایاندو دەستەپاچە لە جێگای خۆیدا وەستاوە. لەهەمان کاتدا دەرگای گەنجینەکە دەکرێتەوە. قاراچوگا بە حاڵەتێکی بیمار و پەرێشان لەنێو دەرگاکەدا وەدیار دەکەوێت

بۆ هاتیتە دەرەوە؟ چیت دەوێ؟

**قاراچوگا:** دەتەوێ بمکوژیت؟

**بایاندو:** نا. بەڵام لێرە بڕۆ.

**قاراچوگا:** بۆ کوێ بڕۆم؟ بەم وەزعە خەراپەوە. بەم برینەوە.

**بایاندو:** بچۆ دەرەوە.

**قاراچوگا:** جێگە برینەکانم دەسووتێن. ئازارم هەیە.

**بایاندو:** خۆ گوێت لە هەموو قسەکان بوو.



**قاراچوگا:** بەڵێ، گوێم لێ بوو. ئێستا دەمەوێ ماوەیەک مۆڵەتم بدەیت لێرە بمێنمەوە.

**بایاندو:** یان ملت بشکێنە و بڕۆ، یاخود....

**قاراچوگا:** نا، بایاندو، مەمکوژە. (بەرەو لای دەڕوا) خوێنم مەڕێژە.

**بایاندو:** وڕێنە مەکە هەی نامەرد. (بە ئاماژەی دەست) لە کوێدایت هەر لەوێدابە. هەرچیت لێ دەپرسم وەڵام بدەوە.

**قاراچوگا:** جێگە برینەکانم ژان دەکەن. بۆنی کێم و جەراعەت کاسی کردووم.

**بایاندو:** نا، هیج بۆنێکت لێ نایەت. برینداریش نیت.

**قاراچوگا:** برینەکانم جەراعەتیان کردووە و بۆنیان لێدێ.

**بایاندو:** نا، هیچ بۆنێک نییە.

**قاراچوگا:** خەریکم لە هۆش خۆم دەچم. حەز دەکەم سواری ئەسپ بم و غار بدەم. سواری ئەسپەکەی دلی بای... هاوینی ئەو ساڵە پارەم نارد تا ئەسپەکەی لێ بکڕم، گوتبووی نایفرۆشم.

ساتێک لە بێدەنگیدا، بایاندو لە پەنجەرەکەوە تەماشای دەرەوە دەکات، قاراچوگا لەسەر ئەرزەکە دەکەوێتە سەر ئەژنۆ و دەست بە دڵییەوە دەگرێت.

**بایاندو:** تۆ دلی بای یەکەی منت کوشت؟ (لە حەژمەت تووڕەیی دەلەرزێت).

**قاراچوگا:** (گێژ) نازانم.

**بایاندو:** بە چەقۆ؟

**قاراچوگا:** بەڵێ. بەڵام من ئەوم نەکوشتووە.

**بایاندو:** ڕووبەڕوو؟

**قاراچوگا:** نازانم.

**بایاندو:** گریا؟

**قاراچوگا:** نا.

**بایاندو:** پاڕایەوە؟

**قاراچوگا:** نا. نا. بیرم نییە.

**بایاندو:** هاواری نەدەکرد؟

**قاراچوگا:** نەعرەتەی دەکێشا.

**بایاندو:** بانگی منی دەکرد؟

**قاراچوگا:** نازانم.

**بایاندو:** چەند چەقۆت لێدا؟

**قاراچوگا:** نازانم. من.... چەند چەقۆ...

**بایاندو:** دوای مردنیشی هەر لێت دەدا؟

**قاراچوگا:** ڕەنگە... نازانم... ڕەنگە.

**بایاندو:** بانگی کەسی نەدەکرد؟

**قاراچوگا:** (دەکەوێتە گریان) بایاندو بەسە.

**بایاندو:** دەیتوانی قسە بکات؟ (دەنگی دەلەرزێ)

**قاراچوگا:** دەیویست شتێک بڵێ، بەڵام نەیدەتوانی.

**بایاندو:** چەند درێژەی کێشا؟



**قاراچوگا:** زۆر زوو.

**بایاندو:** بۆچی... بۆچی دەرفەتت نەدایێ قسەکانی بکات.

**قاراچوگا:** دەمویست زوو تەواو بێ.

**بایاندو:** ترسابوو؟

**قاراچوگا:** نا، سەری سوڕمابوو.

**بایاندو:** بەرگری لە خۆی نەدەکرد؟

**قاراچوگا:** با.

**بایاندو:** نەیدەویست شتێک بڵێ؟

**قاراچوگا:** نەیدەتوانی. خۆت دەزانی زمانی دەیگرت.

**بایاندو:** تەنیا گوتی باوکە؟ ئیتر قسەی تری نەکرد.

**قاراچوگا:** گوتی مەمکوژە.

**بایاندو:** بانگی منی نەکرد؟

**قاراچوگا:** نا. نا. هەرگیز بانگی کەسی نەکرد.

**بایاندو:** بەڵام من گوێم لێی بوو کە گوتی باوکە.

**قاراچوگا:** نا. نا.

**بایاندو:** نەتدەتوانی هیچ نەبێ یەک شەو ددان بە خۆتدا بگریت؟

**قاراچوگا:** ئەقڵم لەدەست دابوو. هیچ نەدەچوو بە کەللەمدا. ئێستا پەشیمانم. دەبێ چی بکەم؟ تێناگەم.

**بایاندو:** چۆن، تۆ هەموو شتێک تێدەگەیت. ئێستا دەتەوێت چی بکەیت؟

**قاراچوگا:** (بە پاڕانەوەوە) بایاندو داڵدەم بدە.

**بایاندو:** بڕۆ، لەم دەڤەرە بڕۆ.

**قاراچوگا:** کوڕەکەی تۆ نەریتی باووباپیرانی ژێرپێ نا، لەگەڵ کچێکدا زەماوەندی کرد کە خۆشم دەویست و هەر لە منداڵییەوە بۆ من دانرابوو. بەڵام بایاندو، تۆ نەریت شکێنی مەکە.

**بایاندو:** لەبەرئەمە پەیامت ناردبوو کە ئەگەر ئەو زەماوەندە بکرێت ئەوا کارەسات دەنێیتەوە.

**قاراچوگا:** (بێدەنگ)

**بایاندو:** مەگەر تۆ هەمان کەس نیت؟

**قاراچوگا:** با.

**بایاندو:** باشە، چیت دەویست؟

**قاراچوگا:** نازانم.

**بایاندو:** نازانیت؟ کوڕەکەت کوشتووم و نازانیت لەبەر چی؟

**قاراچوگا:** من.... من دەمویست ئاهو بهێنم. دەمویست ئاهو بۆ خۆم بێت.

**بایاندو:** هەرگیز ناتوانیت ئاهو بۆ خۆت بێت.

**قاراچوگا:** نازانم. بەڵام عاشقی ئاهو بووم.

**بایاندو:**

ئەی ئێستا چی؟ هێشتا هەر ئەوت دەوێت؟

**قاراچوگا:** بەڵێ. بەڵام ئێستا ئیتر هەموو شتێک لە دەست چووە.

**بایاندو:** ئاهو لە چیاکانە. لەناو گابەردەکان، بەهەمان جلی سوورەوە. دەڵێم چاوەڕێ دەکا. بڕۆ.... (ئاماژە بۆ دەرگاکە دەکا) بڕۆ بە



دەستی بهێنە. مەگەر ئەوت ناوێ؟

**قاراچوگا:** دەمەوێ بەڵام دەبینن کە ناتوانم.

**بایاندو:** بڕۆ.... (هاوار دەکات) بڕۆ بۆ چیاکان. بڕۆ بە دەستی بێنە. ئەو باش دەزانێت کە لە بەردەم هەزار بەڵا و خەتەردایە. تۆیش خەتەرێکی تر. بڕۆ بە دوایدا (دەرگاکە دەکاتەوە) بڕۆ دەرەوە.

**قاراچوگا:** جێگەبرینەکانم دێشێن. بۆنی کێم و جەراعەتی گرتووە.

**بایاندو:** نا، هیچ بۆنێکی لێ نایەت.

**قاراچوگا:** بۆنی جەراعەت کاسی کردووم، ڕێی هەناسەدانمی گرتووە.

**بایاندو:**

بڕۆ، مەگەر کوڕەکەمت لەپێناو ئاهودا نەکوشت؟

**قاراچوگا:** من.... (تۆقیوانە تەماشای دەستەکانی خۆی دەکات) کێ باوەڕ دەکات؟

**بایاندو:** مەگەر ئاهوت بە شایانی ئەو کوشتنە نەدەزانی؟ شایانی نەبوو؟

**قاراچوگا:** بایاندو ناتوانم.

**بایاندو:** مەگەر خۆت نەتدەویست؟

**قاراچوگا:** من ئاهوم لە خۆم خۆشتر دەویست.

**بایاندو:** کەواتە بڕۆ.

**قاراچوگا:** من....

**بایاندو:** ئەگەر مردنی تۆ لەلام نرخی هەبوایە ئەوا نەریتی باووباپیرانم لەگەڵ لاشەکەتا دەنایە ژێر خاک.

**قاراچوگا:** (دەگری و دەلاڵێتەوە) نا.... نا....

**بایاندو:** (تووڕە) لە ماڵەکەم بڕۆرە دەرەوە. (هاوار دەکا) بڕۆ.

قاراچوگا لەرزە لەرز و تێکشکاو، لەکاتێکدا کە دەستی ناوەتە سەر زامەکانی و دەناڵێنێ، دەچێتە دەرەوە.

بایاندو دەرگاکە دادەخات. ساتی دواتر دادەنیشێ و گوێ بۆ دەنگی مەلە نائاشناکەی شەو ڕادەدێرێ. سەگەکان لە دوورەوە دەوەڕن.

بایاندو دەموچاوی بە دەسەسڕەکەی دەسڕێت، دەسەسڕەکەی دەنێتەوە گیرفان، بەرەو لای پەنجەرەکە دەڕوا و بێ جووڵە لە دەرەوە ورد دەبێتەوە.

ساتی دواتر تارەکەی لە ئەڵقەی دیوارەکە دەکاتەوە و لەبەر دەرگای ژوورەکەدا دادەنیشێ و تار دەژەنێ.





# پەردەی سێیەم

## دیمەن: بیابان

مانگ هەموو شوێنێکی ڕووناک کردووەتەوە. مەلێک دەناڵێنێ. با دەگڤێنێ و بەنێو پەلکی درەختەکاندا هەڵدەکات.

مایسا، ئای لەر و ئای تک بەرەو لایەک دەڕۆن.

**مایسا:** ئاگاداربن نەکەون. باش چاوتان بکەنەوە.

**ئای لەر:** زۆر تاریک نییە.

**ئای تک:** مەعلوم نییە تا ئێمە دەگەین مانگ دەمێنێ یان ئاوادەبێ.

**مایسا:** مانگی چواردە تا بەیانی دەمێنێ.

**ئای تک:** (لەگەڵ تەماشاکردنی مانگدا) ئەی قەرەج! هەمووی لەبن سەری تۆدایە.

**ئای لەر:** ئەمەیش لە بەختی ئێمەیە کە دەبێ تا درەنگ وەخت گوێمان لە ئاه و ناڵەناڵی سونا بێت.

**مایسا:** تۆ خەریکی مافوور چنینی خۆتبە. خەیاڵ نەکەن من بۆیە ئێوە دەهێنم تا ئیشێک بۆ من یان پوورە سونا بکەن، تەنیا بۆ ئەوە دەتانهێنم تا بە تەنیا نەبم. هەر ئەوەندە و تەواو. خەریکی مافوور چنینی خۆتان بن.

**ئای تک:** هەموو شەوێک خەیاڵ دەکەمەوە کە دڵی بای دەگەڕێتەوە و

ئەمجارەیان بۆ لای من دێت.

**مایسا:** خۆ تۆ ئاهو نیت.

**ئای تک:** (بە غەمەوە) دەزانم. دەزانم.

**ئای لەر:** ئەو هەموو ڕێگەیە، ئەو هەموو پێچە، هەموو ڕۆژ و هەموو شەوێک.

**مایسا:** سوپاسی خوا بکە کە مانگ هەموو شەوێک بیابان ڕووناک دەکاتەوە. سوپاسی خوا بکە کە پاشان دەتوانیت بنوویت.

**ئای لەر:** مەگەر هەمووان چی دەکەن؟

**ئای تک:** ئاهو لە چیاکاندا، لەناو گابەردەکاندا چاوەڕوانی دەکێشێت.

**مایسا:** قاراچوگای بەدبەخت و حەرامزادە، سەرگەردان و ئاوارە لە زنارەکاندا بەدوای ئاهودا دەگەڕێت.

**ئای تک:** دەڵێن بۆی نادۆزرێتەوە. تا هەتایە دەبێ بەدوای ئاهودا بگەڕێ.

**مایسا:** ئاگادار بن کچینە، ئاگادار بن.

**ئای لەر:** زۆر تاریک نییە.

**مایسا:** گەر تەندروستی پوورە سونا باشتر بێت، ئیتر ناچار نابن ئاوها سەخت ژیان بگوزەرێنن.

**ئای تک:** هەر کەسێک چۆن دڵی قایل دەبێت با بەو جۆرە بگوزەرێت.
(لەگەڵ تەماشاکردنی مانگ و بە حاڵەتێکی هەناسە تەنگی)
ئای قەرەج! هەر هەمووی لەبن سەری تۆدایە. تۆ یادەوەریی دایکان هەڵدەلووشیت.



**مایسا:** قاراچوگای تاوانبار بەو هەموو برین و جەراعەتەوە لە زنارەکاندا ئاوارە بووە، دەڵێن دوو سێ هەنگاو دەڕوات و بەدەمدا دەکەوێت.

**ئای تک:** ئاهو چاوەڕوانی کەسێکە کە لە بیابانی پڕ بەفردا، بە سوار ئەسپەوە بچێت بۆ لای.

**مایسا:** قاراچوگای نەگبەت بەر نەفرەتی ئاهو کەوتووە. تاهەتایە هەر دەبێ ئاوها بمێنێتەوە.

**ئای تک:** خۆزگە هەموو کچەکان دەبوونە ئاهو و دەیاندایە کێو. ئای لەر تۆیش هەر وا ناڵێیت؟

**ئای لەر:** من زۆر ماندووم. پەنجەکانم لە تاو ئازار دەزریکێنن.

**مایسا:** دەڵێن پەنجەکانی دەست و پێی لەتاو سەرما وەریون و چڵک و خوێن هەموو لەشی تەنیوە. دەی سزاکەی ئەمە بوو.

**ئای لەر:** حەزم دەکرد ئێستا لە پاشکۆی ئەسپەکەی دلی بای دا دانیشم و زوو بگەیشتمایەوە ماڵەوە.

**مایسا:** کچینە ئاگاداربن. ئێوە ماندوون. نەبا بکەونە چاڵێکەوە.

**ئای تک:** نازانم ئێستا ئاهو چی دەکات. بڵێی هێشتا هەر عاشق بێت؟

**مایسا:** هەر ڕۆژ و هەر ساتێک چاوە گەورە و جوانەکانی لە چاوەڕوانیی دلی بای دایە.

دەنگی زەندەقبەری مەلێکی نائاشنا دێتە گوێ. سەگێکیش لە دوورەوە دەوەڕێت. لە دوورەوە پەنجەرەیەک دەکرێتەوە و ڕووناکییەکی کەمڕەنگ سەرنجی کچەکان ڕادەکێشێت. ژنێک

له پەنجەرەکەوە سەر دێنێتە دەرەوە بەڵام نابینرێت. تارمایی ژنێکە.

دەڵێن لەنێو ئەو گابەردانەدا، پیاوانی تورکمان سەمای خەنجەریان ساز کردووە، تەنانەت دەنگیشیان دەبیسترێت.

**ئای تک:** ئاهو تا هەتایە هەر بووکە؟

**دەنگی ژن:** هاوسێیان! هاوسێیان!

**دەنگی پیاو:** یارمەتی منی داماو بدەن.

**ئای تک:** خۆزگە ناوی منیش....

**مایسا:** بەڵام دەڵێن کە دلی بای یان لە گوێ ڕووبارەکە بینیوە.

**دەنگی ژن:** هاوسێیان! ئەرێ ئێوە گوێتان لە لوورەی گورگ نەبووە؟

**دەنگی پیاو:** یارمەتی منی داماو بدەن.

**دەنگی ژن:** کەسێک دەگریا؟

**ئای تک:** دواییيەکەی چۆن دەبێ؟ ئاخۆ گەبەزەکانی کێوەکە بووکێ خەمگین ناکات؟

**مایسا:** مەعلووم نییە. بەڵام قاراچوگای دڵ بەرد بەهەمان شێوە هەر بە ئاوارەیی دەمێنێتەوە. دلی بای بە سوار ئەسپی سپییەوە، جلی سپی لەبەردا غار دەدا. بووکێ بووەتە ئاهو، لە چیاکاندا بەدوای دلی بای دا دەگەڕێت. قاراچوگاش، ئەو گورگە نەفرەتییە بەدوای ئاهو وەوەیە.

**ئای تک:** خوا بکا ئاهو هەمیشە هەر ئاهو بێت، بە لەنجەولار بەسەر گابەردەکاندا بڕوات، چاوەڕێ بکا و کەس نەتوانێت بیدۆزێتەوە.



**دەنگی ژن:** هاوسێیان! ئەرێ هیچ ڕوویداوە؟

کچەکان لە پێچی کۆڵانێکدا و لە تاریکیدا بزر دەبن. دەنگی تارەکەی بایاندو دێتە گوێ.

## پێڕست

ناساندنێک ........ 5
پێشەکییەک ........ 7
شانۆنامەی بەندۆڵی یادەوەرییەکانی ئێمە ........ 11
شانۆنامەی دلی بای و ئاهو ........ 63